# ئاورا

PDF4Kurd

# ئاورا

## کارلۆس فۆئێنتس

وەرگێڕانی
سلێمان دڵسۆز

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:
کارلوس فوئنتس، ترجمه عبدالله کوثری، نشر نی، چاپ چهارم، ۱۳۸۸، تهران.

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **ئاورا**
- **نووسینی: کارلۆس فۆئێنتس**
- **وەرگێڕانی:** سلێمان دڵسۆز
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران رواندزی
- **پیتچنین:** وەرگێڕ
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ۲۵۰۰ دینار
- **چاپی یەکەم** ۲۰۱۱
- **تیراژ:** ۱۰۰۰ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری لاوان (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(۷۰)ی ساڵی (۲۰۱۱) پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٣٩)**

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**
**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**www .Kurdchap.com**
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ١

ئاگادارییەکە لە ڕۆژنامەدا دەخوێنییەوە. هەلی وا هەموو ڕۆژێ هەڵناکەوێ. دەیخوێنییەوە و دیسان دەیخوێنییەوە. دەڵێی ڕووی لە کەس نییە لە تۆ نەبێ. تەنانەت ئاگات لەوە نییە کە سووتووی جغارەکەت دەوەرێتە نێو ئەو کووپ (فینجان)-ە چایەی کە لەم قاوەخانە هەرزانە پیسەدا بۆیان هێناوی. جارێکی تر دەیخوێنییەوە، "ئاگاداریی دامەزراندن: لاوێکی مێژووزان، شێلگیر، ڕێکوپێک. تەواو شارەزای زمانی فەڕەنسی بێ." هەر کەس ماوەیەک لە فەڕەنسا ژیابێ، باشترە... "مانگانە چوار هەزار پێسۆ، خواردن بە تەواوی، ژووری ئاسوودە بۆ کار و خەوتن." هەر ناوی تۆی کەمە. ئەو ئاگادارییە دەبوایە دوو وشەی دیکەشی تێدابا، دوو وشە بە پیتی ڕەشی گەورە: فلیپێ مۆنترۆ. پێویستمان پێیە، فلیپێ مۆنترۆ، زەمالەی هەبووە لە سۆربۆن، مێژووزانێکی سیخناخ لە زانیاریی پڕوپووچ، ڕاهاتوو بە کەندەوەکۆڕی لە نێو بەڵگەنامە پەڕزەردەکاندا، مامۆستای نیودانی قوتابخانە ئەهلییەکان، بە خۆی و مانگێ نۆسەد پێسۆوە. بەڵام ئەگەر ئاگادارییەکی ئەوتۆت بینیبا دڕدۆنگ دەبووی و واتدەزانی گاڵتەیان پێکردووی. "ناونیشان دۆسلێس ٨١٥. تەلەفۆنمان نییە، پێویستە خۆتان سەردانمان بکەن."

بەخششێک دادەنێیە سەر مێز، جانتاکەت هەڵدەگری، هەڵدەستی. بیرت سەرقاڵی ئەوەیە کە ڕەنگە مێژووزانێکی لاوی تر، ڕێک بەو تایبەتمەندییانەی تۆوە، ئاگادارییەکەی بینیبێ، پێشەوەبڕی لێ دابیتەوە و پیشەکەی دەست خستبێ. بەرەو چوارڕێیەکە مل دەنێی و هەوڵ دەدەی ئەو بیرە فەرامۆش

بکەی. هەر وا کە چاوەڕێی پاس دەکەی، بەو مێژووانەدا دەچییەوە کە دەبێ حازر و بازر بە سەری زمانتەوە بن هەتا قوتابییە خەواڵووەکان حورمەتت ڕابگرن. پاسەکە نزیک دەبێتەوە و تۆ لە نووکی پێڵاوە ڕەشەکانتەوە ڕاماوی. دەبێ ئامادە بی. دەست دەخەیە گیرفان، پەنجە لە وردەپارەکان دەگێڕی و دواجار سی سێنتاڤویەک دەردەهێنی. دەبێ ئامادە بی. پڕ بە دەستگرەکەدا دەکەی ـ پاسەکە شلی دەکاتەوە بەڵام ناوەستێ ـ و خۆت دەهاوێیە سەرێ، لە نێو ئەو کەسانەی لە پاسەکەدا بە پێوە وەستاون جێی خۆت دەکەیەوە، دەست بە دەستگرەی سەرەوەی خۆت دەگری، جانتاکەت لە ژێر قۆڵی چەپتدا زیاتر بە خۆتەوە دەگوشی و نائاگا دەستی چەپت دەخەیە سەر گیرفانی دواوەت کە پارە کاغەزینەکانتی تێدان.

ئەمڕۆش ڕێک وەکو هەموو ڕۆژێکی ترە و تۆ تا بەیانی کە لە هەمان قاوەخانە دادەنیشی و بەرچاییەک دەخۆی و ڕۆژنامە لێک دەکەیەوە، ئاگادارییەکەت بیر ناکەوێتەوە. دەچیەوە سۆراغی ئاگادارییەکان، دیسان ئاگادارییەکەی تێدایە: **لاوێکی مێژووزان.** کارەکە هێشتا نەگیراوەتەوە. جارێکی دیکە دەیخوێنیەوە و لەسەر وشەکانی کۆتایی هەڵوەستە دەکەی: چوار هەزار پێسۆ.

سەیرە یەکێک هەتا ئێستاش لە شەقامی دۆنسلێس بژی. پێت وابوو هیچ کەسماڵی لە ناوەندی کۆنی شار نەماوە. لەسەرەخۆ هەنگاو دەنێی و هەوڵ دەدەی لەناو کۆمەڵەی ناڕێکی خانووە کۆنە کۆلۆنییەکاندا کە هەموویان کراون بە وەرشە و دوکانی زێڕینگەری، پێڵاوفرۆشی و دەرمانخانە، ژمارە ٨١٥ بدۆزیەوە. ژمارەکان گۆڕاون، ڕەنگ کراون و شێواون. ژمارە ١٣ لە پەنا ٢٠٠، قتعەیەکی کۆن بە ژمارە ٤٧ لەسەر نووسراوێکی خواروخێچی بە خەڵووز داپۆشراو: ٩٢٤ی ئێستا. لە نهۆمی دووهەمی خانووەکان دەڕوانی. لەم سەرەوە هەموو شتێک وەک خۆی ماوە. قەوان و گرامافۆنی ئۆتۆماتیکی هەراسیان بەوێ هەڵنەگرتووە. شەوقی چرای جیوەیی شەقام دەوێ نەبڕاون. ئەو کاڵا هەرزانانەی لە ڕاستەی شەقامەکە دەفرۆشرێن چ تەئسیر لەو سەرەوە ناکا، تەئسیر لە هارمۆنیی بەردی داتاشراو، پیاوچاکی بەردینی

سەرو گوێ شکاو بە خۆیان و لەشکرێک کۆتر بە سەر شانیانەوە، هەورەبانی موشەببەک، لووساوکی "مس"ی، پلووسکی بەردینی ڕەشی لەسەر شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ، لەو پەردە سەوزباوانەی کە پەنجەرە درێژاودرێژەکان تۆختر نیشان دەدەن و لەو پەنجەرانەی کاتێک تەماشایان دەکەی، یەکێک لە پەنایانەوە خۆی دەکێشێتەوە دوایێ. چاو لە نەخش و نیگاری خەیاڵبزوێنی هەڵکۆڵراو لە سەردەرانەی دەرگا دەبڕی و ئینجا سەیری خوارەوە، هی دیوارە داڕزاوەکە دەکەی و ژمارە **٨١٥ی ٦٩ی جاران** دەدۆزیەوە.

تەقە تەقێکی ناڕوون لە دەرکوتی دەرگاکە هەڵدەستێنی. کەللەسەری مزینی* سەگێک دەگری، هێند سواو و لووسە دەڵێی سەری گجوولەیێکە لە مۆزەی زانستە سروشتییەکاندا. دەرگاکە، بە پاڵ پێوەنانی بە ئاستەمی ئەنگوستەکانت دەبێتەوە، بەڵام بەر لەوەی بچیە ژوور بە سەر شانتدا دوا نیگا بە ڕیزی ئۆتۆمبێلەکانی گیرخواردوو لەوێدا دەگێڕی، کە قرخە قرخیانە، هۆڕن لێدەدەن و دووکەڵی ژەهراویی بێئۆقرەیی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. هەوڵ دەدەی وێنەیەک لەم دنیا بێباکەی دەرەوە لای خۆت ڕاگری.

دەرگاکە لەسەر خۆت پێوەدەدەی و چاو لە تاریکیی ڕاڕەوێکی سەرداپۆشراو دەبڕی. ئێرە دەبێ حەوشە یان شتێکی وا بێ، چونکە بۆگنخی قوڕ و گیا و ڕیشەی ڕزیو و بەرامەیەکی خەواڵووی کەسکوونت بۆ دێ. ڕووناکییەک شتێک لە ئارادا نییە چاوساغت بێ. لە گیرفانتدا لە شقارتە دەگەڕێی کە دەنگێکی تیژ و باریک ڕوو لە تۆ دەڵێ: "نا، پێویست ناکا. تکا دەکەم. سێزدە هەنگاو وەرە پێش، بە دەستە ڕاستی خۆتەوە تووشی پێپلیکانێک دەبی. تکایە سەرکەوە. بیست و دوو پێپلیکان بژمێرە."

سێزدە هەنگاو، بە دەستە ڕاستدا، بیست و دوو. لەناو بۆگنخی ڕووەکان وەرپێچراو، هەنگاوەکانت دەژمێری. سەرەتا پێ دەنێیە سەر بەردڕێژ و ئینجا تەختەدارێک کە لە ژێر پێتدا دەجیرڕێنێ و بە هۆی "شێ"وە وەک ئیسفەنجی

---

* مزین: وەک مس/مز.

لێهاتووه. له بەر خۆتەوە بیست و دوو پلیکان دەژمێری و ئینجا ڕادەوەستی، قاوغی شقارتە بە دەستەوە و جانتا لە بن هەنگڵدا. لە دەرگایەک دەدەی کە بۆنی تەختەی کاژی کۆنەی لێوە دێ. دەرگاکە دەرکوتی پێوە نییە. سەرەنجام پاڵێک بە دەرگاکەوە دەنێی و دەیکەیەوە. ئێستا لە ژێر پێت هەست بە فەرشێک دەکەی، فەرشێکی تەنک کە خڕ بووەتەوە. تێی هەڵدەنگووی و زۆر نامێنێ بەربیەوە. ئەودەم ڕووناکییەکی بۆری کز دەبینی کە هەندێک گنج و لۆچی فەرشەکە دەردەخا.

هەرا دەکەی:

- خاتوو.

چونکە وات بە بیرە ئەوەی بیستت دەنگی ژن بوو. "خاتوو...".

- ئێستا تکایە بە لای چەپدا بسووڕێوە. دەرگای یەکەم.

دەرگاکە دەکەیەوە: چاوەڕێی ئەوە نی دەرگایەک داخرابێ، هەموو دەرگاکان بە پاڵدانێک دەکەونە سەر پشت.

کۆمەڵێک ڕووناکیی پرش‌وبڵاو لە مژۆڵەکانتدا تێکەوە داوێن، وەک لە پشت تۆڕێکی ئاوریشمەوە تەماشات کردبن. ئەوەی دەیبینی تەنیا کۆمەڵێک داوە تیشکی لەرزۆکە. دواجار دەبینی کە ئەو داوە تیشکانە هی مۆمگەلی نەزرین کە لەسەر تاقچەکان دانراون یان بە مەودای ناڕێک لە نێوان چوارچێوە گەچییەکانی دیوار هەڵواسراون. ئەو مۆمانە شەوقێکی بزڕکاو دەخەنە سەر شتی زێوین، سوراعیی بلوورین و ئاوێنەگەلی بە چوارچێوەی زێڕکفتکراو. پاشان لە نیوەی ڕووناکی سەرەوەی ژوورەکەدا، قەرەوێڵەیەک دەبینی و جووڵەی بە ئاستەمی دەستێک کە گوایە بە ئاماژە بانگت دەکا.

بەڵام تا پشت نەکەیە کاکێشانی ئەو ڕووناکییە پیرۆزانە، ناتوانی ڕوخساری ژنەکە ببینی. بە ساتمەبردنەوە دەچیە پای قەرەوێڵەکە، بۆ ئەوەی بچیە لای سەرەوەی قەرەوێڵەکە دەبێ بە دەوریدا بسووڕێیەوە. جەستەیەکی لاواز کە دەڵێی لە بەرینایی قەرەوێڵەکەدا ون بووە. کە دەستت ڕادەدێری دەستێکی تر نادۆزیەوە، دەستت بەر گوێ و قژی پڕی بوونەوەرێک دەکەوێ کە ئارام و یەکنەوا خەریکی جاوینە و بە تیشکی سووری چاوەکانی سەیرت

دەکا. بزەت دێتێ و دەست بەو کەروێشکەدا دەهێنی کە لە پەنا دەستی ژنەکە هەڵکورماوە. سەرەنجام تەوقەی لەگەڵدا دەکەی و ئەنگوستە ساردەکانی ماوەیەکی زۆر لەناو قامکە ئارەقە کردووەکانتدا دەمێنێتەوە.
- من فلیپێ مۆنترۆم. ئاگادارییەکەتانم خوێندەوە.
- بەڵێ، دەزانم. ببوورە، ئێرە کورسیی لێ نییە.
- عەیبی نییە. خۆت سەخڵەت مەکە.
- زۆر باشە. تکا دەکەم با لاچاوت ببینم. نا، ئاوا چاک ناتبینم. بۆ لای ڕووناکییەکە وەرسووڕێ. بەڵێ، ئاوا. زۆر باشە.
- من ئاگادارییەکەتانم خوێندەوە.
- بەڵێ، دەزانم. پێت وایە بۆ ئەو کارە گونجاو بیت؟ خوێندنت تەواو کردووە؟
- بەڵێ خاتوو، لە پاریس.
- ئۆی، بەڵێ، خۆشحاڵ دەبم کە ببیستم... هەمیشە، هەمیشە... بەڵێ... دەزانی... هێندە خوومان بەوە گرتبوو... و پاشان...
دەکشێیەوە، بە جۆرێک کە شەوقی مۆمەکان و ڕەنگدانەوەی ڕووناکییەکە لە زێو و بلووردا، لەچکێکی ئاوریشم بە دیار دەخا کە بێگومان پرچێکی وەک بەفر سپیی داپۆشیوە و دەوری ڕوخسارێکی گرتووە کە لە پیرییان منداڵانە دەنوێنێ.
تەواوی لەشی لە ژێر چەرچەف و سەرینی پەڕ و یەخەیەکی سپیی درێژدا کە توند شەتەک دراوە، داپۆشراوە؛ تەواوی لەشی، بێجگە لە باسکی کە لە سەرپۆشێک وەرپێچراوە و دەستە چرچەکانی کە لەسەر زگی داناون.
تەنیا تا ئەو کاتە چاو لە ڕوخساری دەبڕی کە کەروێشکەکە لە جێی خۆی دەجووڵێتەوە و تۆ دەتوانی بە دزیەوە سەیرێکی وردکە نانی پەرتی سەر ئاوریشمی سووری کاڵبووەوەی سەرینەکان بکەی.
- دەی، وا چاکە بێینە سەر بابەتە سەرەکییەکە. من تەمەنم چی وای بە بەرەوە نەماوە، جەنابی مۆنترۆ، بۆیە بڕیارم دا ئەسڵێک کە لە هەموو تەمەنمدا ڕەچاوم کردبوو ژێر پێ بنێم و ئاگاداری بدەمە ڕۆژنامە.

- بەڵێ، منیش لەبەر ئەوە هاتووم.
- هەڵبەت، کەواتە تۆ کارەکە قبووڵ دەکەی.
- ها...، پێم خۆشە کەمێک زیاتری لەبارەوە بزانم.
- بەڵێ، پێت سەیرە.

چاوی لێیە کە تەماشای مێزی پەنا قەرەوێڵەکە دەکەی، چەند بوتڵ هەر یەک لە ڕەنگێ، چەند پەرداخ، کەوچکی فافۆن، ڕیزێک شووشە حەب، پەرداخی دی - هەموویان ئاوەکییەکی سپییان پێدا چۆڕاوەتەوە - لەسەر عەرزی ژوورەکە، لە بەر دەستی ئەو. ئەودەم تێدەگەی کە قەرەوێڵەکە هەر بڕێک لە عەرز بەرزترە. لەناکاو کەروێشکەکە دەردەپەڕێ و لە تاریکیی ژوورەکەدا بزر دەبێ.

- من چوار هەزار پێسۆت دەدەمێ.
- بەڵێ، لە ئاگادارییەکەی ئەمڕۆشدا نووسرابوو.
- ئۆی، کەواتە چاپیان کردووە.
- بەڵێ، چاپیان کردووە.
- پەیوەندی بە بیرەوەرییەکانی مێردەکەمەوە هەیە، ژەنەڕاڵ یۆرنتێ. دەبێ پێش ئەوەی بمرم، ڕێکبخرێ. حەز دەکەم بڵاو بێتەوە. ماوەیەک پێش ئەو بڕیارەم دا.
- ئەدی ژەنەڕاڵ خۆی؟ خۆی ناتوانێ...
- ئەو شەست ساڵ لەمەوبەر مرد، بەڕێز؛ ئەمە بیرەوەرییە نیوەچڵەکانیەتی. دەبێ بەر لە مردنم تەواو بکرێ.
- بەڵام...
- من هەموو شتێکت پێدەڵێم. تۆ شێوازی نووسینی مێردەکەم فێر دەبی. هەر هێندە بەسە دەستنووسەکانی ڕێکبخەی و بیانخوێنیەوە بزانە چۆن شەیدای شێوازی نووسینەکەی دەبی، چەندە ڕوون.. چەندە...
- بەڵێ، تێدەگەم.
- ساگا، ساگا. لە کوێی. وەرە ئێرە، ساگا.
- کێ؟

ـ هاودەمەکەم.
ـ کەرویشکەکە؟
ـ بەڵێ. دەگەڕێتەوە.

ئەودەم کە چاوی لە خوارەوە بڕیوت هەڵدێنی، لێوەکانی وێکناون بەڵام تۆ دەتوانی جارێکی تر وشەکانی ببیستی ـ دەگەڕێتەوە ـ وەک بڵێی پیرێژن هەر ئەو لەحزەیە ئەم وتەیەی بە دەمدا هاتبێ. لێوەکانی هەروا جووڵەیان لێ بڕاوە. ئاوڕ دەدەیەوە و بریسکەی کەلوپەلی ئاپینی تاڕادەیەک چاوت بە شەوارە دەخەن. کە بۆ جارێکی دی تەماشای دەکەی دەبینی چاوەکانی زۆر هەراو، ڕوون، ئاوتێزاو و فەڕاحن، تاڕادەیەک هاوڕەنگی سپێنیی زەردهەڵگەڕاوی دەوریان، بە چەشنێک کە تەنیا خاڵی ڕەشی گلارەکان ئەم ڕوونییە دەشێوێنن. پاش کەمێک لە ژێر توێخی قورسی پێڵووە داکەوتووەکاندا ون دەبن. وەک بڵێی پیرێژن ویستبێتی نیگایەک ڕاگرێ کە ئێستا لە قووڵایی ئەو قووڵکە وشکانەدا حەشار دراوە.

ـ کەواتە تۆ لێرە دەمێنیەوە. ژوورەکەت لە نهۆمی سەرەوەیە. ئەوێ هەتاوی لێدەدا.

ـ ڕەنگە وا باشتر بێ ئێوە ئەزیەت نەدەم، خاتوو. دەتوانم هەر لە شوێنەکەی خۆم بم و دەستنووسەکان بخوێنمەوە.

ـ بەو مەرجەی لێرە بژیت. کاتێکی زۆرمان بە دەستەوە نەماوە.
ـ ئەگەر بکرابا..
ـ ئاورا...

پیرێژن بۆ یەکەم جار لەو کاتەوە پێت ناوەتە ئەو ژوورە، خۆی دەجووڵێنێ. کە جارێکی تر دەستی ڕادەدێرێ، هەناسەبڕکەیەکی سەراسیمە لە تەنیشت خۆتەوە هەست پێدەکەی و دەستێکی دی درێژ دەبێ هەتا پەنجەکانی ئەو بگرێ. لە دەوروبەری خۆت دەڕوانی، کچێک لەوێ ڕاوەستاوە، کچێک کە هەموو بەژنی نابینی، چونکە زۆرت لێوە نزیکە و هاتنی لەناکاو بووە، بێ بچووکترین دەنگ ـ تەنانەت ئەو دەنگانەی کە

نابیستریێن بەڵام بەهەرحاڵ دەنگی ڕاستەقینەن، ئاخر دوای کەمێک وەبیر دێنەوە، چونکە، بێ لە هەموو شت، زوڵاڵتر لەو بێدەنگییەن کە لە تەکیاندایە.
ـ خۆ پێم گوتی دەگەڕێتەوە.
ـ کێ؟
ـ ئاورا. هاودەمەکەم. برازاکەم.
ـ ئێوارە باش.
کچەکە سەرێک دەلەقێنێ و هاوکات خاتوونە پیرەکە لاسایی جووڵەی ئەو دەکاتەوە.
ـ جەنابیان بەڕێز مۆنترۆیە. لەمڕۆوە لەلای ئێمە دەمێنێتەوە.
کەمێک جێی خۆت دەگۆڕی هەتا شەوقی مۆمەکان چاوت ئازار نەدا. کچەکە هەروا چاوی لێکناون و دەستەکانی بە خۆیدا بەرداونەوە. سەرەتا تەماشای تۆ ناکا، ئینجا نەرم نەرم چاوی هەڵدەهێنێ، وەک لە ڕووناکی بترسێ وایە. سەرەنجام دەتوانی ببینی کە ئەم چاوانە چەشنی دەریا سەوزن، شەپۆل دەدەن، کەف و کوڵیانە، جارێکی دی ئارام دەبنەوە و ئینجا دیسان وەک شەپۆل شڵپ و هۆڕیان دێ. چاویان تێدەبڕی و لەبەر خۆتەوە دەڵێی ئەو وێنایە ڕاست نییە، چونکە ئەمانە چاوانێکی سەوزی جوانن، وەکو هەموو ئەو چاوە سەوزە جوانانەی تا ئێستا دیوتن. بەڵام ناتوانی خۆت فریو بدەی، ئەو چاوانە شەپۆل دەدەن، دەگۆڕێن، دەڵێی دیمەنێکت لەبەردەم ڕادەخەن کە تەنیا تۆ دەتوانی تێی‌بڕوانی و بە ئاواتییەوە بی.
ـ بەڵێ، من لێرە دەمێنمەوە.

## ٢

پیرێژن بە دەنگێکی زۆر ناخۆش، پێدەکەنێ و پێت دەڵێ کە چەندە منەتباری چاکەی تۆیە و، دەڵێ ئەو کچە ژوورەکەت پێ نیشان دەدا. بیر لە چوار هەزار پێسۆ هەڵدەست دەکەیەوە و لەوە کە کارەکەت چەند خۆش دەبێ، هەر بۆخۆت حەزت لەو جۆرە کارانەیە، کارێکی وا کە هەڵپە و ڕاکە ڕاک یان دیتنی کەسانێکی ناوێ کە تاقەتی دیتنیانت نییە. بە دەم ئەو بیرانەوە بە دوای کچەدا لە ژوورەکە دەردەچی و تێدەگەی کە دەبێ بە گوێ دوای بکەوی نەک بە چاو: بە دوای خشە خشی داوێنیدا دەڕۆی، خشە خشی داوێنی پڕ گنج و، ئێستا حەجمینت لێ هەڵگیراوە بۆ ئەوەی جارێکی دی لە چاوانی ڕابمێنی. بە دوای ئەو دەنگەدا بە پلیکانەکاندا سەردەکەوی و هێشتا لەگەڵ ئەو تاریکییەکە ڕانەهاتووی. وە بیرت دێتەوە کە سەعات دەوری شەشی دوانیوەڕۆیە و، سەرت لەو لافاوی ڕووناکییە سوڕ دەمێنێ، ئەودەم کە ئاورا دەرگەی ژوورەکەت بۆ دەکاتەوە ـ دەرگەیەکی تری بێ کلۆم ـ و ڕێگات بۆ چۆڵ دەکا و دەڵێ: "ئەمە ژوورەکەتە. پاش سەعاتێکی دی بۆ نانی شێو چاوەڕێتم."

هەر بە خشە خشی نەرمی داوێنە پڕ گنجەکەیەوە تێدەپەڕێ و ناتوانی جارێکی تر ڕوخساری ببینی.

دەرگاکە پێوەدەدەی و سەیری تۆڕە شووشەیی سەرەوەی خۆت دەکەی کە لە جیاتی سەقفە. لەوە کە ڕووناکیی ئێوارە لە چاو تاریکستانی بەشەکانی تریماڵەکە وەختە چاو کوێر بکا. بزەت دێتێ و، دیسان کاتێ دۆشەگی

قەرەویڵە کانزاییە ئاوەزێڕ کراوەکە تاقی دەکەیەوە، بزەت دێتێ. ئینجا چاوێک بە دەوراندەوری ژوورەکەدا دەگێڕی: قاڵیی پەشمینەی سوور،_کاغەزدیواریی زەیتوونی و زێڕین، کورسیی ڕاحەتی بە ڕووکێشی مەخمەری سوورەوە، کۆنە مێزێکی گەورەی لە دارگوێز دروستکراو بە ڕووکێشی چەرمی سەوزەوە، لامپای سەر مێزەکە بە نەرمە ڕووناکییەکەوە بۆ خوێندنەوەی شەوانەت و ڕەفێک کتێب لە پەنا مێزەکە و لەبەر دەستت. دەچیە لای دەرگاکەی تر و کاتێ بە پاڵنانێک دەیکەیەوە، بەسەر حەمامێکدا دەکەوی هەر بە شێوازی کۆن: بانیۆیەکی چوار پێچکە کە گوڵی ورد لەسەر ڕووکێشە فەخفوورەکەی نەخش کراوە، ئاودەست بە ئینجانەی شینەوە، ئاوەڕۆیەک بە شێوەی کۆن. لە ڕاڕەوی تەنیشت حەمامەکەدا لەناو ئاوێنەیەکی گەورە و هێلکەیی کەوەنتەردا ـ کە ئەویش لە دارگوێز دروست کراوە ـ تەماشای خۆت دەکەی. برۆ پڕ و لێوە پان و گۆشتنەکانت دەجووڵێنی، هەڵمی هەناسەت ئاوێنەکە لێڵ دەکا. چاوە ڕەشەکانت لێک دەنێی و کە هەڵیاندێنی، ئاوێنەکە ڕوون بووەتەوە. هەناسەت دەردەدەی و دەست بە قژە ڕەش و نەرمەکەتدا دەهێنی، دەست دەنێیە سەر لاچاوی ڕێک و گۆنا کزەکەت و کاتێ هەناسەت جارێکی تر سیمات دادەپۆشێ، ناوی ئەو دووپات دەکەیەوە:

ـ ئاورا.

بە ڕاکشاوی لەسەر قەرەویڵەکە، دوو جغاران دەکێشی، ئینجا ڕاست دەبیەوە، چاکەتەکەت لەبەر دەکەی و قژت دادەهێنی. دەرگا دەکەیەوە و هەوڵ دەدەی ئەو ڕێگایەی بە دوای ئەودا بڕیوتە وەبیر خۆت بهێنیەوە. دەتەوێ دەرگاکە ئاوەڵا بێ بۆئەوەی ڕووناکیی لامپاکە بەر پێت ڕووناک بکاتەوە، بەڵام ئەوە کاری نەکردەیە؛ چونکە دەرگاکە بە زەختی فەنەرەکەی پشتی پێوەدەدرێتەوە. دەتتوانی بەو دەرگایە یاری بکەی، جارێک بۆ پێشەوە و جارێک بۆ دواوە، بیهێنی و بیبەی. وا ناکەی. ئەو ماڵە هەروا تاریک دەمێنێتەوە و تۆ دەبێ بە دەستەکوتە کون و قوژبنەکانی بدۆزیەوە و بدۆزیەوە. بە کوێرە کوێرە و دەستی بە تەواوی لێک ئاوەڵاوە ڕێگای خۆت بە بن دیوارەکەدا دەبینیەوە و، بە هەڵکەوت پلاکی کارەبا پێدەکەی.

ڕادەوەستی و لە نێوەندی ڕووناکی ئەو دالانە درێژە چۆڵەدا چاو لێک دەنێی. لە کۆتاییەکەیدا، پەرژین و پلیکانی سووڕاوە دەبینی.

کە دادەگەڕێی پلیکانەکان دەژمێری: کارێک کە ئیدی لە ماڵی خاتوو یۆرنتیدا دەبێ خووی پێبگری. چاوی سوورهەڵگەڕاوی کەرویشکەکە دەبینی کە پشتت تێدەکا و بە هەڵبەز و دابەز دوور دەکەوێتەوە، پلیکانێک دەکشێیەوە دواوە.

بەوە ڕاناگەی لە ڕاڕەوەکەی خوارەوە هەڵوەستە بکەی، ئاخر ئاورا مۆمدان بە دەستەوە لە تەنیشت دەرگەی کراوەی جامی ڕەنگاوڕەنگ تێگیراو ڕاوەستاوە. بە زەردەخەنەوە بەرەوپیری دەچی بەڵام کە گوێت لە زریکەی پڕئازاری چەند پشیلەیەک دەبێ، ڕادەوەستی ـ بەڵێ، لە پەنا ئاورا ڕادەوەستی و گوێ هەڵدەخەی هەتا دڵنیا بی دەنگەکە، دەنگی پشیلەیە ـ و ئینجا بە دوای ئەودا وە ژوور دیوی میوانان دەکەوی.

ئاورا دەڵێ: "دەنگی پشیلانە. ئەم بەشەی شار پڕە لە مشک."

لە دیوی میوانان ڕەت دەبی، چەند قەنەفەیەک بە ڕووکێشی ئاوریشمی کاڵبووەوە، چەند جامخانەیەکی پڕ لە پەیکەری چکۆلەی فەخفوور، چەند کاتژمێری مۆسیقادار، میدالیاکان، چەند گۆی بلوورین، چەند مافوورێک بە نەخشی ئێرانییەوە، چەند تابلۆ بە دیمەنی گوندەوە، چەند پەردەی مەخمەری سەوز. ئاورا کراسێکی کەسکی لەبەرە.

ـ لە ژوورەکەت ئاسوودەی؟

ـ بەڵێ. بەڵام من دەبێ کەلوپەلەکانم لەو شوێنەی کە...

ـ پێویست ناکا. پێشخزمەتەکە چووە بیانهێنێ.

ـ نەدەبوو ئێوە بخەمە ئەزیەتەوە.

بە دوایدا دەڕۆیە ژووری نانخواردن. ئاورا مۆمدانەکە لە سەر نێوەڕاستی مێزەکە دادەنێ. ژوورەکە شێدار و سارد دیارە. لە چوار دیواری داپۆشراو بە چێوێکی ڕەنگ تۆخ پێکهاتووە کە بە شێوازی گۆتیک نەخش و نیگاری لەسەر هەڵکۆڵراوە. بە قەوسی هەڵقەنراو و گوڵ و لاسکی گەورەوە. کاتێ دادەنیشی، دەبینی کە مێزەکەیان بۆ چوار کەس ڕازاندووەتەوە. دوو

بەلەمی گەورەی سەرداپۆشراو و بتڵێکی کۆنی تۆز لێنیشتوو لەسەر مێزەکەن.

ئاورا سەری یەکێک لە بەلەمەکان لادەبا. بۆنی تیژی ئەو جگەر و پیازەی کە ئەو بۆت دەکێشێ هەڵدەمژی و ئینجا بتڵە کۆنەکە هەڵدەگری و دوو جامی بلووری لیک و لووس، لەو ئاوەکییە خەستە سوورە پڕ دەکەی. لە ڕووی کونجکۆڵییەوە هەوڵ دەدەی لەزگەی سەر بتڵە شەرابەکە بخوێنیەوە، بەڵام تۆز و خۆڵ داپۆشیوە. ئاورا لە بەلەمەکەی دیکەوە چەند تەماتەی برژاو لەسەر دەورییەکەت دادەنێ. سەیری دوو جێگا زیادەکە، دوو کورسییە بەتاڵەکە، دەکەی و دەڵێی: "ببوورە، چاوەڕوانی کەسی دیکەی؟"

ئاورا هەروا سەرقاڵی دانانی تەماتەیە لەناو دەورییەکەدا. "نا، خاتوو کۆنسوئێلۆ ئەمشەو کەمێک نەساغە. نانمان لەگەڵ ناخوا."

- خاتوو کۆنسوئێلۆ؟ پوورت؟

- بەڵێ. ئەو پێی خۆشە شەوێ دوای نانخواردن چاوی پێت بکەوێ.

بە بێدەنگی نان دەخۆی. شەرابی خەست دەخۆیەوە و جاروبار چاوێک بە ئەملا و ئەولادا دەگێڕی هەتا ئاورا نیگا ئەفسوونکراوەکانت نەبینێ. پێت خۆشە هێڵەکانی ڕوخساری ئەم کچە لەناو زەینتدا تۆمار بکەی. هەموو جارێ کە چاوی لێ هەڵدەگری، لەبیرت دەچێتەوە و هێزێکی لە ڕادەبەدەر وات لێدەکا کە جارێکی دیکەش تێی بڕوانی. ئەو، وەک هەمیشە، چاوی بەرداوەتەوە. کاتێک لە گیرفانی چاکەتەکەتدا بە دوای جغارەدا دەگەڕێی، دەستت بەر کلیلێکی زل دەکەوێ، وەبیرت دێتەوە و بە ئاورا دەڵێی: "ئۆف، لەبیرم نەبوو کە یەکێک لە چەکمەجەکانی مێزەکەم داخراوە. کاغەزەکانم لە وێدان."

ئەویش ورتەی دێ: "کەواتە دەتهەوێ بڕۆی؟" ئەمە بە گلەیی کردنێکەوە دەڵێ.

دەشڵەژێی و دەستت بە کلیلی شۆڕبووەوە لە قامکێکتەوە ڕادەدێری.

- ئاسانە. پێشخزمەتەکە دەتوانێ سبەی بچێ بیانهێنێ.

بەڵام ئەو ئاگای لەوەیە دەستت بەر دەستی نەکەوێ و هەروا دەستی لە نێو داوێنیدایە. دواجار سەری هەڵدەبڕێ و تۆ ئەمجارەش گومان لە هۆش و گۆشی خۆت دەکەی، گێژ و وڕیی خۆت، گێژ و وڕییەک کە هی کاریگەریی ئەو چاوە سەوزە کاڵ و بریسکەدارەیە دەخەیە پاڵ شەراب و، کە ئاورا هەڵدەستێ، هەڵدەستی و دەستت دەخەیە سەر پشتیی چێوینی کورسییە گۆتیکەکە، زاتی ئەوەت نییە دەست بخەیە سەر شانی ڕووت یان سەری بێ-جووڵەی.

هەوڵ دەدەی بەسەر خۆتدا زاڵ بی و چاوی لێهەڵگری؛ بە گوێ ڕاگرتن لە جووڵەی بەئاستەمی دەرکەی پشت سەرت ـ کە ڕەنگە بە سەر چێشتخانەدا بکرێتەوە ـ یان بە لێککردنەوەی دوو توخمی پێکهێنەی کەش-وهەوای ژوورەکە: بازنەیەکی چڕی ڕووناکی لە دەوری مۆمدان کە مێزەکە و دیوارێکی نەخش و نیگار لەسەر هەڵکۆڵراو ڕووناک دەکا و، بازنەیەکی گەورەی تاریک بە دەوری ئەودا. دواجار غیرەت وەبەر خۆت دەنێی کە هەستی و بچیە لای، دەستی بگری و ئەڵقەی کلیلەکە وەک یادگارێک بخەیە پەنجەی نەرمی.

پەنجەی خۆی ڕێکدەگوشێ، تەماشات دەکا و ورتەی لێوە دێ: "سوپاست دەکەم." ئینجا هەڵدەستێ و بە پەلە ژوورەکە جێدەهێڵێ.

لەسەر کورسییەکەی ئاورا دادەنیشی، لاق ڕادەکێشی، جغارەیەک دادەگیرسێنی و هەست بە تاموچێژێک دەکەی کە پێشتر نەتچێژتووە، تاموچێژێک کە دەتزانی بەشکێە لە تۆ بەڵام ئێستا بە تەواوی هەستی پێدەکەی، بەریدەدەی، دەریدەخەی، ئاخر ئەمجارە دەزانی وەڵامی دەدرێتەوە... ونی ناکەی... و ئاورا گوتی کە خاتوو کۆنسوئێلۆ چاوەڕێی تۆیە. دوای نانخواردن چاوەڕێتە...

ژووری نانخواردن بەجێدێڵی و مۆمدان بە دەستەوە بە ژووری میوان و ڕاڕەوەکەدا تێپەڕ دەبی. یەکەم دەرگا کە بەسەریدا دەکەوی دەرگای ژوورەکەی ئەوە. بە پشتی پەنجە لێی دەدەی بەڵام کەس وەڵام ناداتەوە.

دیسان لێدەدەیەوە. ئینجا بە پاڵێک دەرگاکە دەکەیەوە، ئاخر ئەو چاوەڕوانی تۆیە. لەسەر پەنجەی پێ دەچیە ژوور و دەچرپێنی: "خاتوو... خاتوو..."

گوێی لە دەنگت نابێ، ئاخر بەرامبەر بە دیواری داپۆشراو بە کەلوپەلی ئایینی چۆکی داداوە، سەری وە مشتەکانی خۆی کردووە. لە دوورەوە دەیبینی: لەوێ بە جلەخەوی جاوی زوورەوە چۆکی داداوە، سەری بە نێو شانە باریکەکانیدا ڕۆچووە، کزە، مسقاڵێک گۆشتی پێوە نییە، وەک پەیکەرێکی چاخەکانی ناوەڕاست. قاچەکانی وەک دوو چێوی ڕەقوتەق، داگیرساو بە سوورەبا. بیر لە لێخشانی بەردەوامی ئەو جاوە زبرە لە پێستی ئەو دەکەیەوە کە لەناکاو مستەکانی هەڵدەبڕێ و بە بێهێزییەوە لە هەوادا ڕایاندەوەشێنێ، دەڵێی لەگەڵ وێنەیەک لە شەڕدایە کە تۆ کاتێ بە سەری پەنجە لێی نزیک دەبیەوە دەیانناسیەوە: مەسیح، پاکیزە، پیاوچاک سباسیتەن، ژنچاک لوسیا، میکایلی مەلیک موقەڕەب[1] و؛ شەیاتینی تێزەبزە لەسەر لێو بەسەر پەردەیەکی نگارینی کۆن، تەنیا ڕوخساری شادمان لە نێو ئەو نیگارانەی خەفەت و تووڕەییدا، شادمان لەوە کە چڕنووکیان دە گوێی دۆزەخییان ڕاکردووە، مەنجەڵە ئاوی کوڵیویان وێ دەگێڕن، ژنان هەتک دەکەن، خۆ سەرخۆش دەکەن و لە هەموو ئەو ئازادییانە بەهرەمەندن کە لە پیاوچاکان حەرامە کراوە. لە وێنەکەی نێوەڕاست نزیک دەکەویەوە کە دەورە دراوە بە فرمێسکی **خاتوونە غەمگینەکەمان**، خوێنی **خواوەندە لە خاچ-دراوەکەمان**، شادمانیی **شەیتان**، تووڕەیی مەلیک موقەڕەب، هەناوێکی ڕاگیراو لە ناو شووشە ئەڵکۆڵدا، دڵی زیوین. خاتوو کۆنسۆئێلۆ، چۆکی داداوە و هەڕەشەیان لێدەکا و بە پچڕ پچڕی هەندێ وشەی بە سەر زاردا دێن کە وەکی نزیک دەبیەوە دەبیستی: "فریادڕەس، ئەی شاری خواوەند، ئەی سرووش، دە نەفخی سوور بتووڕێنە! ئاخ، کەنگێ دنیا خرا دەبێ؟"

---

١- مەلیک: پادشا، خوا، موقەڕەب: نزیک خراوە لە شکۆ و مەزنایەتی. واتە کەسێک کە لە خوا نزیکە.

هێندە لە سینگی خۆی ڕادەکێشێ کە کۆکە سواری سەری دەبێ و لەبەردەم نیگار و مۆمەکان بەردەبێتەوە. ئانیشکی دەگری و هەڵیدەستێنیەوە و، کە هێدی هێدی دەیگەیەنیەوە قەرەوێڵەکەی سەرت لە جەستەی بچووکی سوڕدەمێنێ، دەڵێی کچۆڵەیەکی منداڵکارە، کووڕ بووەتەوە و تاڕادەیەک لە ناوقەدڕا نوشتاوەتەوە. دەزانی کە بە بێ یارمەتیی تۆ دەبوایە بە گاگۆڵکە خۆی بگەیەنێتەوە قەرەوێڵە. یارمەتیی دەدەی تا لەسەر ئەو قەرەوێڵە بەرینە پڕ لە وردکە نان و کۆنە سەرینە ڕابکشێ، دایدەپۆشی و، چاوەڕێ دەکەی پشووی بێتەوە بەر و لەو کاتەدا نائاگا فرمێسک بە ڕوومەتە ڕەقوتەقەکەیدا دێتە خوارێ.

- ببوورە... ببوورە، بەڕێز مۆنترۆ. پیرێژن هیچیان بۆ نامێنێتەوە... خواپەرستی نەبێ.. تکایە دەسرۆکەکەم بدەیێ.

- خاتوو، ئاورا گوتی...

- بەڵێ، هەڵبەت. من حەز ناکەم کات بە فیڕۆ دەم. تا دەکرێ با زوو دەست پێبکەین. سوپاسگوزارم.

- تۆ دەبێ پشوو بدەی.

- سوپاسگوزارم... هانێ...

پیرێژن دەست بۆ بەرۆکی دەبا، دوگمەکەی دەکاتەوە و سەری دادەخا بۆ ئەوەی شریتێکی ئەرخەوانی ڕەنگی کاڵ بووەوە دەربهێنێ و بیدا بە تۆ. شریتەکە قورسە ئاخر کلیلێکی مزی تێخراوە.

- لەو سووچە... چەمەدانەکە بکەوە، کاغەزەکانی لای ڕاست کە لەسەر کاغەزەکانی دیکە بهێنە ئێرە... شریتی زەردی تێبەسراوە.

- من باش نابینم.

- ئۆهـ بەڵێ... مەسەلە ئەوەیە من بە تاریکی ڕاهاتووم. لە لای ڕاستمەوە... هەروا بڕۆ تا دەگەیە باوڵەکە. دیواریان بە دەوردا کێشاوین، بەڕێز مۆنترۆ. خانوویان لە چواردەور هەڵچنیوین و بەری ڕووناکییان لێ گرتووین. زۆریان هەوڵ دا پێیان‌بفرۆشم، بەڵام تا ماوم نایفرۆشم. ئەو خانووە بۆ ئێمە پڕە لە یادەوەری. مەگەر بە مردوویی لێرەم ببەنە دەرێ. بەڵێ، هەروایە، سوپاس-

گوزارم. دەتوانی دەست بە خوێندنەوەی ئەو بەشە بکەی. دوایێ بەشەکانی دیکەت دەدەمێ. شەوباش بەڕێز مۆنترۆ. سوپاسگوزارم. ئۆهـ سەیر کە، مۆمەکە کوژاوەتەوە. تکایە لە دەرەوەی ژوورەکە هەڵیکەوە. نا، نا، با کلیلەکە لای خۆت بێ. من متمانەم بە تۆ هەیە.

- خاتوو، ئەو سووچە کونە مشکێکی لێیە.
- مشک؟ من قەت ناچمە ئەو سووچە.
- وا چاکە پشیلەکان بهێنیە ئێرە.
- پشیلە؟ پشیلەی چی؟ شەوباش. دەمەوێ بنووم. زۆر ماندووم.
- شەوباش.

## ٣

هەر ئەو شەوە کاغەزە زەردەکان کە بە مەرەکەبی خەردەلی نووسراون دەخوێنیەوە. هەندێکیان لە بەعزە شوێنێکەوە کونی جێ جغارەیان پێوە دیارە کە نیشانەی کەمتەرخەمین، هەندێکی تر گوومێشیان لەسەرە. زمانە فەڕەنسییەکەی ژەنەڕاڵ یۆرنتێ شیاوی ستایشەکانی هاوسەرەکەی نییە. لەبەر خۆتەوە دەڵێی دەتوانی تا ڕادەیەکی زۆر شێوازی نووسینەکەی بۆ چاک بکەی و گێڕانەوە ئاڵۆزەکانی لەبارەی ڕووداوەکانی ڕابردوو ڕێک-بخەی. سەردەمی منداڵیی ئەو لە کێڵگەیەکی ئۆواخاکا[٢]، خوێندنی سەربازییەکەی لە فەڕەنسا، هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ دوک دو مۆرنی و نزیکانی ناپلیۆنی سێهەم، گەڕانەوەی بۆ مەکزیک وەک یەکێک لە

---

٢- Oaxaca، ئەیالەتێک لە باشووری مەکزیک.

فەرماندەکانی ماکسیمیلیان[٣]، جێژن و میواندارییە پادشاییەکان، شەڕەکان، شکستی ساڵی ١٨٦٧، دوورخرانەوە بۆ فەڕەنسا. شتێکی وای تێدا نییە لەوەپێش نەگوترابێ. جلەکانت دادەکەنی. بیر لە بۆچوونە هەڵەکانی پیرێژن و لەو بایەخە دەکەیەوە کە بەم یاددشتانەی دەدا. بە دەم بزەیەکەوە دەچیە جێگاوە و بیر لە چوارهەزار پێسۆیەکە دەکەیەوە.

خەوت خۆشە تا ئەوەی لافاوی ڕووناکی لە کاتژمێر شەشی بەیانیدا وەخەبەرت دێنێ. ئەو میچە شووشەبەندە پەردەی نییە. سەر دەبەیە ژێر باڵنجەکە و هەوڵ دەدەی خەوت لێ بکەوێتەوە. پاش دە دەققە پەشیمان دەبیەوە، هەڵدەستی و دەچیە حەمام و لەوێ کەلوپەلەکانی خۆت دەبینی کە بە ڕێکوپێکی لە سەر مێزەکە چنراون و ئەوەندوکە جلوبەرگەت لە دۆڵابەکەدا هەڵواسراون. تازە لە تاشینی ڕیشت بوویەتەوە کە زریکەیەکی پڕ ئازار و بێهیوایانە بێدەنگیی بەربەیان دەشکێنێ. دەتهەوێ بزانی ئەو دەنگە لە کوێڕا دێ: دەرگای ڕاڕەوەکە دەکەیەوە بەڵام ئەوێ هیچ هەست و خوستی لێ نایە، ئەو قیژەیە لە سەرەوە دێ، لە سەقفە شووشەبەندەکەوە. دەچیە سەر کورسی. لە کورسییەوە بۆ سەر مێز، پێ لەسەر ڕەفی کتێب دابنێی دەگەیە سەقف. یەکێک لە پەنجەرەکان دەکەیەوە و خۆت هەڵدەهێنی بۆ ئەوەی سەیرێکی حەوشەکەی تەنیشت وێ بکەی، چوارگۆشەیەک بە درەختی سوورەدار و دڕکەزییەوە کە لەوێدا پێنج، شەش، حەوت پشیلە ـ بۆت ناژمێردرێن، لەوە زیاتر خۆت پێ ڕاناگیرێ ـ تێکئاڵاو لەناو یەک، لە نێو

---

٣- Maximilian، فێردیناند ماکسیمیلیان جوزێف (١٨٣٢–١٨٦٧) ئارشیدۆکی نەمسا و ئیمپراتۆری مەکزیک. دوای ئەوەی فەڕەنسییەکان چەند بەشێکی لە نەمسا داگیر کرد، لە لایەن هەندێک لە بەگزادەی مەکزیکەوە کرا بە ئیمپراتۆری مەکزیک و بە پشتگیریی هێزەکانی فەڕەنسا چووە ئەو وڵاتە و خوارسی سەرۆک کۆماری ئەوێی دەرپەڕاند. ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیعترافی پێ نەکرد. دواجار ناپلیۆنی سێهەم ئیمپراتۆری فەڕەنسا وازی لە پشتگیریکردنی هێنا و هێزەکانی فەڕەنسای لە مەکزیک دەرکرد. هێزە کۆماری-خوازەکانیان بە سەرکردایەتیی خوارس ماکسیمیلیان لە کرتارۆ ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کرد و دوای دادگاییکردن گوللەبارانیان کرد.

گڕەمەشخەڵدا گرمۆڵە دەبن و چڕە دووکەڵێکیان لێ هەڵدەستێ کە بۆکڕووزی خوریی لێوەدێ. کە دادەبەزی، گومانت هەیە ئاخۆ بەڕاستی دیمەنێکی وەهات دیوە: ڕەنگە ئەو زریکە سامناکە کە درێژەی دەبێ، لە کزی دەدا و دواجار خامۆش دەبێ، ئەو گومانەی لای تۆ دروست کردبێ.

کراسەکەت دەکەیە بەر، کەوشەکانت بە پارچە کاغەزێک خاوێن دەکەیەوە و گوێ بۆ زڕەی زەنگەکە هەڵدەخەی کە دەڵێی ڕاڕەوەکانی ماڵەکە دەبڕێ و دەگاتە ژوورەکەی تۆ. تەماشای ڕاڕەوەکە دەکەی. ئاورا، زەنگێک بە دەستەوە، بەوێدا تێدەپەڕێ. ئاوڕ دەداتەوە تا لە تۆ بڕوانێ و بڵێ کە بەرچایی حازرە. هەوڵ دەدەی ڕایبگری بەڵام ئەو بە پلیکانە پێچ-خواردووەکەدا دادەگەڕێ و هەروا زەنگە ڕەشەکە دەزرنگێنێتەوە، دەڵێی دەیهەوێ سەرانسەری هەتیوخانەیەک، سەرلەبەری بەشەناوخۆیەک بەخەبەر بهێنێ.

بە توێی کراسەوە دوای دەکەوی بەڵام کاتێ دەگەیە ڕاڕەوی نهۆمی خوارەوە لێت ون دەبێ. دەرگەی ژووری نوستنی پیرێژنەکە لە پاش سەرت دەکرێتەوە و دەبینی کە دەستێک کە لە پشت دەرگەی نیوەکراوەوە درێژ کراوە، لەگەنێکی پێشاو لە ڕاڕەوەکە دادەنێ و لەگەڵ پێوەدرانی دەرگاکە نەدیو دەبێ.

لە ژووری نانخواردن بەرچایی لەسەر مێزە، بەڵام ئەو جار مێزەکەیان بۆ یەک کەس چنیوە. بە پەلە بەرچایی دەخۆی، دەگەڕێیەوە ڕاڕەو و لە دەرگای ژووری خاتوو کۆنسوئێلۆ دەدەی. دەنگە زیقن و کزەکەی پێت دەڵێ بڕۆیە ژوور. هیچ شتێک نەگۆڕاوە: تاریک و ڕووناکییەکەی پێشوو، شەوقی مۆمی نەزری و کەلوپەلی زیوین.

ـ بەیانیت باش، بەڕێز مۆنترۆ. باش خەوتی؟

ـ بەڵێ. تا درەنگانێک دەمخوێندەوە.

خاتوونی پیر دەستی جوڵاند، وەک بیهەوێ قسەکەت پێ ببڕێ. "نا، نا، نا. حەز ناکەم بیروڕای خۆتم پێ بڵێی. ئەو نووسراوانە چاک بکە، کە تەواو بوون بەشەکانی دیکەت دەدەمێ."

ـ زۆر باشه. خاتوو، دەتوانم بچمە باخچەکە؟
ـ کام باخچە، بەڕێز مۆنترۆ؟
ـ باخچەی دەرەوەی ژوورەکەم.
ـ ئەو خانووە هیچ باخچەی نین. کاتێک بیناکان هەر چوار دەوریان گرتین باخچەکەمان لە دەست دا.
ـ پێم وایە لە دەرەوەی ئەو ژوورە باشتر دەتوانم کار بکەم.
ـ ئەو ماڵە تەنیا ئەو حەوشە تاریکەی هەیە کە پێیدا هاتیە ژوور. برازاکەم هەندێ گیای وا کە لە سێبەردا دەڕوێن بەخێو دەکا. ئەوەندە و بەس.
ـ قەیدی نییە، خاتوو.
دانی بەیانیی ئەوڕۆژە بە کاری نووسراوەکانەوە سەرقاڵی، لەبەر ئەو بەشانە کە دەتهەوێ ڕایانبگری دەنووسیەوە و ئەو بەشانەش کە پێت خراپن بە جیا دەنووسیەوە. جغارە بە جغارە دادەگیرسێنی و بیر لەوە دەکەیەوە تا دەکرێ دەبێ کارەکە لەبەر یەک بکێشیەوە. ئەگەر بتوانی لانیکەم دوازدە هەزار پێسۆ پاشەکەوت بکەی، دەتوانی ساڵێکی ڕەبەق خەریکی ئیشی خۆت بی، ئیشێک کە بەردەوام دواتخستووە و تەقریبەن لە بیر خۆتت بردووەتەوە. کارێک کە هەموو سەربهۆردنامە پرشوبڵاوەکان چڕ دەکاتەوە، مانایان پێ دەبەخشێ و وێکچوونی نێوان هەموو هەوڵ و جەربەزییەکانی سەردەمی زێڕینی ئیسپانیا و هەموو سەرمەشقە مرۆیی و دەستکەوتە گەورەکانی ڕێنیسانس دەدۆزێتەوە. دواجار نووسراوە جاڕسکەرەکەی ژەنەڕاڵ وەلا دەنێی و دەست دەکەی بە یادداشت کردنی مێژووەکان و کورتەیەک بۆ کارەکەی خۆت. زەمان تێدپەڕێ و تۆ سەیری کاتژمێر ناکەی، تا ئەوەی جارێکی دی گوێت لە زڕەی زەنگەکە دەبێ. چاکەتەکەت دەکەیە بەر و دەچیە ژووری نانخواردن.
ئاورا، پێش تۆ لەوێ دانیشتووە. ئەمجارەیان خاتوو یۆرنتێ لە سەرەوەی مێزەکەیە، کە خۆی لە شاڵ و جلی خەو و سەرپۆش وەرپێچاوە و بەسەر دەورییەکەیدا کووڕ بووەتەوە. بەڵام کورسیی چوارمیش لەوێیە. کاتێک تێدەپەڕی چاوت پێی دەکەوێ، ئیدی بۆت گرنگ نییە. ئەگەر نرخی ئازادیی

داهێنەرانەی داهاتووی تۆ تەحەمول کردنی شێتایەتییەکانی ئەو پیرێژنە بێ، ئامادەی ئەو نرخە بدەی. کە سەیری سووپ خواردنەکەی دەکەی، هەوڵ دەدەی تەمەنی مەزندە بکەی. تەمەنێکە کە دوای ئەوە ئیدی شوێن هەڵگرتنی تێپەڕینی ساڵان مەحاڵە و، خاتوو کۆنسوئێلۆ دەمێکە لەو سنووورە تێپەڕیوە. لە بیرەوەرییەکانی ژەنەڕاڵدا، تا ئەو جێگایەی خوێندووتەوە، نێوی ئەوی تێدا نییە. بەڵام ئەگەر ژەنەڕاڵ لە کاتی هێرشی فەڕەنسییەکاندا چل و دوو ساڵ بووبێ و لە ساڵی ١٩٠١دا، واتە چل ساڵ دواتر مردبێ، لە کاتی مردنیدا هەشتا و دوو ساڵ بووە. دەبێ دوای شکستی کۆرتارۆ[٤] و دوورخرانەوەکەی، خاتوونی خواستبێ. بەڵام خاتوون لەو کاتەدا کچێکی منداڵکار بووە...

مێژووەکان لە زەینت ڕادەکەن، چونکە خاتوون بەو دەنگە تیژ و کزەی خۆی، وەک جیکە جیکی باڵندەیەک، خەریکە قسان دەکا. ڕووی قسەی لە ئاورایە و تۆ بە دەم خواردنەوە، گوێ دەگری و تۆماری دووورودرێژی گلە و گازندەکانی ئەو دەبیستی، دەرد و ئازار، نەخۆشیی گوماناوی، دیسان گازندە لە گرانیی نرخی داودەرمان، نم و شێی خانووەکە و شتی لەو بابەتە. پێت خۆشە لەو گفتوگۆ خێزانییەدا بەشدار بی و پرسیاری ئەو پێشخزمەتە بکەی کە لە دوێنێوە چووە کەلوپەلەکانت بۆ بهێنێ، پێشخزمەتێک کە هێشتا چاوت پێی نەکەوتووە و هیچکات بۆ خزمەتکردن لە بەردەم مێزەکە ئامادە نابێ. دەتهەوێ پرسیاری ئەو پێشخزمەتە بکەی کە لەناکاو بە سەرسوڕمانەوە بۆت دەردەکەوێ کە ئاورا تا ئەو ساتەوەختە لەبزی نەگەڕاوە و وەک ئامێر خەریکی نانخواردنە، وەک چاوەڕێی جووڵێنەرێکی دەرەکی بووبێ، بۆ ئەوەی کارد و چەنگاڵ هەڵگرێ و پارچەیەک جەرگ ـ بەڵێ، دیسانەوە جەرگ، وا دیارە خواردنی دڵخوازی ئەو ماڵە جەرگە ـ ببڕێ و بیخاتە دەمی. بە تاڵووکە نیگات لە خاتوونەوە دەگوازیە سەر برازاکەی، بەڵام هەر لەم

---

٤- Quertaro، ویلایەتێکە لە ناوەڕاستی مەکزیک. لەو ویلایەتەدا کۆماریخوازەکان ئیمپراتۆر ماکسیمیلیانیان گوللەباران کرد (١٨٦٧).

لەحزەیەدا، خاتوون ڕادەوەستێ و ڕێک لەو کاتەشدا ئاورا کاردەکەی لەسەر دەوری دادەنێ و جوولەی لێ دەبڕێ و، تۆ وەبیرت دێتەوە کە خاتوو کەمێک پێش ئێستا کاردەکەی لەسەر دەوری داناوە. چەند دەققەیەک بێدەنگی: خواردنەکەت تەواو دەکەی، لە کاتێکدا ئەو دووە وەک پەیکەری ڕەقهەڵاتوو، دانیشتوون و لە تووە ڕاماون. دواجار خاتوون دەڵێ: "زۆر ماندووم. من نابێ لە سەر مێز نان بخۆم. وەرە، ئاورا، یارمەتیم بدە بچمەوە ژوورەکەم."

خاتوون هەوڵ دەدا سەرنجی تۆ بۆ لای خۆی ڕابکێشێ: ڕاست چاوت تێدەبڕێ بۆ ئەوەی تۆش چاوی لێ هەڵنەگری، هەرچەند ئەوی بە تۆی دەڵێ دەگەڵ ئاورایەتی. زەحمەتێکی زۆری دەوێ هەتا بتوانی خۆت لە نیگای ئەو چاوانە ڕزگار بکەی، چونکە دیسان فەڕاح، ڕوون و ئاماڵ زەردن، بێ ئەوەی ئاسەواری ئەو تانە و چرچ و لۆچەیان پێوە مابێ کە ئاغڵەب* دایاندەپۆشێ. ئەودەم لە ئاورا دەڕوانی، کە چاوی لە بۆشایی بڕیوە و بە بێدەنگی ورتەی دێ. هەڵدەستێ، بە جوولەیەک لە چەشنی ڕۆیشتن لە خەوندا، دەستی خاتوونە پیرە پشت چەماوەکە دەگرێ و بە لۆژە لۆژ لە ژووری نانخواردن دەیباتە دەرێ.

ئێستا، بە تەنێ، دەچیە سۆراغی قاوەکەت کە لە پێش نان خواردنەوە لە سەر مێز بووە، قاوەیەکی سارد کە قوم قوم دەیخۆیەوە، لە کاتێکدا نێوچاوانت تێکناوە و لە خۆت دەپرسی ئەرێ خاتوو بە شێوەیەکی گوماناوی بە سەر برازاکەیدا زاڵ نییە؟ ئەرێ ئەو کچە، ئاورا جوانەکەی تۆ بە خۆی و کراسی سەوزەوە، بە نابەدڵی لەمماڵەدا ڕانەگیراوە؟ بەڵام ڕاکردن بۆ ئەو، کاتێک کە خاتوون لە ژوورە نیمچە تاریکەکەی خۆیدا خەوتووە، یەکجار ئاسانە. لەبەر خۆتەوە وا بیر دەکەیەوە کە زاڵ بوونی ئەو بەسەر ئەو کچەدا زۆر مایەی ئازارە و، ڕێگاکانی ڕزگارکردنی، ئەوی بە فکرتدا دێن، هەڵدەسەنگێنی: ڕەنگە ئاورا چاوەڕانی تۆ بێ لە کۆت و بەندێکی کە ئەو پیرێژنە سەرچەکوچە دە دەست و پێی خستووە ڕزگاری بکەی. ئاورای

---

* ئاغڵەب: زۆربەی جاران

چەند سات پێش ئێستات وەبیر دێتەوە، خاڵی لە ڕۆح، تەلیسم کراوی ترس و سامی خۆی، لە بەرامبەر زاڵمی خۆیدا زمان‌بڕاو؛ جووڵەی لێو لە بێدەنگیدا، وەک بە زمانی بێدەنگی داوا لە تۆ بکا دەربازی بکەی، وەکو کۆیلان لاسایی هەموو جووڵەیەکی خاتوونی دەکردەوە، وەک بڵێی تەنیا بۆی هەبێ ئەوی خاتوون دەیکا ئەوە دووپات بکاتەوە.

لە دژی ئەو زوڵمە دەهارووژێی. بەرەو دەرگاکەی دیکە دەڕۆی، دەرگای خوارەوەی پلیکانەکان، تەنیشت دەرگەی خاتوونە پیرە: ئەمە دەبێ ژووری ئاورا بێ، چونکە ئەو ماڵە چ ژووری دیکەی تێدا نین. دەرگاکە دەکەیەوە و وە ژوور دەکەوی. ئەم ژوورەش تاریکە، بە دیواری سپییەوە و، تەنیا مەسیحێکی ڕەشی گەورەی تێدا هەڵواسراوە. لای چەپ دەرگایەکە کە وێدەچێ بەسەر ژووری خەوی پیرێژندا بکرێتەوە. بە پێدزە بۆ لای دەڕۆی، دەستی لەسەر دادەنێی، ئەودەم بڕیار دەدەی نەیکەیەوە: سەرەتا دەبێ بە تەنیا لەگەڵ ئاورا قسە بکەی.

ئەگەر ئاورا چاوی لە یارمەتیی تۆ بێ، دێتە ژوورەکەت. بۆیە دەچیەوە ژوورەکەی خۆت، دەستنووسە زەرد و یادداشتەکانی خۆت لەبیر دەکەی و تەنیا بیر لە جوانیی ئاورای خۆت دەکەیەوە. هەرچەند زیاتر بیری لێ دەکەیەوە، زیاتر دەیکەی بە هی خۆت، تەنیا لەبەر جوانیی ئەو و نیازی خۆت نا، بەڵکو لەو ڕووەشەوە کە پێت خۆشە ڕزگاری بکەی. زەمینەی ئەخلاقیت بۆ حەزەکەی خۆت دۆزیوەتەوە و لە دەروونتەوە هەست بە سووکنایی و بێ‌گوناهی دەکەی. ئەمجارە کە گوێت لە زڕەی زەنگەکە دەبێ بۆ نان-خواردنی شەو ناچیە خوارەوە، چونکە ئیدی ئەوەی نیوەڕۆیە بینیت بۆت تەحەمول ناکرێ. ڕەنگە ئاورا لەوە تێبگا و دوای نان‌خواردن بێتە لات.

خۆت بە کاری دەستنووسەکانەوە سەرقاڵ دەکەی. کە لە خوێندنەوەیان بێزار دەبی بە کاوەخۆ جلەکانت دادەکەنی، دەچیە جێگاوە و یەکسەر خەوت لێدەکەوێ و، بۆ یەکەم جار پاش چەند ساڵان خەون دەبینی، تەنیا خەون بە یەک شتەوە، دەستێکی گۆشت پێوە نەماو کە بە خۆی و زەنگێکەوە بۆ لات دێ، دەقیژێنێ کە دەبێ بڕۆی، ئەو شوێنە نابێ کەسی لێ بمێنێ و؛ کە ئەو

ڕوخساره به قوڵکەچاوی قرپۆکەوه له ڕوخسارت نزیک دەبێتەوە به هاوارێکی نووساو، به دەم ئارەقەوە، وه خەبەر دێی و دوو دەستی میهرەبان هەست پێدەکەی که گۆنات نەوازش دەکەن و دوو لێو که لەبەر خۆیانەوە ورتەیان دێ، سوکناییت دەداتێ و دلۆڤانیت دەخوازێ. دەست درێژ دەکەی هەتا لەشەکەی تر بدۆزیەوه، لەشێکی ڕووت که کلیلێکی به ملیدا هەڵواسراوه و، چونکه کلیلەکه دەناسیەوه، ئەو ژنه دەناسیەوه که له پەنات خەوتووه و ماچت دەکا، سەرتاپات ماچ دەکا. له ئەنگوستەچاوی شەوی بێ ئەستێرەدا نایبینی، بەڵام بۆنی حەوشەی به قژیەوه دەکەی، جەستەی لەناو باهۆی خۆتدا هەست پێدەکەی، جارێکی دی ماچی دەکەی و حەز ناکەی قسه بکا.

ئەودەم که ماندوو و شەکەت، خۆتی له باوەشی دەپچڕیەوه، گوێت له یەکەم چرپەی دەبێ: "تۆ مێردی منی." دەڵێی باشه. دەڵێ بەری بەیانه، کەواته بەجێت دێڵێ و دەڵێ شەوێ له ژوورەکەی چاوەڕێت دەکا. ئەمەش قبووڵ دەکەی و خەوت لێدەکەوێتەوه، ئاسووده، سووک و سەقاوەت، بەتاڵ له ئالۆش و، هێشتا هەست به لێخشانی لەشی ئاورا دەکەی. هەروەها لەرزینەکەی، خۆبەدستەوەدانەکەی.

لەبەرت گرانه هەستی. چەند تەقەیەک له دەرگا دێ، دواجار هەڵدەستی، به بۆڵه بۆڵەوه و هێشتا خەواڵوو. ئاورا له پشت دەرگاوه پێت دەڵێ دەرگاکه مەکەوه، دەڵێ کۆنسوئێلۆ دەیهەوێ قسەت لەگەڵ بکا، له ژوورەکەی چاوەڕوانته.

دوای ده دەققه دەچیه نەزرگای بێوەژنەکه. ڕاست پاڵی به سەرینەکانەوه داوه، بێ جووڵه، چاوەکانی نەدیو له ژێر ئەو پێڵووه داکەوتووه چرچ و لۆچانەدا که چەشنی مەرگ سپی هەڵگەڕاون؛ گنجی هەڵترشاوی بەر چاوی و پوانی به تەواویی پێستی دێنه بەر چاوت.

بێ ئەوەی چاو هەڵێنێ لێت دەپرسێ: "کلیلی باوڵەکەت پێیه؟"

- بەڵێ، پێم وایه... بەڵێ، ئەوەتا.

- دەتوانی بەشی دووهەم بخوێنیەوه. هەر لەوێیه. شریتی شینی تێ-بەسراوه.

ئەمجارە بە ڕقێکەوە بەرەو باوڵەکە دەڕۆی: مشکەکان لە دەوری جرت-وفرتیانە، بە چاوی بریقەدارەوە لە کەلێنی تەختە ڕزیوەکانی عەرزی ژوورەکەوە سەیرت دەکەن و بە قەڵەمبازان خۆیان بە کونی نێو دیوارە ڕزیوەکاندا دەکەن. باوڵەکە دەکەیەوە، دەستە کاغەزی دووهەم هەڵدەگری و دەگەڕێیەوە خوارەوەی قەرەوێڵەکە. خاتوو کۆنسوئێلۆ خەریکە دەست بە پشتی کەروێشکە سپییەکەدا دەهێنێ. قاقای پێکەنینێک لە گەرووی وشکهەڵاتووی داخراوییەوە بەرز دەبێتەوە و لێت دەپرسێ: "تۆ حەز بە ئاژەڵان دەکەی؟"

ـ نا، بەو شێوەیە نا. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێ قەت ئاژەڵم ڕانەگرتووە.

ـ هاوڕێی چاکن. هاودەمی چاکن. بە تایبەت کاتێ مرۆڤ پیر و تەنها دەبێ.

ـ بەڵێ، دەبێ وا بێ.

ـ هەمیشە خۆیانن، بەڕێز مۆنترۆ. خۆیان جۆرێکی تر نیشان نادەن.

ـ گوتت ناوی چییە؟

ـ کەروێشکەکە دەڵێی؟ ناوی ساگایە. زۆر زیرەکە. پەیڕەوی غەریزەی خۆیەتی. سروشتی و ئازاد.

ـ پێم وابوو نێرە.

ـ چی؟ کەواتە هێشتا لێکیان ناکەیەوە؟

ـ باشە، گرنگ ئەوەیە تۆ زۆر هەست بە تەنیایی ناکەی.

ـ ئەوان حەز دەکەن ئێمە تەنیا بین، بەڕێز مۆنترۆ. چونکە پێمان دەڵێن دوورەپەرێزی تەنیا ڕێگای گەیشتن بە پاکبوونەوەیە. بێئاگا لەوەی کە وەسوەسە لە دوورەپەرێزیدا زۆر بەهێزتر دەبێ.

ـ من سەرم لەوە دەرناچێ، خاتوون.

"ـ ئۆی، باشتر کە سەرت لێ دەرناچێ. ئێستا تکا دەکەم بچۆوە سەر کارەکەت."

پشتی تێدەکەی، بەرەو دەگاکە دەڕۆی، ژوورەکەی بەجێدێڵی. لە ڕاڕەو ددان دە سیرەوە دەبەی. بۆچی زات ناکەی پێی بڵێی ئەو کچەت خۆش

دەویٚ؟ بۆچی ناگەڕێیەوە و دەق و دۆغری پێی نالێی کە بە نیازی کاتیٚ کارەکەت تەواو بوو ئاورا لەگەڵ خۆت ببەی؟ جارێکی دی لە دەرگاکە نزیک دەبیەوە و هێشتا دوودڵ، پاڵی پێوە دەنێی و، لە کەلێنی دەرگاکەوە خاتوو کۆنسوئێلۆ دەبینی کە ڕاوەستاوە، قیت و قنج، بووەتە کەسێکی دی، کەوایەکی سەربازی لە باوەشدا، کەوایەکی شین بە قۆپچەی زەردی زێڕین، سەرشانی سوور، میداڵی بریقەدار بە هەلۆی تانجدارەوە - کەوایەک کە خاتوونە پیرە کێوییانە دەیگەزیٚ، بە میهرەبانییەوە ماچی دەکا، بە شانی خۆیدا دەدا و بە چەند هەنگاوی لەرزۆکەوە هەڵدەپەڕیٚ. دەرگاکە پێوەدەدەیەوە.

"ئەو کاتەی ناسیم پانزدە ساڵە بوو." لە بەشی دووهەمی یادەوەرییەکاندا ئاوها نووسراوە: "ئەو کاتەی ناسیم پانزدە ساڵە بوو و ڕەنگە بتوانم بڵێم چاوە سەوزەکانی بوو منیان شێت و شەیدای خۆیان کرد." چاوە سەوزەکانی کۆنسوئێلۆ، کۆنسوئێلۆ کە لە ساڵی ١٨٦٧، کاتێک ژەنەڕاڵ یۆرنتیٚ خواستی و کە دوورخرایەوە لەتەک خۆیدا بردیە پاریس، تەنیا پانزدە ساڵ بوو. لە ساتەوەختێکی سەرانسەر ئیلهامدا ئاوا دەنووسیٚ: "بووکەڵە چکۆلانەکەم، بووکەڵە چکۆلانە چاو سەوزەکەم. لە خۆشەویستیت لێوڕێژم." ژەنەڕاڵ تاریفی ئەو ماڵە دەکا کە لە ناویدا ژیاون، گەشت و گەڕانیان، کۆڕی هەڵپەڕکیٚ، کالیسکە، دنیای ئیمپراتۆریی دووهەم[٥]، بەڵام هەمووی ئەوانە بە شێوەیەک گوماناوین. "تەنانەت ڕق و قینتم لە پشیلە تەحەمول کرد. منێک کە ئەو ئاژەڵە جوانەم هێندە خۆش دەویٚ..." ڕۆژێک کۆنسوئێلۆ دەبینیٚ کە پشیلەیەک ئازار دەدا: پشیلەکەی توند لە نێو پێیەکانی گرتووە، تەنوورە پڕچینەکەی هەڵکشاوە و ژەنەڕاڵ نەیزانیوە چۆن سەرنجی ئەو بۆ لای خۆی ڕابکێشیٚ، چونکە وای هاتووەتە بەر چاو کە "ئەم کارەت زۆر بێگوناهانە، تەنیا بە هۆی منداڵییەوە و هیچی تر، دەکرد." لە ڕاستیدا ئەو دیمەنە ژەنەڕاڵ

٥- ئیمپراتۆری دووهەم، حکومەتی پاشایەتی لە فەڕەنسا (١٨٥٢-١٨٧٠) کە لوویی بناپارت دامەزرێنەری بوو.

وەها دەورووژێنێ، ئەگەر بڕوا بەوە بکەی کە نووسیویە، هەمان شەو بە جۆش و خرۆشێکی لە ڕادەبەدەرەوە لەگەڵیدا دەخەوێ، "چونکە پێت دەگوتم کە بە ئازاردانی پشیلان، بە شێوازی خۆت قوربانییەک بۆ پتەوبوونی خۆشەویستیمان پێشکەش دەکەی". ئێستا دەتوانی لێکی بدەیەوە. خاتوو کۆنسوئێلۆ دەبێ سەد و نۆ ساڵ بێ. مێردەکەی پەنجا و نۆ ساڵ پێش مردووە. "ئەو بەرگەت چەند لێ جوانە، کۆنسوئێلۆی نازدارم، هەمیشە بە بەرگی مەخمەری سەوزەوە، سەوز وەک چاوەکانت، وا بیر دەکەمەوە تاهەتایە هەر جوان دەبی، تەنانەت پاش سەد ساڵ..." هەمیشە بە بەرگی سەوزەوە. هەتاهەتایە جوان، تەنانەت پاش سەد ساڵ. "هێندە بە جوانیی خۆت دەنازی چ کارێک هەیە بۆ ئەوەی گەنج بمێنیەوە نەیکەی؟"

## ٤

ئێستا دەزانی بۆ ئاورا لەو ماڵەدا دەژی: بۆ ئەوەی وەهمی جوانی و گەنجیەتی لەو پیرێژنە پەڕپووتە شێتەدا نەمر بکا. ئاورا، وەک ئاوێنەیەک، وەک نیگارێکی تر بەو دیوارەوە، بە خۆیان و ڕیز ڕیز نەزر و نیازەوە، دڵی نێو شووشەبەندان، قدیسگەل و شەیتانە خەیاڵییەکانییەوە، لەو ماڵەدا کۆیلە کراوە.

دەستنووسەکان وەلا دەنێی و دەچیە نهۆمی خوارەوە. بیر لەوە دەکەیەوە کە ئاورا بەیانیان تەنیا دەشێ لە یەک شوێن بێ ـ ئەو جێیەی پیرێژنی تامەزرۆ بۆی دەسنیشان کردووە.

بەڵێ، لە چێشتخانەکەدا دەیدۆزیەوە، لەو لەحزەیەدا کە خەریکە سەری گیسکێک ژێ دەکا. هەڵمێک کە لە ئەوکی بڕاویەوە هەڵدەستێ، بۆنی خوێنی ڕژاو، چاوانی بریقەداری گیسکەکە، بە هەمووی ئەمانە دڵت تێکەڵ دێ. ئاورا

جلێکی شڕی خوێناوی لەبەردایە و قژی ئاڵۆزە. بێ ئەوەی بتناسێتەوە سەیرت دەکا و دەست دەکاتەوە بە قەسابی.

لە چێشتخانەکە دەردەچی، ئەمجارە حەتمەن قسە لەگەڵ خاتوونە پیرەدا دەکەی، حەتمەن تامەزرۆیی و زاڵمبوونی وە ڕووی دەهێنیەوە. کە دەرگا دەکەیەوە ئەو لە پشت حیجابی ڕووناکییەوە وەستاوە و، بەرامبەر بە فەزای بەتاڵ تەقسێک بەڕێوە دەبا، دەستێکی مشتکراوی هەڵبڕیوە، وەک بڵێی شتێکی لە هەوادا ڕاگرتبێ، دەستەکەی تر شتێکی نادیار لەناو پەنجەکانیدا دەگوشێ و بەردەوام بە یەک شوێنیدا دەکێشێ. ئینجا دەستەکانی لە بەرۆکی خۆی هەڵدەسوێ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەست بە بڕینی هەوا دەکاتەوە، وەک بڵێی ـ بەڵێ، جوان دەیبینی ـ دەڵێی خەریکە ئاژەڵێک کەوڵ دەکا...

بەپەلە لە ڕاڕەو و ژووری میوان و ژووری نانخواردن تێدەپەڕی و دەگەیە ئەو شوێنەی کە ئاورا هێدی هێدی گیسکەکە کەوڵ دەکا، سەرقاڵی کاری خۆی، بێئەوەی گوێ بداتە تۆ یان ئەوەی دەیڵێی، بە جۆرێک چاوت لێدەکا دەڵێی جەستەت لە هەوایە. ڕادەکەی و خۆ بە ژوورەکەی خۆتدا دەکەیەوە، پشت وە دەرگا دەدەی، دەڵێی لەوە ترساوی یەکێک دوات بکەوێ، بە دەم هەناسەبڕکەوە، ئارەقە دەرداو، قوربانیی ترس و سامەکەت، قوربانیی یەقینەکەت. ئەگەر شتێک یان کەسێک بیهەوێ بێتە ژوور، ناتوانی پێشی پێ بگری، لە پشت دەرگاکە لادەچی و لێدەگەڕێی چ ڕوودەدا با بدا. سەراسیمە و پەشۆکاو کورسییەکە ڕادەکێشیە پشت دەرگای بێ کلۆم. قەرەوێڵەکە پاڵ دەنێیە پشت کورسیەکە و ئینجا لەسەر قەرەوێڵەکە تخێڵ دەبی، شەکەت، بەتاڵ لە وزەی ئیرادە، بە چاوی نووقاو و باهۆی لە سەرین وەرێنراو ـ سەرینێک کە هی تۆ نییە، هیچ شتێک هی تۆ نییە.

مەنگ و داهێزاو دەکەوی، لە قووڵایی خولیایەکدا کە تاکە ڕێگای دەربازبوونتە، تەنیا ڕێگای نا گوتن بە شێتبوون. بەردەوام دووپاتی دەکەیەوە "ئەو ژنە شێتە، شێت." ئەمە دووپات دەکەیەوە هەتا خەوت لێ

بکەوێ و، ئەمجارە دەبیینی کە بە کێردێکی خەیاڵی گیسکێکی خەیاڵیی کەوڵ دەکا. "ئەو ژنە شێتە، شێت..."

**لە قووڵایی خوار هەڵدێرێکی تاریکدا، لە خەونی خامۆشی تۆدا بەو زارانەوە کە لە بێدەنگیدا دەکرێنەوە، دەبیینی کە لە ئەنگوستەچاوی هەڵدێرەکەڕا بۆ لای تۆ دێ. دەبیینی کە بۆ لای تۆ دەخوشێ.**

**لە بێدەنگیدا، دەستە بێگۆشتەکانی دەجووڵێنێ، بەرەو لات دێ تائەوەی ڕوخسارت لە ڕوخسار دەخشێنێ و تۆ پووکە خوێناوییەکانی، پووکی خوێناویی خاتوونە پیرەکە دەبینی و، دەقیژێنی و ئەو ئەمجارە بە دەم جووڵاندنی دەستیەوە دوور دەکەوێتەوە و ددانە زەردەکانی کە هەڵوەریونە نێو کۆشە خوێناویەکەی لە هەڵدێرەکە دادەتەکێنێ:**

**قیژەی تۆ زایەڵەی قیژەی ئاورایە. ئەو بەرامبەر بە تۆ لە خەونەکەتدا ڕاوەستاوە و، دەقیژێنێ، ئاخر داوێنە پڕچینەکەیان تڵیشاندووە و، ئەودەم ئاوڕ وە تۆ دەداتەوە**

**تیتۆڵی دڕاوی داوێنەکەی بە دەستەوە گرتوون، ئاوڕ وە تۆ دەداتەوە و بە بێدەنگی پێدەکەنێ، بە ددانی خاتوونە پیرەکەوە کە بەسەر ددانەکانی خۆیدا کردوون و، لەم کاتەدا، لاقەکانی، لاقە ڕووتەکانی پارچە پارچە دەبن و بەرەو هەڵدێرەکە فڕێ دەدرێن...**

تەقەیەک لە دەرگاکە، ئینجا زڕەی زەنگ، زەنگی نانی شەو. سەرت هێندە دەئێشێ میلی کاتژمێرەکەت بۆ لێک ناکرێنەوە، بەڵام دەزانی کات درەنگە: بە سەر سەرتەوە هەوری شەوێ لەودیو سەقفە شووشەییەکەوە دەبینی. ئازای گیانت دەئێشێ، هەڵدەستی، گێژ و برسی. دۆلکە بلوورەکە پڕ دەکەی و لە کاسەی ئاودەستەکەی دەکەی. دەموچاوت دەشۆی، ددانەکانت بە فڵچە کۆنەکەت کە مەعجوونی کەسکی لە کەلێنەکانیدا ماوە، دەشۆی، دەستێکی تەڕ بە سەرتدا دێنی ـ ئاگات لەوە نییە کە هەموو ئەوانە بە پێچەوانەی باری ئاسایی خۆت ئەنجام دەدەی ـ و سەرت لە پێش ئاوێنە هێلکەییەکەی

کەوەنتەرەکە، بە دیقەتەوە دادەهێنی. ئینجا، بۆینباخەکەت گرێ دەدەی، چاکەتەکەت دەکەیە بەر و دەچیە نهۆمی خوارەوە بۆ ژووری نانخواردن، لەوێ تەنیا جێی یەک کەس ئامادە کراوە ـ جێی تۆ.

لەپەنا قاپەکەوە و، لە بن دەسرەی سفرەکە، قامک بە شتێکدا دەهێنی: بووکەڵە پەڕۆیەکی ناقۆلا، ئاخنراو لە گەردێک کە لە درزی شانەکانیەوە دەڕژێ، دەموچاوی بە مەرەکەبی چین کێشراوەتەوە و، لەشی ڕووتی بە چەند زەبری پەڕەمووچ نەخش کراوە. بە دەستی ڕاست خواردنە ساردەوە بووەکەت دەخۆی ـ جەرگ، تەماتە، شەراب ـ و بە دەستی چەپ بووکەڵەکەت ڕاگرتووە.

بێئیرادە نان دەخۆی، بێئەوەی بە حاڵی ئەفسوونکراوی خۆت بزانی، بەڵام پاش کەمێک هۆکارێک بۆ خەونە ئازاردەرەکە، بۆ ئەو کابووسە، بە مێشکتدا دێ و دواجار تێدەگەی جووڵەکانت کە لە هی خەوگەڕان دەچن کتومت لەگەڵ جووڵەی ئاورا و خاتوونە پیرەکە وەک یەکی لێهاتووە. لە پڕێکدا ئەو بووکەڵە سامناکە کە وردە وردە لە بوونی نەخۆشیەکی شاراوە، پەتایەک لە جسمی ئەودا دڕدۆنگ بوویە، تووڕە و بێزارت دەکا. فڕێی دەدەی. دەمت بە دەسرەی سفرە پاک دەکەیەوە، چاوێک لە کاتژمێر دەکەی و وەبیرت دێتەوە کە ئاورا لە ژوورەکەیدا چاوەڕوانی تۆیە.

بە پێدزە دەچیە بەردەم دەرگای ژووری خاتوو کۆنسوئێلۆ، بەڵام ژوورەکەی هیچ دەنگێکی لێوە نایێ. جارێکی دی سەیری کاتژمێرەکەت دەکەی: تازە سەعات دەبێتە نۆ. لێدەبڕێی بە دەستەکوتە بچیە حەوشە سەرداپۆشراوە تاریکەکە، ئەو حەوشەیەی لە ڕۆژی هاتنتدا بۆ ئەو ماڵە، بێ ئەوەی هیچ ببینی پێیدا تێپەڕ بووی و دوای ئەوە ئیدی پێت تێنەناوەتەوە.

دەست لە دیوارە شێدار و داپۆشراو بە خەنەتیلکەکە دەسووی، هەوا پڕ بۆن و بەرامەکە هەڵدەمژی و هەوڵ دەدەی ئەو توخمە جیاوازانەی هەڵیاندەمژی لێک بکەیەوە بۆ ئەوەی بتوانی بۆنە کەسکوون و پڕشکۆکانی دەوروبەری خۆت بناسیەوە. گڕی لەرزۆکی شەمچەکەی تۆ شەوقێک دەخاتە ئەو حەوشە تەسک و چۆڵە کە ڕووەکی جۆراوجۆر لە هەموو لایەکەوە لە

گڵە سوورێکی نەرمەوە دەڕوێن، شکڵە درێژ و پڕگەڵاکان کە لەبەر شەوقی شەمچە سێبەریان دەکەوێتە سەر دیوار، لێک دەکەیەوە. بەڵام شەمچەکە تا بنی دەسووتێ و چزەت لە پەنجە دەهێنێ، دەبێ شەمچەیەکی دیکە پێبکەی بۆ ئەوەی بتوانی کۆتایی بە تەماشای گوڵ و مێوە و ئەو ڕووەکانە بهێنی کە لە بەیازە کۆنەکاندا لەبارەیانەوە شتت خوێندووەتەوە؛ ڕووەکی فەرامۆش-کراو کە لێرە ئاواهی بۆندار و خەواڵوو گەشە دەکەن: گەڵای پان و درێژ و بە کوڵکەی **سیکران**[٦]، لاسکی لێکئاڵاو بەو گوڵانەوە کە پشتیان زەرد و ناوەوەیان سوورە، گەڵای **تاجریزی**، نووکتیژ و لە شێوەی دڵ، کوڵکە خۆڵەمێشییەکانی گوڵی **ماهور** بە گوڵی هێشوویی‌یەوە، **شمشادی** هەڵچووی پڕ گەڵا بە گوڵی سپییەوە و **بلادون**. ئەو ڕووەکانە لە بەر شەوقی شەمچەکەی تۆ گیانیان دێتە بەر و سێبەرەکانیان هێور هێور جۆلانە دەکەن و، تۆ کاریگەریی هەر کام لەو ڕووەکانەت وەبیر دێتەوە: گلێنە هەراو دەکەن، ئازار دەشکێنن، ژانی منداڵبوون کەم دەکەنەوە، ئارامبەخشن، ئیرادە سست دەکەن و ئارامییەکی پڕئاڵۆش لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

کاتێ سێهەم شەمچە دەکوژێتەوە، تەنیا تۆ دەمێنیەوە و بۆن و بەرامەکان. بە ئەسپایی دەچیە ڕاڕەو، جارێکی تر لە پشت دەرگای خاتوو کۆنسوئێلۆ گوێ هەڵدەخەی و ئینجا بە پێدزە بەرەو ژووری ئاورا دەڕۆی. دەرگاکە، بێئەوەی لێیبدەی، دەکەیەوە و پێ دەنێیە ژوورێکی چۆڵەوە کە تێیدا بازنە تیشکێک سەر قەرەوێڵەکە رووناک دەکاتەوە، خاچێکی گەورەی مەکزیکی و ژنێک کە کاتێ دەرگە پێوەدەدرێ بەرەو لای تۆ دێ. ئاورا بەرگی سەوزی پۆشیوە، جلی ماڵەوەی پڕگنج کە کاتێ نزیک دەبێتەوە ڕانە سپی و سۆڵەکانی وەدەر دەکەون. ژنێک، تا نزیکتر دەکەوێتەوە لەبەر خۆتەوە دووپاتی دەکەیەوە، ژنێک، نەک کچەکەی دوێنێ ـ دەست لە پەنجەکانی ئاورا، لە کەلەکەی دەگێڕی ـ تەمەنی لە بیست نەترازابوو ؛ ژنەی ئەوڕۆ ـ دەست بە

٦- گیایەکە بۆ دروستکردنی دەرمانی ئازارشکێن و ئارامبەخش سوودی لێوەردەگیرێ و ناوەکەی بە ئینگلیزییەکەی دەبێتە: Henbane .

قژی ئاڵۆز و گۆنا ڕەنگ بزرکاوەکەیدا دەهێنی ـ چل ساڵان دیارە. لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ شتێک لە چاوە سەوزەکانیدا ڕەق و توند بووە، لێوی لە رادەبەدەر سوور کردووە، وەک بڵێی ویستبێتی شکڵۆکەیەکی شاد و گەش بە لێوەکانی ببەخشێ، بزەیەکی بە زۆری، زەردەکەی وەک ڕووەکەکانی حەوشە، تامی تێکەڵاوێکی هەنگوین و ژەهر دەدا. کاتی ئەوەت نییە بیر لە هیچی تر بکەیەوە.

ـ لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشە، فلیپێ.

ـ باشە.

ـ ئەوشۆ گەمە دەکەین. تۆ پێویست ناکا هیچ بکەی. بۆخۆم هەموو شتێک جێبەجێ دەکەم.

لە سەر قەرەوێڵە دانیشتووی و بە دوای سەرچاوەی ئەو ڕووناکییە سپییەدا دەگەڕێی کە لەبەر شەوقەکەی بە زەحمەت دەتوانی کەلوپەلی ژوورەکە و بوونی ئاورا لە فەزای ڕەنگ زێڕینی دەوری ئەو جیا بکەیەوە. دەبینێ کە سەیری سەرەوە دەکەی و دەتهەوێ سەرەدەر دەربکەی کە ئەو ڕووناکییە لە کوێوە دێ. بە دەنگیڕا دەزانی کە لەبەردەم تۆ چۆکی داداوە.

ـ ئاسمان نە بەرزە و نە نەوی. هەم لە سەرەوەی ئێمەوەیە و هەم لە ژێر پێمان.

پێڵاو و گۆرەویت لەبەر دادەکەنێ و دەست بە قاچی ڕووتتدا دەهێنێ.

هەست بەو ئاوە شلەتێنەدا دەکەی کە پێت تێناوە و ئاورا بە قوماشێکی زوور قاچت وشک دەکاتەوە و جاروبار بە دزیەوە چاوێک لە مەسیحی هەڵقەنراوی سەر چێوە ڕەشەکە دەکا. دواجار، قاچت وشک دەکاتەوە، دەستت دەگرێ و چەند گوڵی وەنەوشە لە قژی ئاڵۆزی دەدا و دەست دەکا بە ورینگەی گۆرانییەک، گۆرانیی ڤاڵس. بە دەم چرینەوە لەتەکیدا سەما دەکەی. خۆت بە چرپەی دەنگی دەسپێری و نەرم و نیان لەگەڵ چرینی ئارام و سەنگینی ئەودا لەنجە دەکەی، ئاوازێک کە لە جووڵەی سووکەڵەی دەستەکانی کە یاری بە دوگمەی کراسەکەت دەکا و لە بەژنت وەردێ، زۆر جیاوازە. تۆش ئەو ئاوازە بێکەلامە دەڵێیەوە، ئەو ئاوازە بە شێوەیەکی

سروشتی له قورگت دێته دەرێ. پێکەوە خول دەخۆن و بەدەم هەر خولانەوەیەکەوە له جێگا نزیکتر دەبنەوە، تا ئەوەی تۆ بە ماچێکی تامەزرۆیانەوە لە دەمی ئاورا ئاوازەکە خامۆش دەکەی، تا ئەوەی تۆ بە ماچێک لە شانی کۆتایی بە سەماکە دەهێنی.

کراسە بەتاڵەکەت بە دەستەوەیە. ئاورا لە سەر جێگا هەڵتروشکاوە، شتێک دادەنێتە سەر لاقە بەیەکەوە نووساوەکانی، دەستی پێدا دەهێنێ و بە ئاماژە بانگهێشتت دەکا. پسکیتە تورتەکەی لەسەر ڕانی لەت دەکا، گوێ بەو وردکەیە نادا کە بەسەر لاقیدا دەڕژێ، لەتێکی پسکیتەکە دەداتە تۆ، تۆ لێی وەردەگری و هاوکات لەگەڵ ئەو دەیخەیە دەم و بە زەحمەت قووتی دەدەی. ئەودەم لەشی ڕووتی و قۆڵە ڕووتەکانی دەبینی کە لەمسەر بۆ ئەو سەری قەرەوێڵەکە ئاوەڵان، وەک قۆڵە لە خاچدراوەکانی سەر دیوار، مەسیحە ڕەشەکە بە ئاوریشمی ئەرخەوانی لە دەوری ڕانەکانییەوە، بە ئەژنۆی لێک ئاوەڵا و کەلەکەی بریندار و، تاجە درکی لەسەر قژەسەری ڕەشی ئاڵۆز بە پوولەکەی زیوینەوە. ئاورا وەک قوربانییەک باوەشت بۆ دەکاتەوە.

ناوەکەی بە گوێیدا دەچرپێنی. قۆڵە گۆشتنەکانی ئەو ژنە لەسەر پشتت هەست پێدەکەی. دەنگی گەرمی دێتە بەر گوێت: "تا هەتایە خۆشت دەوێم؟"

ـ تا هەتایە، ئاورا، تاهەتایە خۆشم دەوێی.

ـ تا هەتایە؟ سوێند دەخۆی؟

ـ سوێند دەخۆم.

ـ تەنانەت گەر پیریش بم. تەنانەت ئەگەر ئیدی جوان نەبم؟ تەنانەت ئەگەر قژم سپی بێ؟

ـ تا هەتایە، ئەزیزەکەم، تاهەتایە.

ـ تەنانەت ئەگەر بمرم، فلیپێ؟ تا هەتایە خۆشت دەوێم، ئەگەر بشمرم؟

ـ تا هەتایە، تا هەتایە. سوێند دەخۆم. هیچ شتێک ناتوانێ لێکمان جودا بکاتەوە.

ـ وەرە، فلیپێ، وەرە.

که وه خەبەر دێی، دەست درێژ دەکەی تا بە شانی ئاورایدا بهێنی، بەڵام دەستت تەنیا لە سەرین دەخشێ کە هێشتا گەرمە و چەرچەفێکی سپی کە پێتدا دراوە.

لەبەر خۆتەوە ناوی دەبەی.

چاو هەڵدێنی و دەیبینی کە لە پێش قەرەوێڵەکە ڕاوەستاوە، بزەییێکی لەسەر لێوە بەڵام سەیری تۆ ناکا. لەسەرەخۆ دەچێتە قولینچکی ژوورەکە، دادەنیشێ و، دەستەکانی لەسەر ئەو ئەژنۆیانە دادەنێ کە لە نێو تاریکییەکەدا کە چاوی تۆ نایبڕێ، دەرهاتوون و دەست بە دوو دەستی چرچدا دەهێنێ کە لەو تاریکییەی بەرەو کەمی دەڕوا دەرکەوتوون: لە بەر پێی خاتوونە پیرەکە، خاتوو کۆنسوئێلۆ، چۆکی داداوە و پیرێژن لەسەر کورسی دانیشتووە کە تۆ بەر لەوە نەتبینیبوو. خاتوو کۆنسوئێلۆ بە ڕووتدا پێدەکەنێ و سەری دەجووڵێنێ؛ هاوکات لەگەڵ ئاورا کە سەری هەماهەنگ لەگەڵ خاتوونە پیرەکەدا دەجووڵێنێ، بە ڕووتدا پێدەکەنێ. لەسەر پشت تخێڵ دەبی، بێ هیچ ئیرادەیەک و، بیر لەوە دەکەیەوە کە خاتوونە پیرەکە هەموو ئەو ماوەیە لەو ژووره بووە.

جووڵەکانیت وەبیر دێنەوە، دەنگی، سەماکردنەکەی، هەرچەند بەردەوام بە خۆت دەڵێی کە ئەو لێره نەبووە.

ئەو دووە لە یەک کاتدا هەڵدەستن، کۆنسوئێلۆ لەسەر کورسی و ئاورا لە سەر عەرزەکە. پشتت تێدەکەن و بە کاوەخۆ بەرەو ئەو دەرگایە دەڕۆن کە بەسەر ژووری خەوی پیرێژندا دەکرێتەوە، پێ دەنێنە ژوورێک کە تێیدا گڕەکانی ڕووناکی بەردەوام لەبەر دەم نیگارەکاندا دەلەرزن. دەرگات لەسەر پێوەدەدەن و جێتدەهێڵن هەتا لە نوێنی ئاورادا خەوت لێبکەوێ.

# ٥

خەوت گران و ئاڵۆزە. لە خەونەکانتدا هەست بە هەمان ماخولیای گوماناوی، قورسایی سەر هەناوت و ئەو خەمەی کە خەیاڵت دەشەمزێنێ، دەکەی. هەرچەندە لە ژوورەکەی ئاورادا خەوتووی، بە تاقی تەنیا، دوور لەو لەش و لارەی کە پێت وایە کردووتە بە هی خۆت.

کە وەئاگا دێی بە دوای حزووریکی تردا چاو دەگێڕی بە نێو ژوورەکەدا و، تێدەگەی ئەوەی پەرێشانت دەکا ئاورا نییە، بوونی دووقۆڵیی شتێکە کە لە درێژایی شەودا بەدی هاتووە. دەست دەخەیە سەر نێوچاوانت و هەوڵ دەدەی بیری ئاڵۆزت هێور بکەیەوە. ماخولیا گوماناوییەکە بە دەنگێکی لەسەرخۆ، دەنگی یادەوەری و ئاگادارکردنەوە، لە تۆدا ورتەی دێ کە بەدوای نیوەکەی دیکەی خۆتدا دەگەڕێی و، تێگەیشتنی چەپرەکی دوێشەو لفەودووانەکەتی بەدی هێناوە.

واز لەو بیرانە دەهێنی، چونکە تەنانەت شتی لە خەیاڵکردنەوە بەهێزتریش هەن: خووگرتن کە وات لێدەکا هەستی، لە حەمامی تەنیشت ئەو ژوورە بگەڕێی و نەیدۆزیەوە، بەدەم هەڵگلۆفتنی چاوتەوە بچیە ڕاڕەوەکە، لەکاتێکدا هەست دەکەی نێو دەمت وەک کەکرە تاڵە، پلیکانەکان ببڕی، لە کاتێکدا دەست بە ڕیشی ژێر چەناگەتدا دەهێنی وەژوور کەوی، بەلوعەی وانەکە بکەیەوە و بخزییە نێو ئاوی گەرم و خۆت بسپێرییە دەست فەرامۆشی.

بەڵام بەدەم خۆ وشک کردنەوەوە پیرێژن و کچەکەت وەبیر دێنەوە کە بەر لەوەی دەست لە ناو دەستی یەکدا ژوورەکە بەجێبهێڵن بە ڕووی تۆ پێکەنین، وەبیرت دێتەوە کە ئەو دووە هەرکات پێکەوەن هەمیشە یەک کار دەکەن، لە یەک کاتدا باوەش بە کەسێکدا دەکەن، پێدەکەنن، دەخۆن، دەدوێن، دێن، دەڕۆن، دەڵێی ئیرادەی یەکێکیان بە بوونی ئەوی دیکەوە گرێ دراوە...

بیر لەو شتانە دەکەیەوە و ڕیشت دەتاشی کە ڕوومەتت کەمێک دەبڕی. هەوڵ دەدەی بەسەر خۆتدا زاڵ بی. لە تاشینی ڕیشت دەبیەوە، کەلوپەلی نێو باوڵەکە دەژمێری: ئەو بتڵ و بۆڕییانەی پێشخزمەتێکی کە هەرگیز نەتدیوە لە پانسیۆن[٧]ەوە بۆی هێناوی. ناوی ئەو شتانە لەبەر خۆتەوە دەڵێیەوە، دەستیان لێدەدەی، نووسراوی پێکهاتە و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان دەخوێنیەوە، ناوی دروستکەرەکانیان دەبەی، خۆت بەو شتانەوە سەرقاڵ دەکەی تا شتەکەی دیکەت لە بیر بچێتەوە، شتێکی بێ ناو، بێ لەزگە، بێ هیچ یەکدەستیەکی لۆژیکی. ئاورا چ چاوەڕوانیەکی لە تۆ هەیە؟ باوڵەکە دادەخەی. پرسیار لە خۆت دەکەی، چی دەوێ؟

لە وەڵامی خۆتدا، گوێت لە زرەی مەنگی زەنگەکە لە ڕاڕەوەکەوە دەبێ کە پێت دەڵێ بەرچایی ئامادەیە. بێئەوەی کراس لەبەر بکەی بەرەو دەرگاکە دەڕۆی، کە دەرگا دەکەیەوە ئاورا لەوێیە: دەبێ ئاورا بێ، ئاخر چاوت بەو تافتە سەوزە دەکەوێ کە هەمیشە لەبەریەتی، هەرچەند ڕووی خۆی بە ڕووبەندێک داپۆشیوە. جومگەی دەستی دەگری، ئەو جومگە ناسکە کە لەگەڵ دەستت پێی دەکەوێ دەلەرزێ.

- بەرچایی ئامادەیە.

ئەمە بە بێوازترین دەنگێک کە تا ئێستا بیستووتە دەڵێ.

- ئاورا، وەرە

ڕووبینی بخەینە لاوە.

- ڕووبینی؟

- ئەگەر خاتوو کۆنسوئێلۆ کۆسپی بەردەم ڕۆیشتنی تۆیە، ئەگەر ناهێڵێ بۆخۆت بژی پێم بڵێ. بۆ دەبێ ئەو لەوێ بێ کاتێک من و تۆ... پێم بڵێ لەگەڵ من دێی، کاتێک...

- بڕۆم؟ بۆ کوێ؟

---

٧- pansion: شوێنێک کە لە هەمبەر کرێ مانگانەدا، شوێنی مانەوە و خواردنت دەدەنێ. - فرهنگ معین.

- لەو ماڵە بڕۆین. بۆ دنیای دەرەوە، بۆئەوەی پێکەوە بژین. نابێ تا ئەبەد خۆت بە پوورتەوە ببەستیەوە... ئەو هەموو فیداکارییە لەپێناوی چی؟ هێندەت خۆش دەوێ؟

- خۆشم دەوێ؟

- بەڵێ. بۆ دەبێ ئاوا خۆت قوربانی بکەی؟

- خۆشم دەوێ؟ ئەو منی خۆش دەوێ. خۆیم بە قوربان دەکا.

- ئاخر ئەو پیرێژنێکە، جەنازەییێکە بۆخۆی. تۆ نابێ...

- ئەو لە من بە تین‌وگوڕترە. بەڵێ، پیر و کەلەلایە... فلیپێ، من حەز ناکەم... وەک ئەوم لێبێ... یەک...

- خەریکە زیندەبەچاڵت دەکا. تۆ دەبێ دووبارە لە دایک ببیەوە، ئاورا.

- بۆ لەدایک بوونەوە، سەرەتا پێویستە بمرین.. نا، تۆ تێناگەی. واز لەو قسانە بێنە، فلیپێ. بەس متمانەم پێ‌بکە.

- خۆزگە بۆت ڕوون دەکردمەوە.

- بەس متمانەم پێ‌بکە، ئەو ئەمڕۆ دەچێتە دەرەوە، تەواوی ڕۆژەکە لە دەرەوە دەبێ.

- ئەو؟

- بەڵێ، ئەوەکەی دی.

- دەچێتە دەرەوە؟ ئەو خۆ هەرگیز...

- با. هەندێ جار دەچێتە دەرەوە. بە زەحمەت دەڕوا. ئەمڕۆ دەڕواتە دەرەوە. تەواوی ڕۆژەکە. من و تۆ دەتوانین...

- بڕۆین؟

- ئەگەر تۆ پێت خۆش بێ.

- ها... جارێ نا. من گرێبەستم هەیە. بەڵام کە کارەکەم تەواو بوو ئەودەم...

- ئۆهـ بەڵێ. بەڵام ئەو تەواوی ڕۆژەکە لە دەرێ دەبێ. ئێمە دەتوانین کارێک بکەین.

- چی؟

ـ ئەمشەو لە قەرەوێڵەکەی پوورمدا چاوەڕێت دەکەم. من وەک جاران چاوەڕێت دەکەم.

پشتت تێدەکا، زەنگەکە دەزرینگێنێتەوە، وەک ئەو گولانەی کە زەنگەکانیان بە نیشانەی نزیک بوونەوە دەزرینگێننەوە و ڕێبواری بێئاگا ئاگادار دەکەنەوە: "خۆت دوور بگرە، خۆت دوور بگرە." کراس و چاکەت دەپۆشی و بە دوای زەنگەکەدا دەڕۆی کە بۆ ژووری نانخواردن بانگت دەکا. لە ژووری میوان، بێوەژنەکەی یۆرنتێ بەرەو لات دێ، کوور، خۆی هاویشتووەتە سەر گۆچانێکی گرێ گرێ، کۆنە کراسێکی سپی دەبەردایە بە تارایەکی لە تۆڕی شڕ و پڕ پەڵە و چڵکنەوە. بێئەوەی چاو لەتۆ بکا، لووتی لەناو دەسرەسڕەکەی دەسڕێ و تف ڕۆدەکا. لەبەر خۆیەوە ورتەی دێ:

ـ ئەوڕۆ لە ماڵ نیم، بەڕێز مۆنترۆ. متمانەم بە کاری تۆ هەیە. تکایە بە کارەکەتەوە بنووسێ. بیرەوەرییەکانی مێردەکەم دەبێ چاپ بێ.

دەڕوا، بە قاچی لاوازەوە کە دەڵێی لاقی بووکەڵەیەکی عەنتیکە، بەسەر فەرشەکەدا هەنگاو دەنێ، خۆی هاویشتووەتە سەر گۆچان، تف ڕۆدەکا و دەپژمێ، دەڵێی دەیهەوێ شتێک لە قوڕگی بەڵغەمگرتووی پاک بکاتەوە. کراسی زەرد هەڵگەڕاوی بووکێنی کە لە بنەوەی باوڵەکەی ژووری خەوی دەرهێناوە لەبەریدا دەبینی و ئیرادەی زۆری دەوێ کە سەرەڕای کونجکۆڵی بە چاو شوێنی هەڵنەگری.

دەست لەو قاوە ساردە نادەی کە لە ژووری نانخواردن چاوەڕوانتە. کاتژمێرێک لەسەر ئەو کورسییە بە پشتیی قەوسدارەوە دادەنیشی، جغارە دەکێشی و چاوەڕوانی ئەو دەنگانە دەکەی کە هەرگیز نایانبیستی، تا دواجار دڵنیا دەبی کە خاتوونە پیرەکە لە ماڵ دەرچووە و ناشێ لە کاتی ئەو کارەدا کە بە نیازی بیکەی بەسەرتدا بێتەوە. کاتژمێرێکە کە کلیلی باوڵەکە لە دەستتدا دەگوشی، هەڵدەستی و بە بێدەنگی لە ژووری دانیشتنەوە دەچیە ڕاڕەو و لەوێ، لە کاتێکدا گوێت بە دەرگای ژووری خاتوو کۆنسوئێلۆوە ناوە، چارەگە سەعاتێک ـ کاتژمێرەکە ئەوە نیشان دەدا ـ ددان بە خۆتدا دەگری. ئینجا بە هێواشی دەرگاکە دەکەیەوە و ڕادەوەستی تا ئەو کاتەی

لەودیو تەونی جاڵجاڵۆکەی مۆمەکانەوە، قەرەویڵە بەتاڵەکە دەبینی کە کەرویشک خانم لەسەر وێ خەریکە گێزەر دادەکرۆژێ، قەرەویڵەیەک کە هەمیشە وردکە نانی لەسەر ڕژاوە، قەرەویڵەیەک کە تۆ نەرم و بە شێنەیی دەستی پێدا دەهێنی، دەڵێی بیر لەوە دەکەیەوە کە ڕەنگە خاتوونە پیرەکە لە نێو گنجی چەرچەفەکەدا خۆی حەشار دابێ. دەچیە گۆشەی ژوورەکە، بەرەو باوڵەکە، پێ لە کلکی مشکێک دەنێی، دەزریکێنێ و لە بن پێت دەردەپەڕێ، بە قەڵەمبازان دەڕوا تا مشکەکانی دی ئاگادار بکاتەوە. کلیلی مزین لە قوفڵە ژەنگاوییەکەدا دەسووڕێنی، قوفڵەکە دەردەهێنی و، دەرگەی باوڵەکە هەڵدەدەیەوە. جیڕەجیڕی لاولاوە کۆن و ڕەقهەڵاتووەکەت گوێ لێدەبێ. بەشی سێهەمی بیرەوەرییەکان هەڵدەگری - شریتی سووری تێبەستراوە - لە بن ئەودا چەند وێنەیەک دەدۆزیەوە، وێنەی کۆنی پەڕپووت و گۆشە نوشتاوە. بێئەوەی تەماشایان بکەی دەریاندەهێنی، گشت ئەو گەنجینەیە بە سینگی خۆتەوە دەگوشی و بەپەلە ژوورەکە بەجێدێڵی، بێئەوەی دەرکی باوڵەکە دابخەیەوە. برسیەتیی مشکانت لە بیر دەچێتەوە. دەرگاکە پێوەدەدەی. لە ڕاڕەو پاڵ بە دیوارەوە دەدەی هەتا پشووت بێتەوە بەر، ئینجا بە پلیکانەکاندا دەچیەوە ژوورەکەی خۆت.

لەوێ لاپەڕە نوێیەکان، درێژەی بیرەوەرییەکان دەخوێنیەوە، ڕووداوەکانی سەدەیەکی پڕئازار، ژەنەڕاڵ یۆرنتێ بەو زمانە پڕتەشریفاتەی خۆیەوە کەسایەتیی ئوژنیا دو مۆنتیژۆ[8] وەسف دەکا، ڕێز و ستایشی خۆی بەرامبەر بە ناپلیۆنە چکۆلە[9] بەجێدەهێنێ، هەموو ڕەوانبێژیی سەربازیئاسای خۆی وەگەڕ دەخا تا شەڕی فەڕەنسا و پرۆس ڕابگەیێنێ، چەند لاپەڕان بە پەژارەی خۆی بۆ شکستی فەڕەنسا پڕ دەکاتەوە، بۆ هەموو پیاوانی بەشەرەف لەبارەی دێوەزمەی کۆماریخواز وتار دادەدا، تروسکاییەکی ئومێد

---

٨- Eugenia de Montijo ، هاوسەری ناپلیۆنی سێهەم.

٩- مەبەست ناپلیۆنی سێهەمە.

له ژەنەڕاڵ بولانژێ[١٠]دا دەبینێ، ئاخ و ئۆف بۆ مەکزیک هەڵدەکێشێ، بڕوای وایە کە لە ڕووداوەکەی دریفوس[١١]دا، شەرافەتی سوپا ـ هەمیشە ئەم وشەی "شەرافەت"ە بەکار دەهێنێ ـ جارێکی تر سەلماوە.

لاپەڕە پەڕپووتەکان لە دەستدا هەڵدەوەرن، ئیدی گوێیان پێنادەی، تەنیا بە دوای بەدیار کەوتنەوەی دووبارەی ژنە چاو سەوزەکەدا وێڵی. "دەزانم بۆ هەندێ جار دەگرییێ، کۆنسوئێلۆ. من نەمتوانی منداڵێکت پێ ببەخشم، هەرچەند تۆ ئاوا لێوڕێژ لە ژیانی..." و ئینجا "کۆنسوئێلۆ تۆ نابێ خۆت فریو بدەی. دەبێ لەگەڵ ئەم دۆخە ڕابێین. باشە ئەڤینم بۆ تۆ بەس نییە؟ دەزانم خۆشت دەوێم، وا هەست دەکەم. لێم دەوێی واز بهێنی، دەنا ئەمە ئازارت دەدات. تەنیا داوات لێدەکەم لەو ئەڤینە مەزنەدا کە دەڵێی بۆ منت هەیە، شتێکی سوکنایی‌بەخش بدۆزەوە، شتێک کە هەردووکمان نوقمی خۆی بکا، بێ‌ئەوەی پێویستمان بەوە بێ پەنا ببەینە بەر خەیاڵاتی پڕوپووچ..." لە لاپەڕەیەکی تردا: "بە کۆنسوئێلۆم گوت ئەو داوودەرمانانە بێ‌سوودن. ئەو لەسەر ئەوە مکووڕە ڕووەکەکانی خۆی لە باخچەکەدا بڕوێنێ. دەڵێ خۆی فریو نادات. ئەو ڕووەکانە بۆ بەهێزکردنی جسم نین، بۆ بەهێزکردنی ڕۆحن."

---

١٠- Boulanger ، ژۆرژ ئێرنست ماری بولانژێ (١٨٣٧-١٨٩١) ژەنەڕاڵی فەڕەنسایی. لە گەمارۆی میتس‌دا بەشدار بوو. هەڵاتە پاریس. نێردرایە فەرماندەیی لەشکرێک بۆ داگیرکردنی توونس. پاش ماوەیەک بوو بە وەزیری جەنگ. قۆڵبەست کرا و لە فەرماندەیی لادرا. توانی هەست و سۆزی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. خوازیاری گۆڕینی دەستوور بوو. بە پیلانگێڕی مەحکووم کرا، هەڵاتە برۆکسێل و لەوێ خۆی کوشت.

١١- Dreyfus، ئالفرێد دریفوس (١٨٥٩-١٩٣٥)، ئەفسەری بە ڕەچەڵەک جوولەکەی فەڕەنسی کە بە تاوانی دانی بەڵگەنامەی نهێنی بە ئەڵمانان دادگایی و مەحکووم کرا. پاش ماوەیەک بەڵگەنامەیەک دۆزرایەوە کە بێ‌تاوانیی ئەوی دەردەخست و بەو هۆیە بوو بە هۆی وروژانی هەست و سۆزی جەماوەر لە فەڕەنسا. لەشکری و شاپەرستەکان هێشتا لەسەر مەحکووم کردنی مکووڕ بوون و سۆسیالیست و کۆماری‌خوازەکان لایەنگری سەرلەنوێ دادگایی کردنەوەی بوون. ئێمیل زۆلا نووسەری ناودار بە تاوانی نووسینی وتارێک بۆ بەرگری‌کردن لە دریفوس کەوتە زیندان. دواجار لە ساڵی ١٩٠٦دا دریفوس تاوانی لەسەر لاچوو و گەڕایەوە خزمەتی سوپا. (لە **دائرەالمعارف فارسی** وەرگیراوە)

پاشان "وڕێنەی دەکرد، سەرینەکەی لە باوەش گرتبوو دەیقیژاند: 'بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، من ئەو کارەم کردووە، سەرلەنوێ خوڵقاندوومەتەوە! دەتوانم بیگێڕمەوە، دەتوانم بە ژیانی خۆم ژیانی پێ ببەخشم. دەبوایە دکتۆرم هێنابایە سەری. دکتۆر پێی گوتم کە ناتوانێ هێوری بکاتەوە، چونکە کۆنسوئێلۆ لە ژێر کاریگەریی دەرمانی موخەدەرە نەک دەرمانی هێزبەخش" و دواجار: "ئەمڕۆ بەری بەیانی بینیم بە پێخاوسی بە ڕاڕەوەکاندا دەگەڕێ. ویستم پێشی پێ بگرم. بێئەوەی تەماشام بکا بە پەنامدا تێپەڕی، بەڵام ڕووی قسەی لە من بوو. گوتی: پێشم پێ مەگرە. من بەرەو گەنجیەتی دەڕۆم و گەنجیەتیم بەرەو پیرم دێ. وا دێ، لە ناو باخچەکەیە، گەڕاوەتەوە...، کۆنسوئێلۆ، کۆنسوئێلۆی بەستەزمان، تەنانەت شەیتانیش سەردەمێک فریشتە بووە."

ئەوەندە و ئیتر تەواو. بیرەوەرییەکانی ژەنەڕاڵ یۆرنتێ بەو ڕستەیە کۆتایی پێدێ: "کۆنسوئێلۆی بەستەزمان، تەنانەت شەیتانیش سەردەمێک فریشتە بووە..."

پاش دوایین لاپەڕە، وێنەکان. وێنەی پیاوێکی بەناو تەمەن کەوتوو بە یونیفۆرمی لەشکرییەوە. وێنەیەکی کۆن کە لە سووچێکی نووسراوە: "وێنەگری مولێن، ژمارە ٣٥ شەقامی ئوسمان" و مێژووی "١٨٩٤". ئینجا، وێنەی ئاورا، ئاورا بە چاوی سەوز و بسکی ڕەشەوە کە چین چینی کردووە، پاڵی بە کۆڵەگەیەکی شێوازی دۆریک[12] داوە، بە دوورنمایەکەوە لە باکگراوەندی وێنەکەدا، دوورنمای لۆرێلای[13] لە ڕایندا. بەرۆکی کراسەکەی تا

---

١٢- Doric، کۆنترین شێوازی بیناسازی لە یۆنانی کەونناردا.

١٣- Lorelei، گاشەبەردێک لە قەراغ چۆمی ڕاین کە لەوێ دەنگ یەکجار زۆر ئاوازە دەداتەوە و پاپۆڕبە دژواری بە پەنایدا تێدەپەڕن. ئەو گاشەبەردە بووە

بە ئیلهامبەخشی ئەفسانەیەکی ژەرمەنی کە بە گوێرەی ئەو ئەفسانەیە لۆرێلای پەرییەکی جوانی دەریاییە کە پاپۆڕەوان و ماسیگران بە جوانی و دەنگ و سەدای خۆی فریو دەدا و بۆ لای خۆیان ڕادەکێشێ و پاپۆڕەکانیان بەو گاشەبەردە تێکدەشکێنێ. ئەم ئەفسانەیە لە ئوستوورەی **کیرکە** لە فەرهەنگی یۆنان نزیکە.

سەرێ بە دوگمان داخراوە، لەچکێکی بەسەرەوەیە، ژێرتەنوورەیەکی ئاهار لێدراوی لەبەردایە: ئاورا و، مێژووی "١٨٧٦" بە مەرەکەبی سپی و، لە پشتی وێنە کۆنەکە بە دەستخەتێکی وەک تەونی جاڵجاڵۆکە: "بە بۆنەی دەهەمین ساڵڕۆژی زەماوەندمان" و ئیمزایەک بە هەمان خەت: "کۆنسوئێلۆ یۆرنتێ."، لە وێنەی سێهەمدا ئاورا و پیرەمێردەکە پێکەوە دەبینی، بەڵام ئەوجارە هەردووکیان جلی ماڵەوەیان لەبەردایە و لەنێو باخێکدا لەسەر کەرەوێتێک دانیشتوون. وێنەکە کەمێک لێڵە: ئاورا وەک وێنەکەی دی گەنج نییە، بەڵام بۆخۆیەتی و، ئەمە، ئەمەیان... تۆی. لە وێنەکانەوە ڕادەمێنی. ڕیشی ژەنەڕاڵ یۆرنتێ بە قامک دادەپۆشی، بە مووی ڕەشەوەی وێنا دەکەی و کتومت هەر خۆتی: لێڵ، ونبوو، لەبیرکراو، بەڵام خۆتی، تۆ، تۆ.

سەرت دە گێژەوە دێ، تژی لە نەوای ڤاڵسێک لە دووردەستەوە و بۆنی ڕووەکی کەسکوونی خاو. ماندوو و هیلاک دەکەویە سەر قەرەوێڵەکە، دەست بە کوڵمەکانت، چاوانت و کەپۆتدا دەهێنی، دەڵێی لەوە دەترسی دەستێکی نەبەدی ئەو دەمامکەی بیست و حەوت ساڵ بە دەموچاوتەوە بووە لێ ڕفاندبی، دەمامکێکی کارتۆنی کە دەموچاوی ڕاستەقینەی تۆ شاردووەتەوە، ئەدگاری ڕاستەقینەی تۆ، ئەدگارێک کە سەردەمایەک هەتبووە، بەڵام فەرامۆشت کردووە. دەموچاوت لە سەرینەکەتدا نوقم دەکەی هەتا نەهێڵی ئەو ڕوخسارە لە دەست بدەی. دەموچاو نوقمی سەرین، هەر ئاوا ڕادەکشێی و چاوەڕوانی ئەوە دەکەی کە دەبێ ڕوویدا، چاوەڕوانی ئەوەی تۆ ناتوانی ڕێگەی پێ بگری. ئیدی سەیری کاتژمێرەکەت ناکەی، ئەو ئامرازە بێکەڵکە کە بە شێوەی جاڕسکەر زەمان هاوکات لەگەڵ پڕوپووچێتیی ژیانی مرۆڤ دەپێوێ، ئەو میلە بچووکانە کە سەعاتگەلی دوورودرێژ پێشان دەدەن کە داهێنراون بۆئەوەی سەرپۆشێک بن بەسەر تێپەڕینی ڕاستەقینەی زەماندا کە بە خێراییەکی ئەوەندە سامناک و بێ-دەربەست ڕادەکا کە هیچ کاتژمێرێک ناتوانێ بیپێوێ. ژیانێک، سەدەیەک، پەنجا ساڵ. ئیتر ناتوانی ئەو پێوەرە فریودەرانە وێنا بکەی، ناتوانی ئەو گەردە بێ بارستاییە لە دەستتدا ڕابگری.

که سەر لە سەرین هەڵدەگری خۆت لەناو تاریکیدا دەبینیەوە. شەو داکەوتووە.

شەو داکەوتووە. ئەودیو سەقفە شووشەییەکە ئەو هەورە تیژتێپەڕانەی مانگ کە هەوڵ دەدا خۆی دەرباز بکا و ڕووی گەشی خڕ و ڕەنگ پەڕیوی خۆی دەربخا، دەشاریتەوە. تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم ڕادەکا و دیسان هەورەکان دایدەپۆشنەوە. هیچ هیوات بۆ نەماوەتەوە. تەنانەت سەیری کاتژمێرەکەشت ناکەی. بە پەلە بە پلیکانەکاندا دادەگەڕێی، لە دەرەوەی ئەو گرتووخانە تاکەکەسییەی کەچە کاغەز و وێنەی کاڵبووەوەی کۆندا، لە بەردەم دەرگای خاتوو کۆنسوئێلۆ ڕادەوەستی و گوێ لە دەنگی خۆت دەگری کە دوای ئەو هەموو سەعاتە بێدەنگییە، لێڵە و لە هی خۆت ناچێ: "ئاورا..."

جارێکی دیکەش: "ئاورا..."

وە ژوور دەکەوی. مۆمە نەزرییەکان کوژاونەوە. بیرت دێتەوە کە خاتوونە پیرەکە تەواوی ئەو ڕۆژە لە دەرێ بووە: بێ پێڕاگەیشتنی ئیماندارانەی ئەو مۆمەکان تا بن سووتاون. لە تاریکیدا بە دەستەکوتە دەڕۆیە لای قەرەوێڵەکە.

بۆ جارێکی دیکەش: "ئاورا..."

خشە خشی بە ئاستەمی داوێنە پڕگنجەکەیت بەر گوێ دەکەوێ و، دەنگی هەناسەیەک کە لەگەڵ هەناسەی تۆدا تەبایە. دەست ڕادەدێری  هەتا دەست لە کراسە سەوزەکەی ئاورا بدەی.

ـ نا، دەستم لێمەدە. لە پەنام ڕاکشێ.

ـ لێواری قەرەوێڵەکە دەدۆزیەوە، لەسەری دادەنیشی، پێیەکانت دەبەیە سەرەوە و ڕادەکشێی و جووڵە لە خۆت دەبڕی. بێئیرادە، لە ترسان دەلەرزی: "هەر بینا گەڕاوە."

ـ ناگەڕێتەوە.

ـ هەرگیز؟

ـ من بێزار بوومە. ئەو ئیدی بێزار بووە. هیچکات نەمتوانیوە لە سێ ڕۆژ زیاتر لە لای خۆم ڕایبگرم.

ـ ئاورا..

دەتهەوێ دەست بۆ بەرۆکی ببەی. پشتت تێدەکا. لە گۆڕانی دەنگی‌ڕا ئەمەت بۆ دەردەکەوێ.

ـ نا... دەستم لێمەدە...

ـ ئاورا... خۆشم دەوێی.

ـ بەڵێ. خۆشت دەوێم. دوێنێ پێت گوتم کە تاهەتایە خۆشت دەوێم.

ـ تاهەتایە خۆشم دەوێی، تاهەتایە. پێویستم بە ماچەکانتە، بە لەش‌ولارت...

ـ ڕوخسارم ماچ کە، تەنیا ڕوخسارم.

لێوەکانت لەو سەرە نزیک دەکەیەوە کە لە تەنیشت سەرتە، دەست بە پرچە ڕەش و درێژەکەی ئاورادا دەهێنی: شانی ئەو ژنە تورت و پەڕپووتە ڕێکدەگوشی و گوێ بە قیژە پڕ گازندەکانی نادەی. کراسە پڕگنجەکەی فڕێ دەدەیە لایەک، باوەشی پێدا دەکەی و لە باوەشتدا چکۆلە و ڕووت‌وقووت و بێ‌ئەنوا دێتە بەرچاوت. گوێ نادەیە خۆڕاپسکاندنی تێکەڵ بە ناڵە و گازندەی نووزە لێبڕاوی و، ڕوخساری ماچ دەکەی، بێ‌ئەوەی بیر بکەیەوە، بێ‌ئەوەی بیناسیەوە و، دەست بۆ مەمکی چرچی دەبەی کە بازنەی تریفە شەوقێک دەهاوێژێتە نێو ژوورەکە؛ ڕووناکییەک کە لەو درزی دیوارانەوە کە مشک بڕیونی دزەی کردووە، چاوانێک کە شەوقی مانگەشەوێکی زیوین دەهێننە ژوور. ڕووناکییەکە دەکەوێتە سەر دەموچاوی پەڕپووتی ئاورا، دەموچاوێکی بە قەد پەڕی بیرەوەرییەکان پواو و زەرد هەڵگەڕاو و، لە چەشنی وێنەکان پڕ گنج و لۆچ. چیدی ئەو لێوە بێ‌گۆشت و ئەو پووکە بێ‌ددانانەی ماچ ناکەی، تریفەی مانگ جەستەی خاتوونە پیرەکە، خاتوو کۆنسوئێلۆ وەدیار دەخا، کەلەلا، کەنەفت، لاواز، پەڕپووت و لەرزیو بە هۆی ئەوە کە دەستی تۆی بەرکەوتووە. خۆشت دەوێ، تۆش گەڕاویەوە...

ڕوخسار و چاوە ئاوەڵاکانت لە قژی زیوینی کۆنسوئێلۆدا نوقم دەکەی و جارێکی دی باوەشی پێدا دەکەیەوە، کاتێک هەورەکان مانگ دابپۆشن، کاتێک

هەردووکتان دووبارە بشاردرێنەوە، ئەو کاتەی بیرەوەریی لاوێتی، لاوێتییەک کە گیانی وەبەر هاتبێتەوە، بەسەر تاریکیدا زاڵ دەبێ.
- ئەو دەگەڕێتەوە، فلیپێ. ئێمە پێکەوە دەیگێڕینەوە. با من هێزم بێتەوە بەر، دەیگەڕێنمەوە...

# چۆنم ئاورا نووسی

**یەک**، بەڵێ، کچێکی بیست ساڵە، هاوینیساڵی ١٩٦١، زیاتر لە بیست و دوو ساڵ لەمەوبەر، لە دەرانەی دەرگای ژووری دانیشتنی چکۆلەی باڵاخانەیەک لە شەقامی ڕاسپای تێپەڕی و پێی نایە ژووری خەوێکی کە لەوێدا چاوەڕوانی بووم.

دەنگۆی ناخۆش و بۆنی تەقینەوە پایتەختی فەڕەنسای داگرتبوو. ئەمە، ئەو کاتە بوو کە دووگل بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕا بۆئەوەی لە ئەلجەزایر بکشێتەوە و O.R.S، ڕێکخراوی سوپای نهێنی، بێ هیچ جیاوازی دانانێک ژان پۆل سارتر و دەرکەوانی ماڵەکەی دەدایە بەر هێرشی بۆمبەکانی خۆی: ئەمانە بۆمبی ژەنەراڵە یەکسانیخوازەکان بوون.

بەڵام پاریس شارێکی دووفاقە؛ هەرچی لەوێ ڕوودەدا تراویلکەیەکی هەیە کە دەڵێی کەشوهەوایەک لە واقیع دەخولقێنێتەوە. ئێمە زۆر زوو بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمە، جۆرێک فریوە. ئاوێنەی زۆر و زەوەندی ماڵەکانی پاریس کاریان تەنیا ئەوە نییە کەشوهەوایەکی تایبەت بخولقێننەوە. گابریل گارسیا مارکیز دەڵێ: پاریسییەکان بە لەشکری ئاوێنەکانیان ئەو گومانە دروست دەکەن کە باڵەخانە بچووکەکانیان دووهێندەی ئەندازەی ڕاستەقینەن. بەڵام جادووی ڕاستەقینە ـ ئەمەیان گابریل و من دەیزانین ـ ئەمەیە کە ئەو وێنەیەی ئێمە لەو ئاوێنانەدا دەیبینین، هەمیشە زەمانێکی **دیکە**یە: زەمانی ڕابردوو، زەمانی نەهاتوو، هەروەها جاروبارێک، ئەگەر بەخت یارت بێ، کەسێک کە کەسێکی **دیکە**یە بەسەر ئەو زرێباری جیوەیەوە دەردەکەوێ.

من پێم وایە ئاوێنەکانی پاریس شتێک لە گومانی خۆیان زیاتریان لەباراندایە. ئەوان لە هەمان کاتدا ڕەنگدەرەوەی شتێکی هەست پێنەکراوترن: ڕووناکیی شار، ڕووناکییەک کە من چەندین جار هەوڵم داوە وەسفی بکەم؛ لە باسی ڕووداوە سیاسییەکانی مانگی ئازاری ١٩٦٨ و ئازاری ١٩٨١دا و لە ڕۆمانی وەک ***خزمە دوورەکان***[١٤]، کە لەوێدا دەڵێم: ڕووناکیی پاریس وەکو "ئەو چاوەڕوانییە وایە کە هەموو ئێواران... لە ساتەوەختێکی پەرجووئاسادا، باران یان مژ، گەرمای سووتێنەر یان بەفر بوەشێنێ و، وەک لە دوورنمای بەرهەمەکەی **کۆرۆ**[١٥]دا، جەوهەری درەوشاوەی ئیل دو فرانس[١٦] دەربخا."

کەشواهەوای دووهەم: کەسی دووهەم ـ کەسێکی دیکە ـ لە ئاوێنەدا، لە ئاوێنەدا لەدایک نابێ، لە ڕووناکییەوە سەرهەڵدەدا. ئەو کچەی لە ئێوارە گەرمەکەی سەرەتای سێپتامبەری بەر لە بیستساڵ، لە ژووری دانیشتنەوە بە لەنجە ڕۆیشتە ژووری خەو، کەسێکی دیکە بوو، **چونکە** شەش ساڵ بەسەر ئەو کاتەدا تێدەپەڕی کە بۆ یەکەم جار لە سەروبەندی پشکووتنی باڵغبووندا لە مەکزیک بینیم.

بەڵام ئەو کچە لەو ڕووەوە کەسێکی دیکە بوو کە ڕووناکیی ئەو ئێوارەیە، دەتگوت چاوەڕوانی ئەو بووە، بەسەر بارستایی منجڕی هەورەکاندا زاڵ بوو. ئەو ڕووناکییە ـ لە بیرمە ـ سەرەتا بە ترس و لەرز لە هەورەکە هاتە دەرێ، دەتگوت هەڕەشەی باهۆزێکی هاوینی، بەرە بەرە پاشەکشەی پێدەکا؛ ئینجا بوو بە مرواریییەکی درەوشاوە لە ناو سەدەفی هەوراندا. دواجار، زۆری پێنەچوو بە گشتیەتێکەوە کە خۆی چەشنێک ئازار بوو بە ئاسماندا بڵاو بووەوە.

لە ماوەی ئەو بەرودوایە تاڕادەیەک دەرلەحزەیەدا، ئەو کچەی کە چواردە ساڵەیی ئەوم وە بیر بوو و ئێستا بووبووە بیست ساڵ، وەک ئەو

---

14- Distant Relations

١٥- Jean Baptst Camill Corot (١٧٩٦-١٨٦٥)، نیگارکێشی فەڕەنسی کە بە هۆی دوورنماکانییەوە بەناوبانگە.

١٦- Ile de France، ئێستا ناوچەیەکە لە دەوروبەری پاریس.

ڕووناکییەی لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوور، تووشی گۆڕان بوو. شیپانەکە نێوان ژووری دانیشتن و ژووری خەو بوو بە سنووریک لە نێوان هەموو تەمەنەکانی ئەو کچەدا: ڕووناکییەکە کە لەگەڵ هەوران لە ململانێدا بوو، لەگەڵ لەشی ئەویش لە شەڕدا بوو، ئانگژای بوو، سکێجێکی لێ کێشاوە، سێبەری سالآنی بەسەردا کێشا، مەرگێکی لە چاوانیدا هەڵکەند، بزەی لە لێوان ڕفاند، بە ماخولیای چین چینی شێتیەتی لە پرچیدا ڕەنگی بزڕکا.

ئەو کەسێکی دیکە بوو، بووبووە کەسێکی دیکە، ئەو کەسە نا کە ببووەیێ، ئەو کەسەی کە هەمیشە بوو.

ڕووناکی کچەکەی داگیر کرد، بەر لە من چێژی لێ وەرگرت و، من لەو پاشنیوەڕۆیەدا "میوانە نامۆکەی پێگەڕ(قەڵەمڕەو)ی ئەوین" بووم و دەمزانی کە چاوی ئەوین هەروا دەتوانێ ئێمە ـ دیسانەوە بە قەولی کێڤێدۆ[١٧] ـ بە "مەرگێکی جوان"ەوە ببینێ.

بۆ بەیانییەکەی، لە قاوەخانەیەکی نزیک هوتێلەکەم لە شەقامی بێری ***ئاورا***م دەست پێکرد. ئەو ڕۆژەم لە بیرە: خرۆشچۆف تازە پلانە بیست ساڵەکەی لە مۆسکۆ ڕاگەیاندبوو، کە تێیدا بەڵێنی دەدا تا دەیەی هەشتا قۆناغی کۆمۆنیزم دادێ و حکوومەت نامێنێ ـ و وەک دەبینن ئێمە هەروا لە جێی خۆمانین ـ و لەو ڕێڕەوەدا ڕۆژئاوا بە خاک دەسپێرین و، گوتەکانی بە هەموو وردبینیە خەمهێنەرەکەیەوە لە ***ئینتەرناشناڵ هیراڵد تریبون***دا چاپ ببوو کە کچانێکی تارمایی‌ئاسا جاڕیان بۆ دەدا، ئەویندارانێکی لاو، گیرۆدەی گرتووخانەی زووتێپەڕی خرۆش و ئارەزوو، نووسەرانی **ئاورا**: کچانی مردوو.

**دوو**، بەڵێ، دوو ساڵ پێشتر لەگەڵ لوئیس بونوئێل لە ماڵەکەی خۆی لە شەقامی پرۆڤیدێنس پێکمان هەڵدەدا و باسی کێڤێدۆمان دەکرد، شاعیرێک کە

---

١٧- Quevedo y Villegas (١٥٨٠-١٦٤٥)، شاعیری فرهاوێژی ئیسپانیا.

ئەو دەرهێنەرە ئیسپانییە لە زۆربەی شارەزایانی شێعری بارۆکی سەدەی حەڤدەهەم باشتر دەیناسێ.

بێگومان تا ئێستا بۆتان دەرکەوتووە کە نووسەری ڕاستەقینەی ***ئاورا*** (و هەروەها ئەو کچە مردووانەی ئێستا ئاماژەم پێکردن) ناوی فرانسیسکۆ دو کێڤێدۆ ئی ڤیەگاسە، لە دایکبووی ١٧ی سپتامبەری ١٥٨٠ی مادرید و پێدەچێ کۆچی دواکردوو لە ٨ی سپتامبەری ١٦٤٥ لە وییانوڤێ دی لۆس ئینفانتس؛ برای سویفت[18]ی ساتیرنووس و فڕهاوێژ و، هەروەها شاعیری بێهاوتای مەرگ و ئەوینمان، شکسپێری ئێمە، جان دان[19]ی ئێمە، دوژمنی بابەکوشتەی گۆنگۆرا[20]، نوێنەری سیاسیی دوک ئۆسونا[21]، لایەنگری بەندکراو و چارەڕەشی دەسەڵاتێکی ڕووخاو؛ کێڤێدۆی قۆڕبێژ، کێڤێدۆی پایەبڵند، مردوو لە بورجی ڕەواقی خۆیدا، خەون دەبینێ، پێدەکەنێ، دەگەڕێ، دەدۆزێتەوە هەندێ دێڕە شیعری بەڕاستی نەمری ئیسانیایی:

oh condicion mortal oh dura suerte
Que no puedo querer vivir manana
Sin la pension de procurer mi muerte.

ئاخ ئەی دۆخی پڕمەینەت، ئەی چارەنووسی سرک
ناشێ هیوام بە ژینی دواڕۆژ هەبێ

---

١٨- Jonathan Swift (١٦٦٨-١٧٤٥)، نووسەری مەزنی بەریتانی، مامۆستای گەورەی پەخشانی ئینگلیزی و فڕهاوێژێکی ناودار.

١٩- John Donn (١٥٧٢-١٦٣١)، شاعیر و ڕۆحانیی بەریتانی، شیعرە دڵدارییەکانی زۆر بەناوبانگن.

٢٠- Gongora y Argote (١٥٦١-١٦٢٧)، شاعیری ناوداری ئیسپانیایی. لەگەڵ کێڤێدۆ قسەیان لێک هەڵبەزیەوە و کێڤێدۆ شرت و شۆی دەرهێنا.

٢١- Osuna نازناوی پێدرۆ تێلز یی خەیرون (Pedro Tellez y gidron) (١٥٧٤-١٦٢٤)، سەرکردە و سیاسەتوانی ئیسپانی. ماوەیەک لە سیسیل و ناپێل کاربەدەست بوو. ساڵی ١٦٢٠ بانگ کرایە ئیسپانیا و فیلیپی چوارەم خستیە زیندان.

بێئەوەی کڕیاری مەرگی خۆم بم.
یان ئەم دێڕانە لە وەسفی ئەویندا:

Es yelo abrasador, es fuego helado,
es herida que duele y no se sients,
es un sonsdo bien, mal presents.
Es un breve descanso muy canasado.

ئاگرێکە دامرکێنەر، سەهۆڵێکە سووتێنەر
برینێکە بە سفتوسۆ کە هەستی پێناکرێ
شادییەکی ئاوات خوازراو، بەڵاییکی لابەلا
ئۆخژنی کورت، لێ، ئاخ یەکجار هەژێنەر.

بەڵێ نووسەری ڕاستەقینەی ***ئاورا*** کێڤێدۆیە و، خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لێرەدا پێتانی دەناسێنم. ئەوە مەوهیبەتی گەورەی سەردەمە: "ئەو" نووسەرە، ئیدی هەر بە تەنیا نووسەر نییە؛ ئەو دەبێتە هۆکاری نەبینراوی کەسێک کە ناوی خۆی بە بەرهەمەکەوە لکاندووە، لە چاپی داوە و پاداشی نووسینەکەی وەرگرتووە (و هەروا وەریدەگرێ). بەڵام کتێبەکە یەکێکی تر نووسیویە - هەمیشە هەر وا بووە، هەردەم هەراویە؛ کەسەکەی دی، کێڤێدۆ و کچێکە کە دەکرێ بڵێین مەحوی ئەوین بوو؛ بۆنوئێل و ئێوارەکەی مەکزیکۆسیتی - یەکجار جیاواز لە ئێوارەکەی پاریس، بەڵام دیسانەوە یەکجار جیاواز، لە ١٩٥٩، لەو ئێوارانەی مەکزیکۆسیتی لەم ڕۆژانەدا.

کە بە شەقامی ئیسورگێنتس[٢٢]دا دادەگەڕای، دوو کێوی ئاگرپژێنت لێرا دیار بوون؛ پۆپۆکاتێپتل[٢٣] کێوێک کە دووکەڵی لێهەڵدەستا و ئیستاچی-

---

22 –Insurgentes

23 –Popocatepetl

هواتل[24]، خانمی خەوتوو و، ئەودەم هێشتا بینای بەرزی فرۆشگەکەی تەنیشت ماڵی بۆنوئێل قیت نەکرابووەوە. بۆنوئێل، خۆی لە پەرستگەیەکی بچووکی دەورەدراو بە دیواری یەکجار بڵندی کەرپووچەوە کە تاجی وردەشووشەی لەسەر بوو، بە فیلمی ***نازارین***[25]ەوە گەڕابووەوە سینەمای مەکزیک و ئێستا خەریک بوو بیرۆکەیەکی کۆنی لە سەریدا دەهێنا و دەبرد: گێڕانەوەیەکی جیاواز لە تابلۆی ***گەمیەکەی مێدوسا***[26] بەرهەمی ژێریکۆ کە لە لوڤێر هەڵواسراوە و سەربردەی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە لە کارەساتێکی دەریایی لە سەدەی هەژدەهەم دەرباز بوون.

ڕزگاربووانی کەشتیی مێدوسا، ئەوکاتە کە بە سواری کەڵەکێکەوە لەسەر ئاو سەرگەردان بوون، سەرەتا ویستیان وەک بوونەوەری شارستانی ڕەفتار بکەن. بەڵام کاتێ ڕۆژ و شەویان بەسەردا هاتن و ڕۆژ بوون بە حەوتوو و ناکۆتا بە دوای حەوتوواندا خۆی نیشان دا، کۆیلەبوونیان بە دەست ئاوەوە، پەردەی نەزاکەتی دڕی و سەرەتا بوون بە خوێ، ئینجا شەپۆل، پاشان نەهەنگ: دواجار، تەنیا لەبەر ئەوە ڕزگاریان بوو چونکە ورگی یەکتریان هەڵدڕی. ئەوان، بۆ ئەوەی یەکتر لەناو ببەن، پێویستیان بە یەکتر بوو.

دیارە گێڕانەوەی سینەمایی نیگای تۆقیوی مێدوسا ناوی ***فریشتەی کوشتارچی***یە، یەکێک لە جوانترین فیلمەکانی بۆنوئێل کە لەوێدا تاقمێک خەڵکی ناودار کە هەرگیز پێویستیی ڕاستەقینەیان بە هیچ شتێک نەبووە بە شێوەیەکی جادوویی، لە کاتی چوونەدەر لە کۆشکێکی ڕازاوەدا تێدەگەن ناتوانن لەوێ بڕۆن. دەرگای کۆشکەکە دەبێت بە هەڵدێرێک و پێویستی دەبێ بە لەناوبردن: گەمیە شکاوەکانی شەقامی پرۆڤیدنس تەنیا لەو ڕووەوە پێویستیان بە یەکە کە یەکتر هەڵدڕن.

---

24 –Iztaccihuatl

25 –Nazarin

26 –*Le Rdeau de la Meduse*

مەزموونی پێویستی لە کارەکانی بۆنوئێلدا قووڵ و تاهەتاییە و فیلمەکانی هەمیشە دۆخێک ئاشکرا دەکەن کە تێیدا ژنێک و پیاوێک، منداڵێک و شێتێک، پیاوچاکێک و گوناهبارێک، تاوانکارێک و خەیاڵبازێک، دوورەپەرێزییەک و حەزێک پێویستیان بە یەکە.

بۆنوئێل خەریک بوو گەڵاڵەی فیلمی ***فریشتەی کوشتارچی*** دادەڕشت و هاوکات لە مەودای نێوان ژووری دانیشتن و باڕدا ڕاوێچکەی دەکرد و کتومت دەتگوت پیکادۆر[٢٧]ێکی خانەنشینە. هاتوچۆکەی بۆنوئێل بە جۆرێک بێ جووڵە بوو.

A todas partes que be vuelvo
Las amenazas de la ilama ardiente
Y en cualquier lugar tengo presente
Tormnto esquivo y burlador deseo.

**ڕوو لە هەر لایەک بکەم، دەبینم**
**ترسی پڕیشکە ئاوری سووتێنەر**
**لە هەر کوێ بم، ئاگادارم**
**لە ئازارێکی بێبەزەیی و حەزێکی ڕیسواکەر**

باس باسی کێڤێدۆ بوو و وێنەکەی بۆنوئێلی لاو، بەرهەمی دالی لە دەیەی ١٩٢٠دا، چاوی تێبڕیبووین، ئەم حوکمە شاعیرانەیەی ئێلوار[٢٨] لەو ئێوارەیە دوورەی مەکزیک لەگەڵ هەوای ڕوون و بۆنی **تۆرتیلای** سووتاو و **چیلی**[٢٩]ی تازە بڕدراو و گوڵی کەم تەمەن دەنیشتە نێو زەینمەوە: "شیعر دەبێ دوو لایەنە بێ." ئەگەر بۆنوئێل بیری لە ژریکۆ و کێڤێدۆ و فیلمەکەی خۆی دەکردەوە، من بیرم لەوە دەکردەوە کە گەمیەکەی مێدوسا ئیدی دوو

---

٢٧- Picador، یاریدەری سوارەی گاباز کە بە لێدانی نێزە لە پشتی گا، یارییەکە دەست پێدەکا.

٢٨ Paul Eluard (١٨٩٥-١٩٥٢)، شاعیری گەورەی فەڕەنسی و لایەنگری سوررریالیزم.

٢٩- دوو خواردنی ئیسانیایین.

چاوی بەردینی هەبوو کە مرۆڤەکانی نێو فیلمی ***فریشتەی کوشتارچی*** نەک هەر لەو ئەفسانەیەدا کە سێبەری دەخستەسەر پەردەی سینەما، بەڵکو لەناو واقیعی مادی و میکانیکیی کامێرایەکدا دەخاتە داو کە لەمەودوا دەبوو بە زیندانی ڕاستەقینەی کەشتی شکاوەکانی پرۆڤیدنس: کامێرایەک (جا قەیدی چییە؟) بەسەر دیدارێکی ڕۆمانسیانەی چەترێک و مەکینەیەکی دروومانەوە لەسەر مێزی شیکاری جەستە، وەک ئەوەی کە لوترێئامون[٣٠] دروستی کردووە.

بۆنوئێل لە نێوەندی نێوان ژووری دانیشتن و باڕ وەستا و بە دەنگی بەرز پرسی: "ئەگەر توانیبامان لە کاتی تێپەڕین لە دەرانەی دەرگایەک لاوەتیی خۆمان بە دەست هێنابایەوە، ئەگەر توانیبامان، لەمدیو دەرگەکە پیر و، هەر کە دەپەڕینەوە ئەمدیو لاو بووباینەوە، چی دەبوو...؟"

***سێ***، بەڵێ، سێ ڕۆژ پاش ئەو ئێوارەیە لە شەقامی ڕاسپای، چوومە تەماشای فیلمێک کە هەموو هاوڕێکانم، بەتایبەت خۆلیۆ کۆرتاسار، زۆریان ستایش دەکرد: ***ئۆگتسۆ مۆنۆگاتاری: چیرۆکەکانی مانگی بزڕکاوی پاش باران***، بەرهەمی فیلمسازی ژاپۆنی کێنجی میزۆگوچی[٣١]. لاپەڕە پڕ جۆش و خرۆشەکانی سەرەتای ***ئاورام*** پێبوو کە لە قاوەخانەیەکی نزیک شانزەلیزێ، بێ ئەوەی هۆشم بەسەر ئەو شیرینی و قاوەیەوە بێ کە سارد دەبووەوە و بێ گوێدانە مانشێتی هەواڵەکانی ***فیگارۆ***، نووسیبوومن: " ئاگادارییەکە لە ڕۆژنامەدا دەخوێنیەوە. هەلی وا هەموو ڕۆژێ هەڵناکەوێ. دەیخوێنیەوە و دیسان دەیخوێنیەوە. دەڵێی ڕووی لە کەس نییە لە تۆ نەبێ."

چونکە "تۆ کەسێکی دیکەی"، ئاوا بوو ئەو وێنە نادیارەی کە لە دیمانەکەی بۆنوئێل لە مەکزیک هەمبوو و لە دیداری ئەو کچەی دیلی ڕووناکی لە

---

٣٠- Lauteamuont le comt de، ناوەکەی بە ئەسڵ ئیزیدۆر لوسیەن دوکاس ( Isidore Lysien Ducass)ە (١٨٤٦–١٨٧٠)، لە مۆنتێ ویدئۆ، لە ئۆروگویە، لە دایک بوو و لە پاریس نیشتەجێ بوو. بە پێشەنگی سورریالیزم دادەنرێ.

٣١- Kenji Mizoguchi

پاریس و دیداری کێڤیدۆ بە ئاگری دامرکێنەر، سەهۆڵی سووتێنەر، برینی بە سفتوسۆ کە هەستی پێناکرێ، شادیی ئاوات خوازراو، بەڵای لابەلا، کە ناوی خۆی دەنێ ئەڤین بەڵام لە هەموو شت زیاتر ئارەزوو بوو. سەیر ئەوە بوو فیلمەکەی میزۆگوچی لە سینەما ئورسولین پیشان دەدرا، واتە ئەو شوێنەی سی ساڵ بەرێ فیلمەکەی بۆنوئێل، سەگی ئەندەلۆسی، تێیدا بەرامبەر بە تەماشاچیی هاوارکەر چووبووە سەر پەردە. وە بیرمە ناچار بوون پەرستارانی خاچی سوور لە ڕاڕەوەکانی سینەمادا ئامادە بکەن بۆئەوەی کاتێ بۆنوئێل لەسەر پەردەی سینەما، چاوی کچێکی، کە دەتگوت دەگەڵ مانگی چواردە کراون بە دوو کەرت، بە تیخ دەبڕی، بگەنە فریای ئەو ئافرەتانەی کە دەبوورانەوە.

وێنە تیژتێپەڕەکانی میزۆگوچی دەربڕی چیرۆکێکی جوانی دڵداری بوون کە دەرهێنەری ژاپۆنی لە چیرۆکی "ماڵێک لە قامیشەڵاندا" لە کۆمەڵە چیرۆکی ***ئۆگتسۆ مۆناگاتاری*** وەرگرتبوو. ئۆئدا ئاکیناری لە سەدەی هەژدەمدا ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی نووسیوە. ئاکیناری لە ساڵی ١٧٣٤دا لە گەڕەکی بەدناوی سونزاکی لە دایکێکی سۆزانی بەربۆوە و باوکی دیار نەبوو کێیە. چواردە ساڵان بوو کە دایکی بەجێیهێشت، بنەماڵەی ئۆئدا کە بازرگانی ڕۆن و کاغەز بوون کردیانە کوڕی خۆیان و زۆریان ئاگا لێبوو و خۆشیاندەویست، بەڵام هەستێکی قووڵی نامۆیی و چارەڕەشی بەردەوام لەگەڵیدابوو: ئەم بنەماڵە بازرگانە دڵخۆشە بە هۆی تیجارەتەوە لە نەریتی سوپاییگەریی خۆیان تەکیبوونەوە. ئاکیناری تووشی نەخۆشیی گرۆیێی بوو و ڕەنگە تەنیا بەو هۆیە کە زڕدایکی لێی گرتەوە و پێچوو لەو نەخۆشیە دەربازی بوو. ژنەکە مرد و، ئاکیناری بە دوو دەستی گۆجەوە زیندوو ما، تا ئەوەی خواوەندی ڕێوییان، ئیناری، دەرفەتی وەی پێدا پەڕەمووچ بە دەستەوە بگرێ و ببێتە خۆشنووس و، پاشان نووسەر.

سەرەتا کار و کەسابەتێکی بە هەڕمێنی بە میرات بۆ مایەوە کە ئاگر یەکسەر لەناوی برد. ئینجا بوو بە پزیشک: کچێکی چکۆلە کە ئەو چارەسەری بۆ کرد مرد، بەڵام باوکی کچۆڵەکە هەر وا بڕوای پێبوو. ئەوە

بوو وازی له پزیشکی هێنا. تەنیا دەیتوانی نووسەرێکی ئیفلیج بێ، ڕەنگە کەسێکی ناو چیرۆکەکانی خۆی، زویر لە بەختی ڕەش، نەداری، نەخۆشی و کوێری. ئاکیناری هەر بە منداڵی فڕێ درابوو، ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی بە چاولەدەستی بەسەر برد و لە پەرستگا و لە قوون دەرکان ژیا. پیاوێکی زانا بوو. خۆی نەکوشت، بەڵام لە ساڵی ١٨٠٩دا گیانی دەرچوو.

کەواتە ئوئدا ئاکیناری بە خۆی و دەستە گۆجەکانییەوە و بە یارمەتیی سیحری خواوەندی ڕێوییان، توانی پەڕەمووچ بە دەستەوە بگرێ و بەمجۆرە هەندێ چیرۆکی نووسین کە بێوێنەن، لەبەر ئەوەی چەندفاقن.

"ڕەسەنایەتی"، نەخۆشیی نوێبوونەوەیەکە کە دەیهەوێ خۆی وەکو شتێکی نوێ ببینێ، بەردەوام نوێ، بۆ ئەوەی هەردەم شایەدی لەدایکبوونەوەی خۆی بێ. لەم هەوڵەدا، نوێبوونەوە ئەو وەهمە ڕۆژپەسندەیە کە تەنیا لەگەڵ مەرگ دەدوێ.

ئەمە، هەوێنی یەکێک لەو گفتوگۆ پڕشکۆیانەیە کە شاعیر و وتارنووسی گەورەی سەدەی نۆزدەهەمی ئیتالیا جاکۆمۆ لیۆپاردی[٣٢] نووسیویە. لیۆپاردی بخوێننەوە: سەردەمی دێ. زستانی ساڵی ١٩٨١ شیعرەکانی لیۆپاردیم بە چێژەوە دەخوێندنەوە، ئینجا بۆ بەهاری هەمان ساڵ لە نیویورک چاوم بە سۆزان سونتاگ کەوت. بەرەبەیانێکی مانگی دیسامبەر لە ڕۆما، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی لیۆپاردی تووشی حەپەسانی کردبوو. لیۆپاردی وەک ئاکیناری حولحولی میزاج و، بە پێچەوانەی وی ڕۆمانسیەکی نائومێد، بووبوو بە ماتریالیستێکی ڕەشبین. ڕەنگە لەبەر ئەوەی دەیزانی "مرۆڤ بێجگە لە پڕوپووچ، هەر ئازارە و هیچی تر"، توانی هەندێ لە پڕ کوڵوکۆترین شیعری غینایی بە زمانی ئیتالی بڵێ و پێمان بڵێ: "ژیان دەشێ پڕ بێ لە خەم." و ئەمە بوو کە توانی گفتوگۆی چزووداری نێوان مۆد و مەرگ بنووسێ:

---

٣٢- Giacomo Lopadi (١٧٩٨-١٨٣٧)، شاعیری غینایی ئیتالی.

**مۆد: هۆ خاتوومەرگ، خاتوومەرگ**
**مەرگ: خۆزگە سەردەمت بڕابایەوە تا ئیدی هێندە پێویستت بە گاس-کردنی من نەبێ.**
**مۆد: خاتوومەرگی خۆم!**
**مەرگ: ون بە لە بەر چاوم. ئەوکات دێمە لات کە لە هەموو کاتێک کەمتر تامەزرۆی منی.**
**مۆد: ئاخر من خوشکی خۆتم، مۆد. چما بیرت چۆتەوە کە هەردووکمان کچی فەناین.**

خەڵکانی کەونار دەزانن کە هیچ وشەیەک نییە کە زادەی وشەیەکی تر نەبێ و هەروەها ئەوەش کە خەیاڵ تەنیا لەو ڕووەوە لە دەسەڵات دەچێ کە هیچ کامیان ناتوانن بە سەر *Nada*[٣٣]، هیچ، *Niente*[٣٤] دا حوکم بکەن. خەیاڵکردنەوەی هیچ، یا ئەم بڕوایە کە بەسەر هیچدا حوکم دەکەی، فۆرمێکە ـ و ڕەنگە دڵنیاترین فۆرم بێ ـ لە شێت بوون. هیچ کەس ئەوەی باشتر لە جۆزێف کۆنراد لە ***دڵی تاریکی***دا یان ویلیەم ستایرۆن لە ***تەختی سێبەرەکان***دا نەدەزانی: سزای گوناهـ مەرگ نییە، بەڵکو دوورەپەرێزییە.

چیرۆکەکەی ئاکیناری لە ساڵی ١٤٥٤دا ڕوودەدا کە باسی بەسەرهاتی کاتسۆشیرۆ دەکا. لاوێک کە لەدەست هەژاری و کوێرەوەریی کاری مووچە و مەزرا هەڵدێ و دەچێتە شار بۆ ئەوەی سەروەت و سامانێک پێکەوە بنێ. ماڵی پەنا قامیشەلانی بە سەر "میاگی" هاوسەرە شۆخ و لەبارەکەیدا بەجێ-دەهێڵێ و بەڵێنی دەداتێ کە دەگەڵ گەڵاڕێزانی پایز بێتەوە.

مانگ و ساڵ تێدەپەڕن و، مێرد ناگەڕێتەوە، ژنە مل بۆ "یاسای ئەم جیهانە: نابێ بە هیوای دواڕۆژ بێ" ڕادەکێشێ. شەڕی ناوخۆی سەدەی

---

٣٣- وشەیەکی ئیسپانی بە مانای هیچ.
٣٤- وشەیەکی ئیتالی بە مانای هیچ.

پانزدەهەم لە سەردەمی شۆگۆنەکانی ئاشیکاگا[35]دا وادەکا جارێکی دی ئەو ژن و مێردە مەحاڵ بێ چاویان بەیەک بکەوێتەوە. هەر بابایە و لە فکری گیانی خۆیدایە، پیرەکان پەنا دەبەنە بەر کوێستانان و سوپا دوژمنکارەکان لاوان بە زۆر ڕاپێچ دەکەن بۆ شەڕ؛ لە هەموو شوێنان تالان و بڕۆیە و وڵات دەسووتێ؛ ئاژاوە وڵات دادەگرێ و مرۆڤیش لە چەشنی دڕندان دڵ-ڕەق دەبن. نووسەر بە ئاماژە بەوەی لە یادەوەریی خۆی هەڵدەهێنجێ، دەنووسێ: "لەو سەدە نەگبەتەدا هەموو شتێک خاپوور بوو."

کاتسۆشیرۆ سامانێک وە سەر یەک دەنێ و دەتوانێ بچێتە کیۆتۆ. حەوت ساڵ دوای ماڵاوایی لە میاگی لە کیۆتۆ دەگیرسێتەوە و هەوڵ دەدا بگەڕێتەوە ماڵەکەی بەڵام تێدەکا کە کۆسپی شەڕە سیاسیەکان هەر لە جێگای خۆیەتی و مەترسیی پەلاماری ڕێگران لەناو نەچووە. دەترسێ بگەڕێتەوە و وەک لە حەقایەتە کۆنەکاندا بیستوویەتی، بە سەر ماڵی وێراندا بچێتەوە. هەموو گیانی گەرم دادێ. ئەو حەوت ساڵە دەڵێی خەون بووە. پیاوەکە پێی وایە ژنەکەش، وەک خۆی، دیلی زەمانە و، وەک خۆی، نەیتوانیوە دەست ڕابدێرێ و پەنجەی دڵدارەکەی بگرێ.

نیشانەی مرۆڤی ناجێگیر دەوری کاتسۆشیرۆ دەدەن؛ چەندەکی بەسەر یەکدا کەوتوو لە شەقامان؛ بە نێویاندا تێدەپەڕێ. نە ئەو و نە مردووەکان هیچکامیان نەمر نین. یەکەم بیچمی مەرگ وەڵامێکە بۆ زەمان: ناوەکەی فەرامۆشییە و، ڕەنگە هاوسەری کاتسۆشیرۆ (ئەمە خەیاڵی خۆیەتی) ئیدی مردبێ، ئێستا ئیدی یەکێکە لە دانیشتوانی قەڵەمڕەوەکانی ژێر خاک.

کەواتە مەرگە کە دواجار کاتسۆشیرۆ دەگەڕێنێتەوە گوندەکەی: ئەگەر هاوسەرەکەی مردبێ، مانگەشەوی وەرزی باران دەقۆزێتەوە و بەشەو، گڵکۆیەکی چکۆلەی بۆ دروست دەکا.

---

٣٥- بنەماڵەیەک لە سوپاییە زاڵمە کانی ژاپۆن کە لە ١٣٣٨ تا ١٥٩٧ی زایینی لەو وڵاتەدا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو.

کاتۆشیرۆ دەگەڕێتەوە گوندە خاپوورەکەی. بروسک ئەو دارسنەوبەرەی خستووە کە نیشانەیماڵەکەی بووە. بەڵام خانووەکە وەک خۆی ماوە. کاتسۆشیرۆ شەوقی چرایەک دەبینێ. تۆ بڵێی ئێستا بێگانەیەک لەو ماڵەدا بژی؟ کاتسۆشیرۆ لە دەرانەی دەرگاکە ڕەت دەبێ، پێ لە ژووری دەنێ و گوێی لە دەنگێکی زۆر کۆن دەبێ کە دەڵێ: "کێیە لەوێ؟" وەڵام دەداتەوە: "منم، گەڕاومەتەوە."

میاگی دەنگی مێردەکەی دەناسێتەوە. لێی نزیک دەبێتەوە، بەرگی ڕەش لەبەردا، هەموو گیانی لە قوڕ و لیتە هەڵکشاوە، چاوەکانی بە قووڵدا چوون، قژی گرێ گرێی کەوتووەتە سەر پشتی. ئیدی ژنەکەی جاران نییە. بەڵام کە چاوی بە مێرەدەکەی دەکەوێ بێئەوەی هیچ بڵێ لە قوڵپی گریان دەدا.

ژن و پیاوە پێکەوە دەچنە ناو جێگا و کاتسۆشیرۆ باسی هۆی گەڕانەوەی ئاوا بە درەنگەوە و باسی دەست هەڵگرتن لە هەموو شتێکی بۆ میاگی دەکا. ژنە وەڵام دەداتەوە کە دنیا پڕ بووبوو لە ترس و تۆقین و ئەم، بێهوودە چاوەڕێ بووە. لە کۆتاییشدا دەڵێ: "ئەگەر بڕیار بوایە لە تاوی دیتنەوەی تۆ دڵم بتۆقێ، وام پێ باشتر بوو لە بیرت بچمەوە و بە دەردی ئەوین بمرم."

ئەم دووە لە باوەشی یەکتردا خەویان لێدەکەوێ، خەوێکی قووڵ. لەگەڵ کازیوە، هەستێکی مەنگی سەرما خۆی دەخزێنێتە نێو نائاگای خەونی کاتسۆشیرۆوە. بە خشە خشی بە ئاستەمی شتێک کە وردە وردە لێی دوور دەبێتەوە وە خەبەر دێ. ئاوێکی سارد دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە سەر گۆنای. ژنەکەی ئیدی لە پەنای نییە. لەوێ نەماوە. کاتسۆشیرۆ تازە چاوی پێ ناکەوێتەوە.

کاتسۆشیرۆ پیرە کاردارێک کە لە کۆلێتێکی ناوەڕاستی کێڵگەیەکی کافووردا خۆی حەشار داوە دەدۆزێتەوە. پیرەپیاو چیرۆکە ڕاستەقینەکەی بۆ دەگێڕێتەوە: میاگی چەند ساڵ پێش مرد. ژنێکی تاک و تەنیا کە سەرەڕای ئەو هەموو مەترسییەی شەڕ، گوندەکەی جێنەهێشت، چونکە دەیویست پەیمانی خۆی بباتە سەر: "ئێمە پایزێ جارێکی دی بە یەک دەگەینەوە."

هەر بە تەنیا ڕێگر پەلاماری دێیەکەیان نەدا. ڕوحاناتیش داوەرووکانە ئەو شوێنە. ڕۆژێک میاگیشیان دەگەڵ خۆیان برد.

وێنەکانی میزۆگوچی چیرۆکێکی هاوشێوە بەڵام جیاواز لە ئەوەکەی ئاکیناریيان دەگێڕایەوە. چیرۆکی فیلمسازیی هاوچەرخ، کە کەمتر بێگوناهانە بوو، میاگی دەکردە جۆرێک پێنلوپی[٣٦]ی داوێن پیس؛ سۆزانییەکی تۆبەکار کە دەبوایە بە بورهانی توندوتۆڵتر لەوەی کە بۆ کچێکی دەست لێنەدراو پێویستە، ئەمەگداریی خۆی بە مێردەکەی بسەلمێنێ.

ئەودەم کە جەنگاوەرانی ئوسیئوگی لە کاماکورا. وە بۆ شەڕ لەگەڵ شۆگۆنە تارمایی‌ئاسا و چوست و چالاکەکان نێردراونە چیاکان، بەسەر دێیەکەدا دەدەن، میاگی بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست سەربازان و هەتکی نەکەن، خۆی دەکوژێ. سەربازەکان لە باخچەی ماڵەکەی خۆیدا دەینێژن و کاتێ مێردەکەی دەگەڕێتەوە، دەبوایە دەستەو داوێنی پیرەژنێکی جادووباز بێ بۆئەوەی چاوی بە هاوسەرە تارمایی‌ئاساکەی خۆی بکەوێتەوە و بچێتە لای.

**چوار**، نا، چوار ساڵ دوای بینینی فیلمەکەی میزۆگوچی و نووسینی ***ئاورا*** لە کتێبفرۆشییەکی قەدیمی لە ڕۆما کە شاعیرانی ئیسپانی: ڕافائێل ئالبێرتی و ماریا ترێزا لیۆن پیشانیان دابووم، نوسخەی ئیتالیایی چیرۆکە ژاپۆنییەکانی ***تۆگی‌بوکو***، نووسراوی هوسوئی شی شوئون، چاپی ١٦٦٦م دەست کەوت. بەڕاستی سەرم سوڕما کاتێ زانیم چیرۆکێک بە ناوی "میناگینۆی سۆزانی" کە دووسەد ساڵ بەر لە چیرۆکی ئاکیناری و سێ‌سەد ساڵ بەر لە فیلمەکەی میزۆگوچی نووسرابوو، هەمان بەسەرهاتی دەگێڕایەوە بەڵام ئەوجارەیان ڕاست و ڕاشکاوانە مردووڵاوێنی[٣٧] هێنابووە بەر باس.

---

٣٦- Penelope، هاوسەری ئەمەگداری ئۆلیس (ئۆدۆسئوس) کە وەڵامی خوازبێنیکەری بێ ئەژماری نەدایەوە و تا گەڕانەوەی مێردەکەی چاوەڕێ بوو. (هۆمێر. ئۆدیسە. بە زمانی فارسی)

37 –necrophilia

پاڵەوانی گەڕاوە، ئۆلیسیێک کە لایەنی پاڵەوانێتییەکەی شتێکی لەوە زیاتر نییە کە توانای فەرامۆشکردنی بەدەست هێناوەتەوە، بۆ گەیشتن بە ئارەزووە وێناکراوەکەی خۆی، کیاگینۆی سۆزانی کە سوێندی خواردووە پێی ئەمەگدار بێ، دەستەوداوێنی چ جادووبازان نابێ. ئەمجارە ئەو گۆڕەکە هەڵدەداتەوە و هاوسەرەکەی دەدۆزێتەوە، مردووی ساڵەها پێش، جوان وەک لە ڕۆژی دوایین دیداردا. تارمایی میاگینۆ دێ بۆئەوەی ئەو چیرۆکە بۆ مێردە سەوداسەرەکەی بگێڕێتەوە.

ئەو چیرۆکە وای لێکردم کونجکۆڵ بم بۆئەوەی وردتر لە چیرۆکی ***ئاورا*** بنۆڕم. بۆیە چوومە لای بۆنوئێل کە ئەوان ڕۆژان بۆ دروستکردنی فیلمی ***جادەی کادز***، ١٨٠ بەرگیناملیکەکانی ئابێمینی[38] لەبارەی نووسراوی باپیرانی کڵێسە و بیدعەتکاری لە سەدەکانی نێوەڕاست لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس دەخوێندنەوە. داوام لێکرد ئیزنی چوونە نێو ئەو حەرەمی پیرۆزی نڤیسارانەم بۆ وەرگرێ؛ شوێنێک کە چوونە ناوی لە دەست بردن بۆ پەردەی پاکیزەیی کچێکی بوخچە نەکراوەی ژاپۆنی لە سەدەی پانزدەهەم یان جەندەکی سۆزانییەکی هەمان سەردەم و هەمان نەتەوە سەختترە.

جێی خۆیەتی ئەوە بڵێم دەرگای کتێبخانەکانی وڵاتانی ئینگلۆساکسۆن بۆ هەموو کەس لەسەر پشتە و هیچ کارێک لەوە ئاسانتر نییە کە کتێبێک لە نێو قەفەزەکانی ئۆکسفۆرد یان هاروارد، پرینستۆن یان دارتۆس، بدۆزیەوە، بیبەیەوە ماڵێ، ئەمدیو ئەودیوی بکەی، بیخوێنیەوە، یادداشتی لەبەر هەڵگریەوە و بیگەڕێنیەوە. بە پێچەوانەوە، هیچ شتێک لە چوونە ناو کتێب-خانەیەک لە وڵاتانی لاتین دژوارتر نییە. هەر کەسێکی چوو کتێب وەرگرێ بەو چاوە تەماشای دەکەن کە هەر بە ڕەچەڵەک دز و کتێبسووتێنێکی بێ-ئەملاو ئەولا و هونەرفەوتێنێکی خەتەرە. هەر کەس لە پاریس، ڕۆما، مادرید، یان مەکزیکۆسیتی بە دوای کتێبێکدا بگەڕێ، زۆر زوو بۆی دەردەکەوێ کە

---

38 –Abbe Migne

کتێبەکان بۆ خوێندنەوە نین؛ بەڵکو بۆ ئەوەن لە کون و کاژێڕان بشاردرێنەوە، نایاب بن و لەوانەشە ببنە خۆراکێکی خۆش بۆ مشکان.

سەیر نییە کە بۆنوئێل لە فیلمی ***فریشتەی کوشتارچی***دا، ژنێکی زیناکار نیشان دەدا داوا لە حەریفەکەی دەکا، کە سەرهەنگێکی بە شان‌وشەوکەتە، لە کتێبخانەکەیدا بۆی بێتە ژوانێ. حەریفی ژنە دەپرسێ: ئەدی ئەگەر مێردەکەت بەسەرماندا هاتەوە چ بکەین؟ ژنەش وەڵامی دەداتەوە: دەی دەڵێم من خەریک بووم کتێبە نایابەکانم پێشانی تۆ دەدا.

سەیر نییە کە خوان گۆیتیسۆلۆ[٣٩] ئەودەم کە لە بەرهەمەکەی خۆی ***کۆنت خولیان***دا هێرش دەکاتە سەر کتێبخانەیەکی ئیسپانیایی، کاتی خۆی بۆ ئەو کارە پڕسوودە تەرخان دەکا کە مێشەکەرە سەوزەکان لە نێو دووتوێی لاپەڕەی بەرهەمەکانی لۆپ دو ڤێگا[٤٠] و ئازۆرین[٤١]دا پان و فلچ بکاتەوە.

بەڵام وا چاکە بگەڕێمەوە بەندیخانەی کتێبان واتە هەمان کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس: بۆنوئێل هەرچۆنێک بوو بە قاچاغی بردمیە ئەوێ و بە دەستەکوتە لە تاریکیدا، زراوچوو لەوەی هەموو لەحزەیەک بۆی هەبوو پێوە بم، بە دوای ڕەچەڵەکی چیرۆکە ژاپۆنییەکانی توگی بوکۆدا گەڕام کە بە باپیرانی چیرۆکەکانی مانگەشەوی پاش باران نووسراوی ئاکیناری دادەنرێ، ئەمەشیان ئیلهامبەخشی فیلمەکەی میزۆگوچی بوو کە من لە پاریس لە ڕۆژانی سەرەتای سپتامبەری ١٩٦١، کاتێک کە بە دوای دۆزینەوەی فۆرم و تێمی ***ئائۆرا***وە بووم، بینیبووم.

---

٣٩- Juean Goytisolo (١٩٣١-      )، نووسەری ئیسپانیایی  کە ساڵی ١٩٥٧ لە پاریس نیشتەجێ بوو. بە ڕۆژنامەنووسی دەستی  بە نووسین کرد. لە نووسیندا لە ترۆمن کاپوت و ئالێن ڕۆب گریە نزیکە,

٤٠- Lope de Vega  ناوە ئەسڵییەکەی Lope Felix Vega Garpio (١٥٦٢-١٦٣٥)، شاعیر و نووسەری ئیسپانیایی.

٤١- Azorin ناوە ئەسڵیەکەی  Jose Martinez Ruiz (١٨٧٤- ١٩٦٧)، نووسەری ئیسپانیایی.

تۆبڵێی کتێبێکی بێ دایک و باب، بەرهەمێکی هەتیو لە دنیادا هەبێ؟ کتێبێک کە زادەی کتێبەکانی دیکە نەبێ؟ لاپەڕەیەک لە کتێبێک کە لقێک لە درەختی پڕشکۆی فەنتازیای مرۆڤ نەبێ؟ تۆبڵێی هیچ داهێنانێک بەبێ نەریت هەبێ؟ دیسانەوە، تۆبڵێی نەریت بەبێ نوێبوونەوە، داهێنانێکی نوێ، هەڵەسوونە هێنانەوەی چیرۆکە دێرینەکان، بمێنێتەوە؟

ئەودەم بوو تێگەیشتم کە سەرچاوەی کۆتایی ئەم چیرۆکە، حەقایەتێکی چینییە بە ناوی "ژیاننامەی ئائی شا" کە خۆی، بەشێکە لە کۆمەڵە حەقایەتێک بە ناوی ***تسین تێنگ سین هوئا***.

بەڵام ئایا ئەو چیرۆکەی لە سینەماکەی پاریس بینیم، دەکرا سەرچاوەیەکی کۆتایی هەبێ؟ چیرۆکێک کە لە کاتی بینینیدا کەوتمە ئەو بیرە کە لە بووکە مردووەکەی میزۆگوچیدا خوشکی ئاورای خۆمم دۆزیوەتەوە، کە دایکی - خۆم فریو دەدا - وێنەیەک بوو لە لاوەتی، تێکشکاوی ڕووناکییەکی یەکجار کۆن لە باڵەخانەیەک لە شەقامی ڕاسپای و، باوکی - دیسان خۆم فریو دەدا - ژووری دانیشتن و بارِ، لە ماڵێکی مەکزیکۆسیتی.

ئاخۆ من، یان هەر کەسێکی تر، دەیتوانی لە "ژیاننامەی ئائی شا" پتر پێدا بڕوا، بۆ سەرچاوە چەندفاقەکان، بۆ هەزاران کانیاوی هەڵقوڵیو کە ئەم چیرۆکە کۆتاییە تێیاندا بزر دەبوو: نەریتی کۆنترین ئەدەبی چینی، هەڵڵای سەدەکانی گێڕانەوە کە بەربڵاویی بابەتە هەمیشەییەکانی خۆی بە دەگمەن دەردەخا: کچی بوخچەنەکراوەی سەروو سروشتی، جوانی مەرگ خوڵقێن، بووکی تارماییئاسا، ژن و مێردی دووبارە گەڕاوە لای یەکتر؟

ئەودەم تێگەیشتم کە دەبوایە وەڵامەکەم نا بوایە و، لە هەمان کاتدا، ئەوەی ڕوویدابوو بە تەنیا مەبەستە سەرەکییەکەی منی پێکدەهێنا: ئاورا هاتبووە ئەم دنیایە تا سیحربازێکی دیکە بۆ سەر ئەم دنیایە دابەزێنێ.

**پێنج**، لانی کەم پێنج کەس بوون ئەو سیحربازانەی کە هۆشیارانە ئاورایان لە سەر کۆشی خۆیان پەروەردە کرد، لەو ڕۆژانەدا کە من لە قاوەخانەیەکی نزیک شەقامی بێری یەکەم گەڵاڵەی چیرۆکەکەم داڕشت؛

ڕۆژانێک کە تا ڕادیەکی زۆر لە هەڵپە یان دڵەڕاوکێی ڕووداوە گەرم-وگوڕەکانی ئەم دنیایەدا تێپەڕین. ک.س.کارۆل پەیامنێری دڕدۆنگ، ژان دانیەل ڕۆژنامەوانی بەپرسیار و، فرانسوا ژیرۆ، خانمە پڕ جموجووڵەکەی چاپەمەنیی فەڕەنسا، هەموویان هوروژمیان کردبووە چاپخانەی ئێکسپرێس، هەفتەنامەیەکی بەوەج کە ئەمانە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بۆمب و سانسۆر بەکاریان دەهێنا، ئەویش بە هاوکاری - ئەمڕۆ ئیدی تەنانەت بیر لێکردنەوەشی مەحاڵە - سارتر، کامۆ، مندس فرانس و مۆریاک.

ئەمڕۆ وا بیر دەکەمەوە، پێنج هەڵگرەکەی سووکنایی و ئارەزوو بەم شێوەیە بوون: خاتوو بۆردێرۆ[42]ی تامەزرۆ لە ***یادداشتەکانی ئەسپێرن***[43] نووسراوی هێنری جیمزدا کە بۆخۆی یەکێکە لە بابوباپیرانە شێتە ستەمکارەکانی، خاتوو هاڤیشام[44] لە ***ئاواتە مەزنەکان*** نووسراوی چارلز دیکێنزدا و ئەویش هی کچە ئینگلیزەکەی کۆنتسی کەوناری پوشکین لە ***بی-بی‌پیک***[45]دا، ژنێک کە لە حەسوودییان، نهێنیی بردنەوە لە قوماری کۆنکارددا نادرکێنێ.

دارشتی هاوشێوەی هەر سێک چیرۆک نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان سەر بە ماڵباتێکی ئەفسانەیین. لە هەموویاندا بێ ڕیزپەڕ سێ کەسایەتی دەبینی: ژنێکی پیر، ژنێکی گەنج و پیاوێکی گەنج. لە نووسراوەکەی پوشکیندا ژنە پیرەکە کۆنتس ئانا فیدرۆڤنا، ژنە گەنجەکە پەرستاری ئەو لیزاڤتا ئیڤانۆڤا و پیاوە گەنجەکە هێرمان، ئەفسەری یەکەی ئەندازیارییە. لە ***ئاواتە مەزنەکان***دا، ژنە پیرەکە خاتوو هاڤیشامە، کچەکە ئیستێلا و پیاوەکەش پیپ. لە کتێبەکەی هێنری جیمزدا، ژنە پیرەکە، خاتوو جولیانا بۆدێرۆ، ژنە گەنجەکە برازاکەی خاتوو تینا و لاوە لە لاوەهاتووەکە بگێڕەوەی بێ ناو هـج.

---

42 –Miss Bordereau

43 –Aspern papers

44– Miss Hvisham

45 –Queen of Spades

له هەرسێک بەرهەمدا، لاوە لە لاوەهاتووەکان دەیانەوێ پەی بە نهێنیی پیرەژنەکە بەرن: سامان لە بەرهەمی پوشکیندا، نهێنیی ئەوین لە کارەکەی دیکێنزدا و نهێنیی شیعر لە کتێبی هێنری جیمزدا. کچە گەنجەکە، کەسایەتیی فریودەرە ـ پاک یان ناپاک ـ کە دەبێ نهێنیەکە لە سینگی ژنە پیرەکە دەربکێشێ، بەر لەوەی لەگەڵ خۆی بیباتە ناو گۆڕەوە.

سینیۆرا کۆنسوئێلۆ، ئاورا و فلیپێ مۆنترۆ هاتنە نێو ئەو کۆڕە بەناوودەنگەوە، بەڵام بە یەک وەرچەرخانەوە: ئاورا و کۆنسوئێلۆ هەر یەکن و ئەوە ئەوانن کە نهێنیی ئارەزوو لە سینگی فلیپێ دەردەکێشن. ئێستا پیاوەکە فریوی خواردووە. ئەمە خۆی لە خۆیدا لادانێکە لە بنەمای بالادەستیی پیاو.

وە ئایا هەر سێک خاتوون، زادەی سیحربازەکەی سەدەکانی ناوەڕاست، میشلێ[٤٦] نین کە، هەرچەند بە بەهای مردن لە ئاگردا، نهێنیی زانستێکی کە ئاوەزی نوێ قەدەغەی کردبوو، لە دڵی خۆیدا ڕاگرت و نەیدرکاند؛ یادداشتە بەدیومەکان، نامەگەلی پەڵە تێکەوتوو، مۆمی لەمێژەوە کوژاوە، وەرەقی پەڕپووت لە ناو پەنجەی تەماح و ترسدا، بەڵام هەروا نهێنیەکانی سەردەمی کۆن کە بەهێزتر لە داهاتوو، خۆی دەخستە پێشەوە؟

بۆ چما نهێنییەکی نهێنیتر، کارەساتێکی کۆنتر لە ژنی بێتاوان هەیە، ژنێک کە بۆ لای تاوان پەلکێش نابێ ـ حەوا ـ و سندووقی ڕیسوایی ناکاتەوە ـ پاندۆرا؟ ژنێک نەک وەک ئەوەی کە باوکی کڵێسە، تێرتوڵیان[٤٧] دەیویست: "پەرستگەیەک بەسەر ئاوەڕۆیەکەوە"، ئەو ژنەش نا کە دەبوایە وەک نوورا لە ماڵی ***بووکەڵەی ئیبسن***دا دەرگا پێکدا بدا و، خۆی قوتار بکا، بەڵکو ژنێک کە بەر لە هەموو کەس، خاوەنی سەردەمی خۆیەتی، چونکە خاوەنی جەستە و ئیرادەی خۆیەتی، چونکە بە هیچ هەڵاواردنێک لە نێوان سەردەم و جەستە و ئیرادە ڕازی نابێ و ئەمە، برینێکی قووڵ لە پیاو دەکا کە دەیهەوێ بیری خۆی

---

٤٦- Jules Michele (١٨٧٤-١٨٩٨)، مێژوونووسی فەڕەنسی.

٤٧- Tertullian (١٦٠؟-٢٣١؟)، یەکێک لە باوکانی کڵێسە.

له جەستەی جیا بکاتەوە هەتا بە بیری لە خواکەی و بە جەستەی لە شەیتانەکەی بچێ؟

لە ***بەهەشتی ونبووی*** میلتۆن‌دا، ئادەم لە خوا دەرهەڵدەبێ، داوای وەڵامدانەوەی لێدەکا و لێی دەپرسێ:

**ئاخۆ من، ئەی ئافرێنەر، بە زمانی قوڕینی خۆم داوام لێکردی**
**بمخەیە سەر بیچمی مرۆڤ؟**
**ئاخۆ لێت پاڕامەوە**
**لە تاریکیم دەربهێنی**
**یان لێرە، لەو باخە دڵڕفێنەم بهاوێی؟**

ئادەم پرسیار لە خواکەی دەکا و تەنانەت بەوەشەوە ناوەستێ:

**... کە بمکەیە تۆز**
**تامەزرۆی تەسلیم و، گێڕانەوەی ئەوەی پێم بەخشراوە**
**کڵۆڵ لە ئەنجامدانی ئەو مەرجە قورسانە**
**کە هۆکاری گەیشتن بە خێروبێرێکن**
**کە من ئاواتم بۆ هەڵنەخواستوون.**

ئەو پیاوە کەرتبووەی نێوان هزری ئیلاهی و دەردی جەستەیی، بۆخۆی ئەو دژوازییە تاقەت پرووکێنە لە نێوچاوانی خۆی دەنووسێ، ئەو کاتەی ئاواتی نەک مردن بەڵکو ژیانی بەبێ حەوا ـ ئاخر ئەو ژنە لە مردنیش خراپترە ـ دەخوازێ، واتە ژیانی بێ بەڵا، ژیان تەنیا لەگەڵ پیاواندا، خولقانێکی ژیرانە لە پاوانی ڕۆحی نێرەوەزاندا، بەبێ کەمایەسییە دڵڕفێنەکەی سروشت: ژن.

بەڵام ئەو ژیانە لە نێو فریشتە نێرەوەزەکاندا، ژیانێکی نامۆیە، بیر و جەستەیەکی لێکدابڕاو. ژن لە بیچمی حەوا یان پاندۆرادا لە ڕۆخەکەی دیکەی ئەم لێکدابڕانەوە وەڵام دەداتەوە، دەڵێ هەر یەکێکە، جەستەیەکی جیانەبووەوە لە ڕۆح، بەبێ هیچ گازندەیەک لە خولقان، دووگیان‌بووی بەبێ گوناهـ چونکە خۆ

گەنمی بەهەشت کوشندە نییە: گیانمان دەخاتە بەر و ڕزگارمان دەکا لە بەهەشتی بە سروشت دوورەپەرێزی فەوتاوی جیاوازیی نێوان ئەوەی لە کەللەی ئیلاهیی مندایە لەگەڵ ئەوەی کە لە نێو دوو قاچی ئینسانیمدایە.

ژنە پڕنهێنییەکەی جیمز، دیکێنز، پوشکین و میشلێ کە نەوە گەنجەکەی خۆی لە بیچمی ئاورادا دەبینێتەوە، وەک گوتم، دایکێکی پێنجەمینیشی هەیە کە ناوی کیرکێ[٤٨]یە. ئەو خواوەندێکی گۆڕاوە و هیچ کۆتایی، هیچ جیاییەک لە نێوان جەستە و بیری بۆ نییە، چونکە لای ئەو هەموو شتێک بەردەوام خەریکی خۆگۆڕینە، هەموو شتەکان دەبن بە شتی تر، بێ ئەوەی پێشینەی خۆیان لە دەست بدەن و مزگێنیەک جاڕ دەدا کە هیچ شتێک لەوەی کە ئێمەین قوربانی ناکا چونکە ئێمە هەر بووین و هەر دەبین.

"Ayer se fue, manana no ha liegado, Hoy se esta yendo sin parar un puto; Soy un fue, y un sere, y un es canasado"

**دوێنێ تێپەڕیوە، سبەی دانەهاتووە**
**ئەورۆ تا بێکۆتایی ڕادەکا**
**من، من بوومم، من دەبمم، من ماندوومم.**

بە لاسایی کێڤێدۆی پیر، لە لاپەڕەکانی ***ئاورا***دا کە لە ئاخروئۆخری هاوینی ١٩٦١دا بە حەژمەتەوە نووسرابوون، پرسیم: "گوێ بگرە ژیان، تۆبڵێی کەس وەڵام نەداتەوە؟" و وەڵامم لە شەوێکدا هاوڕێ لەگەڵ ئەو وشانەی لەناو زەنا زەنای بازرگانی و ڕۆژنامەوانی و کوشتە کوشتی بژێودا لە شەقامێکی پاریسی بۆ هاتەوە: فلیپێ مۆنترۆ، پاڵەوانی درۆیینی ***ئاورا*** بە دەنگێکەوە کە بۆم ئاشنا بوو وڵامی دایەوە:

---

٤٨- Circe، لە ئوستوورەکانی یۆناندا کچی هلیۆس، ژنە جادووبازێک کە یاوەرانی ئۆلیس دەکات بە بەراز.

ئاگادارییەکە لە ڕۆژنامەدا دەخوێنیەوە. تەنیا ناوی تۆی کەمە. پێت وایە تۆ فلیپێ مۆنترۆی. درۆ لەگەڵ خۆتدا دەکەی. تۆ، تۆی. تۆ خوێنەری. تۆ ئەوەی کە دەیخوێنیەوە. تۆ دەبیە ئاورا. تۆ کۆنسوئێلۆ بووی.

- من فلیپێ مۆنترۆم. ئاگادارییەکەتانم خوێندەوە.

- بەڵێ، دەزانم... زۆر باشە. تکا دەکەم با لاچاوت ببینم. نا، ئاوا چاک ناتبینم. بۆ لای ڕووناکییەکە وەرسووڕێ. بەڵێ، ئاوا. زۆر باشە.

دەکشێیەوە، بە جۆرێک کە شەوقی مۆمەکان و ڕەنگدانەوەی ڕووناکییەکە لە زێو و بلووردا، لەچکێکی ئاوریشم بە دیار دەخا کە بێگومان پرچێکی یەکجار سپیی داپۆشیوە و دەوری ڕوخسارێکی گرتووە کە لە پیرییان منداڵانە دەنوێنێ.

- خۆ پێم گوتی دەگەڕێتەوە.

- کێ؟

- ئاورا. هاودەمەکەم. برازاکەم.

- ئێوارە باش.

کچەکە سەرێک دەلەقێنێ و هاوکات خاتوونی پیر لاسایی جووڵەی ئەو دەکاتەوە.

- جەنابیان بەڕێز مۆنترۆیە. لەمڕۆوە لەلای ئێمە دەمێنێتەوە.

**شەش**، تەنیا شەش ڕۆژ بەر لە مردنی، چاوم بە ***لاتراڤیاتا***[٤٩] کەوت. من و سیلۆیای هاوسەرم لە سێپتامبەری ١٩٧٦دا بۆ ئێوارە خوانێک بانگهێشتی ماڵی هاوڕێ کۆن و خۆشەویستەکانمان *گابریلا* و *تێدی وا ویلێن* بووین کە چوار کچیان هەن چاویان وەک چاوی ئاورا سەوزە و لە پەنا چوار تابلۆی ڕۆبرتۆ ماتا، ویلفردۆ لام، ئالبێرتۆ خەیرونلا و، پییەر ئالچینسکی چاو لە میوانان دەبڕن، مرۆڤ نازانێ ئەو کچانە خەریکن دەچنە ناو تابلۆکان یان لێیان دێنە دەرێ.

---

٤٩- La Traviata، بەرهەمێکی ئاوازدانەری بەناوبانگی ئیتالیایی جۆزپێ وردیە. وەک دەبینین فۆئێنتس ئەو ناوەی بۆ ماریا کالاس گۆرانیبێژی ناودارناوە کە چڕینی ئەم بەرهەمە یەکێک لە بەناوبانگترین کارەکانیەتی.

خاتوونی خانەخوێ گوتی: "بزانە کێ لێرەیە"، و بردمی لە پەنا ماریا کالاس[٥٠] داینیشاندم.

ئەم ژنە، زۆر بە توندی دەیخستمە لەرزین، بێئەوەی سەرەتا هۆیەکەی بزانم. لەکاتی نانخواردندا هەوڵم دەدا لە هەمان کاتدا کە لەگەڵ خۆم دەدوام لەگەڵ ئەویشدا قسە بکەم. ساڵی ١٩٥١ لە باڵکۆنی شانۆی هونەرە جوانەکان لە مەکزیکۆسیتی گوێم لە دەنگی بووبوو کە ***لاتراڤیاتای*** دەچڕی. ئەودەم پێیان دەگوت ماریا منێ گینی کالاس و ئەسپە ژنێکی جحێڵ بوو بە خۆی و تەڕوبڕ و شکۆمەندترین دەنگێکەوە کە بیستبووم. مانۆلیێ چۆن لەگەڵ گادا دەجەنگا، کالاسیش ئاواهی ئاریای دەچڕی: بێ هاوتا. ئەو ئێدی بووبوو بە ئەفسانەیەکی گەنج.

ئەو شەوە لە پاریس ئەمەم بە خۆشی گوت: بە پەلەیەکەوە کە وەک مەخمەر نەرم و لە مووس تیژتر بوو، هەڵیدایە نێو قسەکەم و پرسی: "ئێستا کە چاوت بەو ئەفسانەیە کەوتووە، چۆنی بیر لێدەکەیەوە؟"

هەر هێندە توانیم بڵێم، "پێم وایە لاوازتر بووە."

بە نەوایەکی جیاواز لە هەوای قسەکردنی، پێکەنی. لەبەر خۆمەوە وام لێکدایەوە کە گریان و پێکەنین بە لای ماریا کالاسەوە کارێکن کە لە گۆرانی نزیکترن تا قسەکردن، بۆیە دەبێ ددانی پێدا بنێم کە دەنگی ئاسایی ئەو دەنگی کچێکی یەکێک لە گەڕەکە چەپرەکەکانی نیویۆرک بوو. دەنگی ماریا کالاس لە کاتی قسەکردندا دەنگی کچێک بوو کە لەسەر شەقامی شەشەم سەفحەکانی ماریا کالاسی دەفرۆشت.

ئەمە، دەنگی مێدێئا، دەنگی نۆرما و دەنگی خاتوو کامیلیا نەبوو. بەڵێ، ئەو لاواز بووبوو، هەموومان دەمانزانی، بێ ئەوەی دەنگە گەرم و پڕشکۆکەی لە دەست بدا، دەنگی مەزنترین دەنگبێژی ژن. نا، لە سەدەی بیستەمدا هیچ ژنێکی لەو جوانتر، ئەکتەرێکی لەو باشتر، یان گۆرانیبێژێکی لەو مەزنتر نەهاتبووە سەر شانۆ. بەڵام با ئەوەش بڵێم کە ئەفسوونی کالاس تەنیا لە بیرەوەریی شکۆی ئەو

---

٥٠- Maia Meneghini Callas (١٩٢٣-١٩٧٦)، دەنگبێژی ناوداری ئۆپێرا.

لەسەر شانۆدا شاراوە نەبوو. ئەم ژنەی دەمدی، کز و لاواز نەک بە ئیرادەی خۆی، بەڵکو بەهۆی نەخۆشی و تێپەڕینی زەمانەوە، تا دەهات لەڕ و لاوازتر، تا دەهات سپیکەڵەتر، کە تا دەهات نێوانی لەگەڵ ژیان لەرزۆکتر دەبوو، نهێنییەکی ئەفسووناوی هەبوو کە بە شێوەی **سەرنج** خۆی دەردەخست. بەڕاستی پێم وایە هەرگیز هیچ ژنێکم نەدیوە کە بەقەد ماریا کالاس سەرنجی ئەو پیاوە بدا کە لەگەڵی دەدوێ.

سەرنجدانەکەی جۆرێک ئاخاوتن بوو. چاوەکانی (دوو فانۆسی دەریایی لە باهۆزی گەڵاپانە سپییەکان و زەیتوونی تەڕ) وێنەکانیان لە خۆیاندا بە خێرایی تێپەڕ دەکرد: بیرەکانی دەگۆڕان، بیرەکانی دەبوون بە وێنە، بەڵێ، بەڵام تەنیا بەو هۆیەوە کە ئەو دەم بە دەم گۆڕانی بەسەردا دەهات، چاوەکان دەتگوت بالکۆنی ئۆپێرایەکن ناتەواو و بێکۆتایی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا، سرت و خورتی ڕووڵە زیاد، یان تەنیا دەنگدانەوەی شەوانێکی لە بێدەنگیدا درێژە پێدەدا، کە هی لوچیا دو لامرمۆر و ڤیۆلتا ڤالێری بوو.

ئەودەم سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئاورام دۆزییەوە: ئەگەر بکرێ بڵێی، سەرچاوە وێنەییەکەی و هەروەها سەرچاوەی ئەو لە ئارەزوودا، چونکە ئارەزوو بەندەری دەستپێک و هەروەها هەواری کۆتایی ئەم چیرۆکەیە. من دەنگی ماریا کالاسم لە کاتی چڕینی ***لاتراڤیاتا*** لە مەکزیکۆسیتی گوێ لێبووبوو، ئەو کاتەی من و ئەو تەقریبەن هاوتەمەن بووین، ڕەنگە بیست ساڵان و، ئێستا تەقریبەن پاش سی ساڵ چاومان بە یەکتر دەکەوت و من تەماشای ژنێکم دەکرد کە پێشتر دەمناسی، بەڵام ئەو وەک پیاوێک لە منی دەڕوانی کە هەر ئەو شەوە بینیبێتی. ئەو نەیدەتوانی من لەگەڵ خۆمدا بەراود بکا. من دەمتوانی: خۆم و ئەویش.

لەو بەراوردکردنەدا من دەنگێکی دیکەم دۆزیەوە، دەنگی تاڕادەیەک بێتامی ئەو ژنە زۆر زیرەکە نا کە لە لای ڕاستم دانیشتبوو؛ دەنگی ئەو دەنگبێژە نا کە بێلکانتۆ[٥١]ی لە باوەشی مردووی مۆزخانەکان ڕفاندبوو و گیانی خستبووەوە

---

٥١- Belcanto، جۆرێک گۆرانیی خاو و گەرموگوڕە.

بەر، بەڵکو دەنگی پیریەتی و دێوانەیی کە هەر ئەو کاتە بە بیرمدا هات (و لەو سەفحەیەشدا کە بۆ بەیانیەکەی کرِیم زیاتر دڵنیا بووم) دەنگی دوور لە برِوا، لە هەڵسەنگان نەهاتوو و، یەکجار هەژێنەری ماریا کالاسە لە دیمەنی مەرگی ئۆپێرای ***لاتراڤیاتا***.

هەرچەندە ئەو سۆپرانۆیانەی کە ئۆپێرای ڤێردی[٥٢] دەچرِن زۆربەی جار دەیانەوێ بە لەرزینی پرِئازار، ئەوپەرِی سۆزی گوێگران بجووڵێنن و هەوڵ دەدەن بە شین و رِۆرِۆ و قیژە و لەرز لە مەرگ نزیک ببنەوە، ماریا کالاس دەست دەداتە کارێکی ناباو: دەنگی خۆی دەگۆرِێ بۆ دەنگی پیرەژنێک و زیل و بەمی شێتایەتی بەو دەنگە کۆنە دەبەخشێ.

من ئەو دیمەنەم باش لەبیرە و دەتوانم دێرِەکانی کۆتایی بڵێمەوە:

E strano"
Cessarono
"Gli spasmi del dolore.

بەڵام ئەگەر ئەم دەنگە دەنگی ژنێکی پیر و وەسواسی بێ کە لە دەست هەڵکشانی تەمەن دەم بە گلە و گازندە، ماریا کالاس رِۆحێک لە شێتایەتی بەبەر ئەو وشانەدا دەکا کە دەربرِی هیوایەکی نوێ لە جەنگەی نەخۆشیەکی بێ دەرمانن:

"In mi rinasce-m'agita
Insolito vigore
Ah! Ma io rittorno a viver."

تەنیا ئەو کاتەیە کە مەرگ، پیری و شێتبوون بە بانگ و سەڵای لاوێتی تێکدەشکێنێ: "Oh gioia"

٥٢- *Giuseppe Verdi*): (١٨١٣-١٩٠١) ئیتالیایی، خۆشەویستترین ئاوازدانەری ئۆپێرا و دانەری لاتاڤیاتا.

ماریا کالاس، من و سیلۆیای بانگهێشت کرد کە پاش یەک دوو حەوتووی دیکە بچینە لای. بەڵام بەر لەو دیدارە لاتراڤیاتا بۆ هەمیشە کۆچی کرد. بەڵام بەر لەوە، ئەو نهێنیەکەمی پێ بەخشیبووم: ئاورا لەو ساتەوەختەدا لە دایک بوو کە ماریا کالاس لە دەنگی ژنێکدا، گەنجی و پیریەتی پێکەوە گرێ دا، ژیان دەست لە ناو دەستی مەرگدا، جیانەکراوە، بانگهێشتکەری یەکتر و، دواجار، چوارەمین ناوی ژن: گەنجی، پیری، ژیان، مەرگ.

**حەوت**، بەڵێ، حەوت ڕۆژ بۆ ئافراندنی ئیلاهی پێویست بوو: لە ڕۆژی هەشتەمدا مرۆڤ دروست کرا و ناوی ئارەزوو بوو. دوای مردنی ماریا کالاس، من جارێکی دیکە خاتوو کامیلیا نووسراوی ئەلیکساندر دۆمای کوڕم خوێندەوە. چیرۆکەکە خۆی لە ئۆپێرای ڤێردی و هەموو ئەو شانۆگەری و فیلمە بێ-ئەژمارانەی چیرۆکەکە باڵاتر بوو، چونکە توخمێکی لە مردووڵاوێنیی شێتئاسا تێدا بوو کە لە هیچکام لەوانی دیکەدا نەبوو.

چیرۆکەکە بە گەڕانەوەی ئارمان دوڤال[٥٣] - ئا.د، بێگومان ئاوەڵدووانەی ئەلیکساندر دۆما - بۆ پاریس دەست پێدەکا، کە لەوێ بۆی دەردەکەوێ مارگریت گوتیێ مردووە، هەمان مارگرێت گوتیێ کە دڵدارەکەی خۆی بە هۆی ئارەزووی گوماناویی دوڤالی **باوک** لە دەست داوە، باوکێک کە دەڵێ بۆیە دەیهەوێ مارگرێت لە ئارمان جیا بێتەوە چونکە دەیهەوێ یەکێتیی بنەماڵە بپارێزێ، بەڵام ڕێی تێدەچێ ئێرەیی بە کوڕەکەی خۆی بردبێ و چاوی تەماحی لە مارگرێتدابێ. بەڵێ، دوڤالی کوڕ بە نائومێدییەوە ڕادەکاتە سەر گۆڕی ژنەکەی لە پێرلاشیز[٥٤]. ئەو دیمەنەی کە بە دوای ئەوەدا دێ، بێشک وڕێنەئامێزترین گێڕانەوەی مردووڵاوێنییە.

ئارمان ئیزنی هەڵدانەوەی گۆڕی مارگرێت وەردەگرێ. پاسەوانی گۆڕستان بە ئارمان دەڵێ کە دۆزینەوەی گۆڕی مارگرێت زەحمەت نییە. کەس‌وکاری

---

٥٣- Armand Duval

٥٤- Pere Lachaise، گۆڕستانی گەورەی پاریس.

مردووەکانی تەنیشت گۆڕی مارگریت ئەوانەی دەیانناسی، ناڕەزایەتییان دەربڕیبوو کە ژنێکی وەک ئەو دەبێ لە شوێنێکی تایبەت بنێژرێ: سۆزانیخانەی مردووان. بێجگە لەوە، کەسێک هەموو ڕۆژێ چەپکە گوڵێکی کامیلیا بۆ مارگریت دەنێرێ. کەس نازانێ ئەو کەسە کێیە. ئارمان دڵی لە دڵدارە مردووەکەی کرمێ دەبێ. ئەو نازانێ کێ ئەو گوڵانە دەنێرێ. ئاخ، خۆزگە گوناهـ ئێمەی لە وەڕسی ڕزگار کردبا، لە مەرگ یان لە ژیاندا. ئەمە یەکەم قسەی مارگریت لەکاتی دیداری لەگەڵ ئارمان بوو. "هاودەمی گیانە نەخۆشەکان ناوی وەڕسییە." ئارمان دەیهەوێ مارگریت لە وەڕسیی بێبنی مردووبوون ڕزگار بکا.

گۆڕکەنەکان دەست بە کاری خۆیان دەکەن. پاچێک بەر خاچی سەر تابووتەکە دەکەوێ. تابووتەکە بە هێواشی دەهێننە دەر، گڵە بۆشەکە دەڕووخێتەوە ناوێ. تەختەی تابووتەکە جیڕەیەکی بەسامی لێوە دێ، گۆڕکەنەکان تابووتەکە بە دژواری دەکەنەوە. بە شێی زەوی لاولاوەکانی ژەنگیان هەڵهێناوە.

دواجار سەری تابووتەکە هەڵدەگرن. هەموویان دەست بە لووتیانەوە دەگرن، هەموویان، بێجگە لە ئارمان، دەکشێنەوە.

کفنێکی سپی تێوەرپێچراوە و بەرجەستەییەکانی دیارن، سەرێکی کفنەکە جووراوە و لاقی مردووەکە بە کونێکدا هاتووەتە دەر. ئارمان ئەمر دەکا کفنەکە بدڕێنن. یەکێک لە گۆڕکەنەکان خێرا دەموچاوی مارگریت ڕووت دەکاتەوە.

چاوەکانی هیچ نین بێجگە لە دوو قوڵکە. لێوەکان ئاسەواریان نەماوە. ددانەکان سپی دەچن، ڕووت، دە سیڕەوە چوو. کەزیە درێژەکانی، وشکهەڵاتوو، بە لاجانگیەوە نووساو، بەشێک لە قووڵایی سەوزباوی گۆناکانی دادەپۆشن.

ئارمان چۆک دادەدا، دەستی ئێسکنی مارگریت دەگرێ و ماچی دەکا.

چیرۆکەکە ئالێرەوە دەست پێدەکا: چیرۆکێک کە مردن دەستپێکەریەتی و تەنیا لە مەرگدا دەکاتە کەماڵی خۆی. چیرۆکەکە کردەوەی ئارەزووی ئارمانە بۆ دۆزینەوەی بابەتی ئارەزوو: جەستەی مارگریت. بەڵام لەوێوە کە هیچ ئارەزوویەک مەعسوومانە نییە ـ چونکە ئێمە نەک هەر ئارەزوومان هەیە، بەڵکو حەزمان لێیە پاش ئەوەی بەو ئارەزووەکەشمان گەیشتین، بیگۆڕین ـ ئارمان

دوڤال جەستەی مارگریت گوتیێ دەستدەخا بۆ ئەوەی بیکا بە ئەدەب، بە کتێب، بە دووەم کەسی تاک، تۆ کە لە ئاورادا بناغەی ئارەزوویە.

تۆ: وشەیەک کە هی منە، کاتێک کە وەک تارمایی لە هەموو ڕەهەندەکانی کات و شوێندا، تەنانەت لەودیو مەرگیشەوە، دەجوولێ.

"ڕوخسار و چاوە ئاوەڵاکانت لە قژی زیوینی کۆنسوئێلۆدا نوقم دەکەی و جارێکی دی باوەشی پێدا دەکەیەوە، کاتێک هەورەکان مانگ داپۆشن، کاتێک هەردووکتان دووبارە بشاردرێنەوە، ئەوکاتەی بیرەوەریی لاوێتی، لاوێتییەک کە گیانی وەبەر هاتبێتەوە، بەسەر تاریکیدا زاڵ دەبێ."

"ئەو دەگەڕێتەوە، فلیپێ. ئێمە پێکەوە دەیگێڕینەوە. با من هێزم بێتەوە بەر، دەیگەڕێنمەوە."

فلیپێ مۆنترۆ، دیارە، تۆ نییە. تۆ، تۆی. فلیپێ مۆنترۆ هەمان نووسەری *Tarra Nostra* [٥٥]یە.

دەقی ئیسپانیایی ***ئاورا*** ساڵی ١٩٦٢ بڵاو کردەوە. ئەو کچەش کە من، بە منداڵی، لە مەکزیک بینیبووم و جارێکی تر، دووبارە خوڵقاوەی ڕووناکیی پاریس، لە بیست ساڵیدا چاوم پێی کەوت، بە دەستی خۆی مرد، دوو ساڵ لەمەوبەر، لە مەکزیکۆسیتی، لە چل ساڵیدا.

١٩٨٣

---

٥٥- یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی فۆئێنتس.

# وێستگەکانی ژیانی کارلۆس فۆئێنتس

١٩٢٨ کارلۆس فۆئێنتس لە ١١ی نۆڤامبەردا لە پاناماسیتی لە دایک بووە. دایکی بێرتا ماسیاس ڕیواس و باوکی دکتۆر ڕافائێل فۆئێنتس بوئێ-تیگێر، دیپلۆمات و باڵیۆزی مەکزیک بووە لە هۆڵەندا، پاناما، پرتوگال و ئیتالیا.

١٩٣٢–١٩٣٨ قۆناغی سەرەتایی لە واشنگتۆن دی.سی.

١٩٣٩–١٩٤٤ قۆناغی دواناوەندی لە سانتیاگۆ، شیلی و بۆینس ئایرێس.

١٩٤٤–١٠٤٩ ئامادەیی و کۆلێژ لە مەکزیکۆسیتی، بە دەستهێنانی بڕوانامەی یاسا لە زانکۆی نیشتمانی مەکزیکۆ.

١٩٤٩–١٩٥٠ خوێندنی پیشەیی خۆی لە ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی بەرزی ژنێف تەواو دەکا.

١٩٥٠–١٩٥١ سکرتێری لیژنەی نوێنەرایەتیی مەکزیک لە کۆمیسیۆنی مافە نێونەتەوەییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەندامی لیژنەی نوێنەرایەتی مەکزیک لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار لە ژنێف.

١٩٥٣–١٩٥٦ جێگری بەشی فەرهەنگی زانکۆی نیشتمانیی مەکزیک.

١٩٥٤ بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەچیرۆکی *Los Dias enmascarados*، چالاکیی ئەدەبیی خۆی دەست پێدەکا.

١٩٥٥ بڵاڤۆکی ئەدەبیی *Revista Mezxicana de Literatura* بە هاوکاریی ئۆکتاڤیوپاز و نووسەرە ناودارەکانی دیکەی مەکزیک و ئەوروپا دەردەکا.

١٩٥٦-١٩٥٩ دەبێ بە بەڕێوەبەری پەیوەندییە فەرهەنگییە نێونەتەوەییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی مەکزیک.

١٩٥٨ یەکەم چیرۆکی درێژی بە ناوی *region mas transparent* ناوبانگ و پێگەیەکی زۆری بۆ بە دیاری دەهێنێ.

١٩٥٩ چیرۆکی دڵنیا[٥٦]، زەماوەند لەگەڵ ئەکتەری مەکزیکی ڕیتا ماسدۆ.

١٩٥٩-١٩٦٢ بڵاڤۆکی *El Espectador*دادەمەزرێنێ و خۆی پێداچوونەوەی بۆ دەکا. هەموو کاتی بۆ ئەدەب تەرخان دەکا.

١٩٦٠ کتێبی *Were the Air is clear* وەردەگێڕدرێتە سەر ئینگلیزی و بڵاو دەبێتەوە.

١٩٦٢ بڵاوبوونەوەی چیرۆکی **مەرگی ئارتیمۆ کروز**[٥٧] و **ئاورا**، لە دایکبوونی سیسیلیای کچی.

١٩٦٤ کۆمەڵە چیرۆکی *Cantar de Ciegos*.

١٩٦٧ چیرۆکی *Zonea sagrada* و *Cambio de piael*[٥٨]. دووەم چیرۆک خەڵاتی کتێبخانەی بریێ لە بارسلۆنای بردووەتەوە.

١٩٦٨ ڕاپۆرتی ڕووداوەکانی ١٩٦٨: ***Paris: La ervolucion de mayo***.

١٩٦٩ چیرۆکی ***Compleanos***.

١٩٧٠ یەکەم شانۆنامەی، *El tuertes rey* لە فێستیڤاڵی بێتهۆڤن دەبرێتە سەر شانۆ، کۆمەڵە وتاری ***La novaela novaela hispanomericoana***.

١٩٧١ کۆمەڵە وتارێک لە بارەی ئاستین، ملویل، فاکنەر، بۆنوئێل، ژێنێ و کەسانی تر بە ناوی *Casa con dos purtas*، شانۆنامەی *Todos lis gatos son Perdos*

---

٥٦- ئەم کتێبە بە ناوی "آسودە خاتر" لە لایەن **محمد امین لاهیجی**یەوە کراوەتە فارسی و بڵاوبووەتەوە.

٥٧- ئەم کتێبە بە ناوی "مرگ آرتیمو کروز" لە لایەن **مهدی سحابی**یەوە کراوەتە فارسی و بڵاوبووەتەوە.

٥٨- بە ناونیشانی "پوست انداختن" (توێژفڕێ دان)، لە لایەن **عبدالله کوثری**یەوە کراوەتە فارسی و بڵاوبووەتەوە.

١٩٧٢ كۆمەڵە وتاری سیاسی *Tiempo mexicana*، دەبێ بە ئەندامی یەکجارەکیی کۆلیژی نیشتمانیی مەکزیکۆ.

١٩٧٣ لەتەک ڕۆژنامەنووسی مەکزیکی سیلۆیا لۆمس زەماوەند دەکا، کوڕی کارلۆس لە دایک دەبێ.

١٩٧٤ دەبێتە ئەندامی سەنتەری نێونەتەوەیی ڤۆدرۆ ویڵسن بۆ توێژینەوە لە واشتینگتۆن، ناتاشای کچی لەدایک دەبێ.

١٩٧٤- ١٩٧٧ دەبێتە باڵیۆزی مەکزیک لە فەڕەنسا.

١٩٧٥ چیرۆکی *Terra Nostra*، خەڵاتی خاڤیەر ڤیائۆروتیا ( Xavier Villaurrutia) لە مەکزیک وەردەگرێ.

١٩٧٥-١٩٧٦ سەرپەرشتیاری لیژنەی نوێنەرایەتیی مەکزیک لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی هاوکاریی ئابووری (گفتوگۆکانی باکوور- باشوور).

١٩٧٧ خەڵاتی ڕۆمولۆ گایەگۆس (Romulo Gallegos)ی ڤێنزوئیللا بۆ *Terra Nostra*.

١٩٧٧-١٩٨٢ مامۆستای میوان لە زانکۆی جۆراوجۆر، بۆوێنە پێنسیلوانیا کۆلۆمبیا، کەمبریج، پرینستۆن و هاروارد.

١٩٧٨ چیرۆکی *La Cabeza de la hydra*[٥٩].

١٩٧٩ وەرگرتنی خەڵاتی ئالفۆنسۆ ڕەیس (Alfonso Reyes)ی مەکزیک بۆ سەرجەمی بەرهەمەکانی.

١٩٨٠ لە وتووێژی تەلەڤزیۆنیدا لەگەڵ بیل مویرز لە تەلەڤزیۆنی وڵاتە یەکگرتووەکان دەردەکەوێ.

١٩٨١ چیرۆکی خزمە دوورەکان*(Une familia Lejana)*[٦٠].

١٩٨٢ شانۆنامەی *Orquideas ala luz de la luna*، یەکەم پێشکەش کردنی لە کەمبریج، ماسوچۆست. کارلۆس فۆئێنتس لە لایەن کتێبخانەی گشتیی نیۆیۆرکەوە، وەک کەسایەتیی هێژای ئەدەبی دەناسرێ.

---

٥٩- بە ناونیشانی **سرهیدرا**، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

٦٠- بە ناونیشانی **خویشاوندان دور**، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

١٩٨٣   وەک میوانی هێژا لە نۆهەمین کۆنفرانسی پاتربو[٦١] لە زانکۆی ئۆکلاهومادا بەشدار دەبێ. وتاربێژی میوان لە زانکۆکانی هاروارد، واشینگتۆن(سێنت لویس) و زانکۆی یوتا.

١٩٨٥   چیرۆکی گرینگۆی پیر *The Old Gringo*[٦٢] .

١٩٨٧   *Christopher Unborn.*

١٩٨٨   *Myself with Others*[٦٣] .

١٩٨٩   *Constsncia and Other Stories for Virigins.*

١٩٩٠   *The Campaign.*

١٩٩٢   *The buried Mirror.*

١٩٩٤   *The orange Tree.*

١٩٩٥   *Diana.*

١٩٩٧   *The Crystal Frontuer* و *A New Time For Mexico.*

١٩٩٩   *The Years With Laura Diaz*[٦٤] .

---

61- Puterbaugh conference

٦٢- بە ناونیشانی **گرینگوی پیر**، لە لایەن **عبدالله کوثری**یەوە کراوەتە فارسی و بڵاوکراوەتەوە.

٦٣- بە ناونیشانی **از چشم فوئنتس**، لە لایەن **عبدالله کوثری**یەوە کراوەتە فارسی و بڵاوکراوەتەوە.

٦٤- بە ناونیشانی **سالهایی با لائورا دیاز** وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.